ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی وسه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فته‌نه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● دابه‌ش کردنی ٤٨٠ پارچه زه‌وی به‌سه‌ر سوپاییه‌کاندا ل ٢ ٠
● دووه‌م کۆڕی ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی ل ٨ ٠

● سێ‌شه‌مه‌ ٢٣/١٢/١٩٨٢ ژماره ٦٦٧ ● ٨ لاپه‌ڕه ● به ٥٠ فلسه ● الخمس ٢٣/١٢/١٩٨٢ العدد ٦٦٧

سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌له‌باری ژیانی هاوولاتیان ده‌پرسێته‌وه

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌صدام حسین پێری سه‌ری‌له قه‌زای بلدو ناحیه‌ی دجیل‌ی سه‌ر به پارێزگای صلاح‌الدین‌دا ٠

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌له سه‌ره‌تای گه‌شته‌که‌یدا بۆ قه‌زای بلد زیاره‌تی ئاماژه‌یی ئیمام السید محمد بن‌علی الهادی سه‌دری کرد و له‌ خوای گه‌وره‌و میهره‌بان خواست که گه‌له‌که‌مان و نه‌ته‌وه‌که‌مان سه‌رخات به‌سه‌ر دوژمنانی ئیسلامدا ٠

به‌ڕێزی له‌کاتی سه‌ردانه‌که‌یدا بۆ قائمقامیه‌تی قه‌زاکه گوێ بۆ بیتداویسته‌کانی قه‌زاکه‌و هاوولاتیان‌و خزمه‌تگوزاری شاره‌وانی گرت‌و قائمقامیش باسی ئه‌و پرۆژانه‌ی بۆ کرد که له‌وێ جێ‌به‌جێ ده‌کرێن ٠

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین سڵاوی له‌و جه‌ماوه‌ره کرد که له‌به‌ردم باره‌گای قه‌زاکه بۆ پێشوازی به‌ڕێزی وه‌ستابوون‌و شانازیان ده‌رده‌بڕی به سه‌رکردایه‌تی سه‌ره‌کی به‌ڕێزی‌و ئاماده‌ی خۆیان نیشاندا که هه‌میشه سه‌ربازی به‌وه‌فای پاراستنی شۆڕشی بن‌و به‌رگری له‌ده‌ستکه‌وته گه‌وره‌کانی بکه‌ن ٠

هه‌روه‌ها سه‌ره‌کی فه‌رمانده له سه‌ره‌تای سه‌ره‌دانه‌که‌یدا بۆ ناحیه‌ی دجیل سه‌ری‌دا له قوتابخانه‌ی ئاماده‌یی ده‌جیلی کچان‌و مامۆستاکان که‌وت‌و سه‌رنجی باری زانیاری‌و چۆنیه‌تی خوێندنی له قوتابخانه‌که‌داو هه‌روه‌ها مدیری ناحیه‌که پیویسته‌کانی شاره‌که‌ی به‌ر چاوی سه‌ره‌کی فه‌رمانده خست ٠

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین سڵاوی له‌و جه‌ماوه‌ره فراوانه‌ی ناحیه‌که کرد که هه‌موو هاتبوون بۆ پێشوازی به‌ڕێزی‌و له هاواره‌کانیاندا به‌ڵێنیان بۆ به‌ڕێزی دووپات ده‌کرده‌وه که سه‌ربازی به‌وه‌فای گه‌ل‌و نه‌ته‌وه بن‌و به‌رگری له سه‌ربه‌رزی‌و سه‌ربه‌ستی‌و ئابروی بکه‌ن ٠ دیسان به‌ڕێزی له گه‌شته‌که‌یدا سه‌ری له‌خێزانێکی ناحیه‌که‌داو پرسیاری باری ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ته‌ندروستی کردن ٠

له‌م هه‌فته‌یه‌دا

تێک شکاندنی چوار نیشانه‌ی ده‌ریایی دوژمن و زیان پێ‌گه‌یاندنی گه‌وره‌تر به ئه‌نجامه‌کانی له به‌ره‌کانی جه‌نگدا

هه‌موو ڕۆژی که به‌سه‌رنه‌و شه‌ڕه‌دا ڕاده‌بوورێ که کاربه‌ده‌سته ره‌گه‌زپه‌رسته چاوچنۆکه‌کانی ئێران سه‌پاندیان به‌سه‌ر وڵاته کماندا ، هه‌موو ڕۆژێ که ڕاده‌بووری ، عیراقیه مه‌رده‌کان دووپاتی ده‌که‌نه‌وه ، که له‌وه به‌هێزترو به‌تواناترن دوژمنێکی نه‌فامی وه‌ك خومه‌ینی خه‌ونه چه‌پله‌کانی بتوانن زیانی پی‌بگه‌یه‌نن ٠

له ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌ی ڕابووردوودا وه‌ك هه‌موو هه‌فته‌کانی تر ، هێزه دلێره‌کانمان سه‌رومری هه‌ڵویست‌و به تونده‌ی وه‌ستان بوون به رووی هه‌ر جموجوڵێکی دوژمندا که به نیه‌تی هێنانه دی ئاواته نارموا کانی کردبێتی‌و له ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا چه‌ندان دوژمنی بینی‌و هێزه ده‌ریاییه ئازاکانمان مه‌ردانه ئاگر بارانی کردن‌و له ئه‌نجامدا چوار نیشانه‌ی ده‌ریایی دوژمن تێك شکا ٠

ئه‌مه‌و به‌پێی ئه‌و به‌یاننامانه‌ی که له سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌وه له سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزه چه‌کداره‌کانه‌وه ده‌رچووه ، له به‌یاننامه‌ی ژماره ٩٣٥وه هه‌تا ٩٤١ زیانی دوژمن به سه‌دان کوژراو برینداربووه سه‌ره‌ڕای تێك شکاندنی به‌شێکی زۆری ئالیاتی دوژمن ٠

دەستی مه‌ردانه‌مان له بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن‌وه شاندوه‌و زه‌ره‌رو زیانی سه‌روومالی زۆرمان پێ‌گه‌یاندووون ٠

له به‌یاننامه‌ی ژماره ٩٣٨ ڕاگه‌یه‌نرا که له ناوچه‌ی خور موسی سه‌رووی ڕۆژهه‌ڵاتی خه‌لیجی عه‌ره‌بی هێزه‌کانمان چه‌ند نیشانه‌یکی ده‌ریایی مه‌دنی وجه‌نگی دوژمن‌یان تێك شکاندووه‌و ئاگریان تێبه‌ر دراوه‌و له‌ ئه‌نجامدا ئاگر که‌وتووه‌ته‌ ناو ئه‌و بنکه‌ و مۆڵگانه‌وه‌ ده‌ستی هێزی ده‌ریایی ئه‌ڵبه‌ت ئه‌وه‌ش ده‌ڵێین که‌ ئه‌و هێزه‌ ده‌ریاییه‌ ئازایانه‌ له‌ ئه‌نجامی ئه‌و ده‌ستکه‌وته‌ گه‌وره‌یه‌دا ده‌ستیان به‌ سه‌ر ده‌ستگای ڕادیۆی دوژمن‌دا گرت‌و ئه‌و ده‌ستگایه‌ی له‌ ژێر ده‌سته‌ڵاتی دوژمن‌دا بوو ته‌قاندیان‌و له‌ ئه‌نجامدا ئاگر که‌وتووه‌ته‌ ناو ئه‌و بنکه‌ و مۆڵگانه‌وه‌ ده‌ستی هێزی ده‌ریایی ئه‌ڵبه‌ت ئه‌وه‌ش ده‌ڵێین که‌ ئه‌و هێزه‌ ده‌ریاییه‌ ئازایانه‌ له‌ ئه‌نجامی ئه‌و ده‌ستکه‌وته‌ گه‌وره‌یه‌دا ده‌ستیان به‌ سه‌ر ده‌ستگای ڕادیۆی دوژمن‌دا گرت‌و ئه‌و ده‌ستگایه‌ی له‌ ژێر ده‌سته‌ڵاتی دوژمن‌دا بوو ته‌قاندیان‌و له‌ ئه‌نجامدا ئاگر که‌وتووه‌ته‌ ناو ئه‌و بنکه‌ و مۆڵگانه‌وه‌ ده‌ستی هێزی ده‌ریایی

ڕۆژ به‌ ڕۆژ هێزه‌ مه‌رده‌کانی عیراق بۆ جیهانی ده‌سه‌ڵێنن ، که‌ به‌ هێزی ـو خۆراگرتن‌و پاڵه‌وانیان، نایه‌ڵن زه‌ره‌یه‌ك له‌ خاکی عیراقی سه‌ربه‌رز توشی نوشستی ببێ‌و نایه‌ڵن خه‌ونه‌ به‌یه‌که‌کانی خومه‌ینی جادووگه‌ری چه‌په‌ڵ بێته‌دی‌و ئه‌و ڕۆژه‌ی بۆ مه‌تامه‌تایه‌ ئه‌و تاقمه جادووگه‌ره‌و خه‌ونه‌کانیان له گۆڕی نه‌فره‌تی ئه‌به‌دی ده‌نرێن نزیکه‌و عیراق هه‌ر له لونکه‌ی سه‌ربه‌رزیدا ده‌گه‌شێته‌وه ٠

ڕۆژنامه نووسه‌کانی ترکیا ڕێزی هه‌ولی ئاشتیخوازانه‌ی عیراق ده‌گرن

کۆمه‌ڵه‌ی ڕۆژنامه نووسه‌کانی تورکیا ده‌ستی ڕێزیان ناوه له هه‌وڵ‌و ته‌قه‌للای ئاشتی خوازانه‌ی عیراق بۆ دوایی‌هێنیان به‌شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئێران ، نریه دیمیر سه‌ره‌کی نه‌و کۆمه‌ڵه دووپاتی کرده‌وه که ڕۆژنامه نووسه تورکه‌کان به‌چاوی خۆشه‌ویستی ده‌ڕوانن عیراق‌و پێنوسه‌کانیان له‌گه‌ڵیاندایه ٠ ئه‌مه‌ش له‌و جاوپێکه‌وتنه‌دا بووه که له ئێوان باڵوێزی عیراق له تورکیاو ده‌سته‌ی به‌ڕیوه‌به‌ری کۆمه‌ڵی ناوبراودا کراوه ٠

وزیری نه‌وت: ئێمه‌ دژی ئه‌وه‌ین له پێویستی بازاڕ زیاتر نه‌وت بنێرینه بازار ٠٠

فیه‌ننا : نادع : به‌ڕێز قاسم احمد تقی وزیری نه‌وت باڵاوی‌کرده‌وه که وڵاته ئه‌ندامه‌کان ڕێککه‌وتوون :له‌سه‌ر به‌رزکردنه‌وه‌ی ڕاده‌ی به‌رهه‌مهێنانی نه‌وت له (١٧) ملیۆن‌و نیو به‌رمیله‌وه بۆ (١٨) ملیۆن به‌رمێل له ڕۆژێکدا ٠

به‌ڕێز وه‌زیری نه‌وت به‌ به‌ڵامنێری ئاژانسی ده‌نگوباسی عیراقی گه‌یاند له فیه‌ننا که وا پاش ئه‌م ڕێکه‌وتنه هێشتا ئه‌وه ماوه له‌سه‌ر به‌شی به‌رهه‌مهێنان ڕێککه‌ون به پێی ئه‌م ڕاده تازه‌یه‌و هیوایش وایه ئه‌مه بکرێ ٠

وه‌زیری به‌ڕێز باڵاوی‌کرده‌وه که وا عیراق هه‌میشه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دایه که ڕاده‌یه‌کی باڵای وا دانه‌نرێ که ڕێکه‌ی ئه‌وه بدا له پێویستی ڕاستی بازاڕ نه‌وتی زیاتر بنێرێته بازاڕه‌وه‌و ئه‌مه ببێته هۆی ئه‌وه‌ی هه‌ندێ وڵاتی ئه‌ندام له خۆیانه‌وه دژی بڕیاره‌کانی ئۆپێك نرخی که‌متر داوابکه‌ن وه‌ك چۆن ئیستا هه‌ندێ ده‌وڵه‌ت ده‌یکا ٠

ئه‌نجا وتی عیراق پشتی ئه‌وه ده‌گرێ که (١٨) ملیۆن به‌رمیل بکرێ به ڕاده‌ی باڵای به‌رهه‌مهێنان له ڕۆژێکداو ئه‌گه‌ر به گوێی ئه‌م ڕاده‌یه بکرێ بازاڕ باش‌ده‌بێ‌و نرخیش سه‌قامگیر ده‌بێ هه‌رچه‌نده وادەرده‌که‌وێ که ئه‌م ڕاده‌یه که‌متربێ له پێویستی ڕاسته‌قینه‌ی سێ مانگی داهاتوو ٠

وه‌زیری نه‌وت دووپاتی کرده‌وه که ئه‌گه‌ر وڵاته ئه‌ندامه‌کان قایل‌بن به‌و به‌شه‌ی که له‌م چوارچێوه‌یه‌دا بۆیان داده‌نرێ تا کۆتایی ساڵی داهاتوو وا چاوه‌ڕێ ده‌کا ڕێکخراوه‌ی ئۆپێك به‌سه‌ر ئه‌و گیروگرفته‌یدا ژاڵ‌بێ که ئیستا تیایا ده‌ژی ٠

له‌باره‌ی ئه‌و نرخه ڕه‌سمی‌یه‌شه‌وه که ڕێکخراوه بڕیاری له‌سه‌ر داوه وه‌زیری نه‌وت وتی زۆربه‌ی ده‌وڵه‌ته ئه‌ندامه‌کان پشتگیری په‌یڕه‌وی ـکردنی ئه‌م نرخه ڕه‌سمی‌یه‌ی ئیستان که (٣٤) دۆلاره ٠

هه‌روه‌ها وتی ئه‌و هه‌نده ده‌وڵه‌ته ئه‌ندامه‌ی که ئیستا سه‌روخوار ده‌که‌ن به نرخی بڕیاردراو ناکه‌ن‌و داوای ئه‌وه ده‌که‌ن ڕاده‌یه‌کی باڵایان بۆ به‌رهه‌مهێنان بۆ ئه‌وه‌ی نه‌وتێکی زۆر بخه‌نه بازاڕه‌وه به نرخێکی که‌مکراوه‌وه ٠

له کۆتایی قسه‌که‌یا وه‌زیری نه‌وت وتی خاڵی سه‌ره‌کی ناکۆکی له‌ناو کۆنگره‌که‌دا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سووربوونی هه‌ندێ ده‌وڵه‌تی ئه‌ندام له‌سه‌ر داواکردنی به‌شی به‌رز له به‌رهه‌مهێنانا به تایبه‌تی ئێران‌و لیبیا بۆ ئه‌وه‌ی کرده‌وه ناله‌باره‌که‌ی ئیستایان به‌رامبه‌ر به ڕێکخراوه به دروست بزانرێ چونکه له ڕاستیدا ئه‌وان له به‌شی خۆیان زیاتر ت ئه‌هێننه به‌رهه‌م ٠

ڕووداوه‌کانی ڕۆژانی ڕابووردوو

● **سه‌ره‌کی تورکیا کنعان ئیفرین به سه‌ردانێکی چوار ڕۆژی بۆ کوریای خواروو گه‌یشتۆته شاری سیئول ٠**

● **زهاو زیانگه سه‌ره‌ك وه‌زیران چین به‌ره‌و قاهره ڕۆشتوه له سه‌ره‌تای گه‌شته‌که‌ی که یانگه‌زه وڵاتی ئه‌فه‌ریقایی ده‌گرێته‌وه ٠**

● **سوپای نهینی کۆماری ئرلنده به‌ر پرسیاری خۆی ئاشکرا کردوه له کوشتنی سه‌ربازیکی به‌ریتانی له ئرلنده‌ی باکوور ٠**

● **ژماره له ناو چوه‌کان به نه‌خۆشی کولیراله به لگلادشی گه‌یشتۆته ٦٩٥ که‌س٠ به‌ڵام سه‌رچاوه‌یه‌ك ڕای‌گه‌یانه ژماره‌که له‌وه زۆرتره ٠**

● **سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگادار له له‌ندن ڕای‌گه‌یاند که له‌وانه‌یه به‌مزوانه هێزی به‌ریتانیا له هێزه تێکه‌له‌کاندا له لوبنان به‌شداری بکات ٠**

بڕیاری له نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتوه‌کان ده‌رباره‌ی مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستین

کۆمه‌ڵه‌ی گشتی نه‌ته‌وه یه‌کگرتوه‌کان بڕیارێکی داوه به‌وپێیه سه‌ر له‌نوێ دووپاتی کرده‌وه که پێویسته مافی ره‌واو دیاری گه‌ڵی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستینی بدرێ به مافی بڕیاردانی چاره نووسیه‌وه بۆ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێ له‌سه‌ر خاکه‌که‌ی ٠

هه‌روه‌ها دوای له « ئیسرائیل » کرده‌وه که بێ مه‌رج له فه‌له‌ستین‌و هه‌موو زه‌وی وزاره داگیرکراوه‌کان به‌شاری قدس‌ه‌وه بکشێته‌وه‌و ٢٣ ده‌وڵه‌ت به عیراقه‌وه پشتیوانی ئه‌م بڕیاره‌یان کردو ١٩ ده‌وڵه‌ت ده‌نگیان نه‌داو ئه‌مه‌ریکا دژی وه‌ستا ٠

له عالیه دۆخی لوبنان ئاڵۆز ده‌بێ
واشنتۆن باسی ناردنی هێزی تر ده‌کات ٠

بێروت ـ٢٠ـ ئاژانسه‌کان: له ناوچه‌ی شوفی لوبنان له شاری عالیه سه‌رله‌نوێ ئاڵۆزی په‌یدابۆته‌وه ٠٠ له ئێوان میلیشیاکانی پارتی پێشکه‌وتن‌خوازی سۆشیالیستی‌و که‌تائیب‌کاندا نوێنی پێکدادانێکی بووه هه‌موو چه‌شنی چه‌کیان تێدا به‌کارهێناوه ٠

ته‌له‌فزیۆنی لوبنان که ئه‌م هه‌واله‌ی باڵاوکرده‌وه وتی دۆخی شاره‌که که هێزه داگیرکارانی زایۆنی داگیریان کردووه دوێنێ ئاڵۆز بووه‌و هێزه داگیرکاره‌کان هاتووچۆی ئێوان بیروت‌و دیمه‌شقیان ڕاگرتووه ٠

له لایه‌کی تره‌وه دوێنێ شه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که ناوه ناوه ته‌قه بووه شاری ته‌رابلس ئارامێکی به خۆیه‌وه دیوه ٠

له واشنتۆنیش وه‌زیری به‌رگری ئه‌مه‌ریکا کاسبار واینبرگر له چاوپێکه‌وتنێکدا له وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا باڵاوکراوه‌ته‌وه وتوویه‌تی ناچاردەبێ کاتێ که هێزه‌کانی بێگانه له‌لوبنان ده‌کشینه‌وه هێزی تری ئه‌مه‌ریکا بنێرێته لوبنان ٠

هه‌روه‌ها به ڕۆژنامه‌ی (واشنتۆن تایمز)ی ڕاگه‌یاندووه هه‌رچی له ده‌وڵه‌تدا هه‌یه هه‌موو گیروگرفته‌کانی زۆرکردنی هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکاو درێژه‌پێدانی مانه‌وه‌یانیان له لوبنادا بۆ ده‌رکه‌وتووه ٠

وتوویه‌تی که به که‌تیبه‌یه‌ك پیاده‌ی ئه‌ستۆڵ به‌شداریمان کردووه‌و که هێزه‌کانی بێگانه که‌وتنه کشانه‌وه پێویسته که هێزی تربنێرین ٠

کوشتنی دوو کاربه‌ده‌ستی خومه‌ینی‌و گرتنی ٢٥ ئافره‌تی ئێران به‌پێ‌هو

تاران ـ٢٠ـ ئاژانسه‌کان : دوو کاربه‌ده‌ستی ڕژێمی ئێران کوژراون‌و سێ‌یه‌میان بریندارەو له سه‌رمه‌رگدایه ٠

ڕێکخراوی (مجاهدی خلق)ی به‌رهه‌ڵستکاری ڕژێمی ئێران وتی له ئۆتۆمبێلێکدا که ئه‌م سێ کاربه‌ده‌سته‌ی به‌ره‌و شاری ره‌شت بردووه له لایه‌ن سه‌نگه‌ڕێکی ڕێکخراوی ناوبراوه‌وه به‌ر گوللە دراون ٠

کۆمه‌ڵه‌ی به‌رگری کاری مافی ئافره‌تان له ده‌ره‌وه‌ی ئێران له پاریس ده‌ری‌خست که ڕژێمی خومه‌ینی له‌م دواییه‌دا (٢٤) ئافره‌تی بێ‌تاوانی گرتووه ٠

به‌یاننامه‌ی کومه‌ڵه‌ی ناوبراوی به‌رهه‌ڵستکاری ڕژێمی ئێران له پاریس ده‌رچووه وتوویه به هۆی ئه‌و هه‌واڵانه‌ی له که‌س‌وکاری ئه‌م ئافروتانه‌وه دوای ئه‌وه‌ی به‌ندیخانه‌کانی خومه‌ینی گه‌ڕاون نه‌یاندیونه ـته‌وه که گه‌یشتونه‌ته ژماره‌یه‌ك له‌م ئافره‌تانه بێ‌سه‌روشوێنن ٠

به‌یاننامه‌که به‌نجه‌ی بۆ ئه‌وه ڕاکێشاوه که ئه‌و ژنانه‌ی ته‌وا هیچ تاوانێکیان نیه له لایه‌ن که‌سانێکه‌وه گیراون که نه مرۆڤایه‌تی‌و نه یاسا ده‌زانن‌و سه‌ر به ڕژێمه قه‌لاچۆکارو خۆسه‌پاوه‌که‌ی ڕژێمی ئێرانن٠

ئافره‌ته‌کانیش ئه‌مانه‌ن (جمیله حسن زاده‌و شاهناز نیاشی‌و صدیقه قیصری‌و مهدی برزغر زاده‌و مرضیه جعفری‌و سودایا یعقوب نجادو سهیله یعقوب نجادو روحیه مسمعاتی‌و مهران درخت محمد فیه‌و شمس تاجی‌و خورتاج سعدات‌و مزنیه بطائی‌و عزناز احمدی‌و معصومی صداقات‌و ابرا زغام‌و بار تیشهرا ساره‌و اشراف بطائی‌و شهناز عبو لی‌و قیدارو شاهنازی وابرا دوخت‌تیله افشاو فریده زکی خانی‌و عزاوافعی‌و گولنار روحانی‌و جالی فدائی) ٠

هه‌واڵی تازه له‌باره‌ی یارمه‌تیدانی ئه‌مه‌ریکاوه بۆ ڕژێمی ئێران

● باره چه‌کی نهینی له واشه‌نتۆنه‌وه بۆ تاران
● ڕایۆرتێکی جیهانی ده‌ڵێ : ئێران گره‌وی ده‌مکوتکردنی ڕۆژنامه‌گه‌ری برده‌وه

بۆن : په‌یامی تایبه‌تی : جارێکی تر ابو الحسن بنی‌صدر دووپاتی کرده‌وه که‌ وڵاته یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مه‌ریکا یارمه‌تی ڕژێمی خومه‌ینی ده‌داتو به شێوه‌یه‌کی نهێنی چه‌کی بۆ ده‌نێرێ ٠

له‌و گفتوگۆیه‌یدا که له ڕۆژنامه‌ی « سود دۆیچه تسایتونگ »دا باڵاوکرایه‌وه بنی‌صدر وتی یارمه‌تیدانی وڵاته یه‌کگرتوه‌کان‌و ڕۆژاوا بۆ ڕژێمی خومه‌ینی له هه‌ڵوێستو قسه‌کانیان به ته‌واوی ئاشکراو دیاره‌و هه‌ندێ له‌م هه‌ڵوێستانه بڕێتین له‌و پێوه‌ندی‌یانه‌ی که ئیستا له نێوان ڕژێمی خومه‌ینی‌و وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیادا ده‌کرێ ٠

بنی‌صدر سه‌رزه‌نشتی ئیستگه‌ی بی ٠ بی ٠ سی به‌ریتانیای کرد چونکه هه‌وڵی ده‌مکوتکردنی ده‌نگی ره‌خنه‌گرانی ڕژێمی خومه‌ینی ده‌دا ٠ ئه‌نجا وتی ڕۆژاوا یه‌کم ئاوانباری ته‌مه‌ن‌درێژی دواکه‌وتووی ئێرانه ٠

ڕۆژنامه‌که ئه‌وه‌یشی گێڕایه‌وه که یه‌کێ له یارمه‌تیده‌ره پێشوه‌کانی خومه‌ینی زۆر به توندی ڕه‌خنه‌ی له ڕاگه‌یاندنی ڕۆژاوا کردوه له‌به‌ر ئه‌و په‌رده تاریکه‌ی که ده‌بدا به‌سه‌ر ئێرانی‌یه هه‌ڵاتووه‌کانا له دۆزه‌خی خومه‌ینی‌و وتی هیچ شتێکی وا له‌باره‌ی ڕووداوه گرنگه‌کانی ناو ئێران‌و ئه‌و به‌یاننامانه باڵاوناکرێته‌وه که به‌رهه‌ڵستیکه‌ره ئێرانی‌یه‌کان له ده‌ره‌وه باڵاویان ده‌که‌نه‌وه ٠

له لایه‌کی تریشه‌وه ڕۆژنامه‌ی هاندلس بلات که له ئه‌ڵمانیای ڕۆژاوا ده‌رده‌چێ چه‌ند پارچه‌یه‌کی له ڕاپۆرتی ساڵانه‌ی ده‌زگای ڕۆژنامه‌گه‌ری جیهانی باڵاوکرده‌وه که له ئه‌نده‌نداییه له باره‌ی سه‌ربه‌ستی ڕۆژنامه‌گه‌ری‌و چاپه‌مه‌نی‌و مافی قسه‌کردنه‌وه له جیهانداو تیایا وتی ئێران گره‌وی شه‌ته‌که‌دانی سه‌ربه‌ستی ڕۆژنامه‌گه‌ری برده‌وه‌ته‌وه له ساڵی ١٩٨٢دا٠ ئه‌نجا ڕۆژنامه‌که وتی

بڕوانه ل : ٢

Institut kurde de Paris

له جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا :

پارێزگای دهوك ٤٨٠ پارچە زەوی بەسەرسوپایی بەکاندا دابەش دەکاو ٤٠٠ پارچە تریش بۆ دابەش کردن ئامادەکا ٠

بەپێی فەرمانی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەبارەی دابەشکردنی زەوییەوە بەسەر سوپاییەکانا ، پارێزگایی دهوك لە هەمووی پارێزگاکەدا (٤٨٠) پارچە زەوی بەسەریانا دابەش کرد ٠

هەروەها پارێزگا (٤٠٠) پارچە زەویتری ئامادەکردوە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژانەی داهاتوودا بەسەر سوپاییەکاندا دابەشیان بکا پاش ئەوەی کاروباری جیاکردنەوەو پێوانیان تەواودەبێ ٠

ئەوەی شایانی باسە هەندێ پارێزگا هەزارەها پارچە زەویان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی بەسەر سوپاییەکان داوتەلەبەکان دابەشبکرێن و لەم ماوەیەی ڕابوردوویشدا هەزارەها پارچە زەوی یان بەسەر سوپاییەکانا دابەش کردوە ٠

چالاکی ٠٠٠ ڕۆشنبیری ٠٠٠

لە کۆمەلەی ڕۆشنبیری کوردی ٠

● باسێك دەربارە دەر چیرۆکی مندالان ١٩٧٠ - ١٩٨٢ ١٩٨٢

لە یەکەم وەرزی ڕۆشنبیری کۆمەلەی ڕۆشنبیری کوردیدا لە بەغدا ، مامۆستا عبدالستار طاهر شریف لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی ئەو چیرۆکە کوردیانەی بۆ منداڵان نووسراون لە ساڵی ١٩٧٠وە هەتا ساڵی ١٩٨٢ پێشکەش کرد ٠ مامۆستای ناوبراو لە باسەکەیدا ئەو کەموکورتیانەی دیاری کرد کە لەم لایەنەی ئەدەبەکەماندا هەیەو پەنجەی بۆ ئەوە کێشاکە بایەخی ئەم ڕۆشنبیری جەماوەر ، کوڕێکی فراوانی دوو ڕۆژی بۆ باسو لێکۆڵینەوە ، دەربارەی شاعیر کلاسیکی کوردی «نالی» سازکرد ، لە ڕۆژی یەکەمدا کاك ڕووف عەزیز کلاسیکی بەناوی «نالی» لە ئەنجامی ڕەخنەی دایپێشکەش کرد ، ئینجا ڕۆژی هەمان ڕۆژ دوکتور معارف خەزنەدار دەربارەی نالی دواو مامۆستا کریم شارەزا باسێکی دەربارەی زمانی یەکگرتوی ئەدەبی لە شیعری نالیدا پێشکەش کردو ڕۆژی دووەم کاك محمود زامدار باسێکی دەربارەی هەندێ لایەنی تایبەت لە شیعری نالی دایپێشکەش کرد ٠

ئەدەبەچیرۆك نووسین بۆ منداڵان - دەنگ لایەنی دەروونی و پەروەردەیی بە شێوەیەکی زانستیانەو بە پێی تەمەنی منداڵ ڕەچاوبکات ٠ ئەوەی شایانی باسە ، کۆڕەکە نزیکەی سەعاتو نیویکی خایاندو لە لایەن ژمارەیەك لە ئەدیبو ڕۆشنبیرانی کۆڕەکەوە گفتوگو دەربارەی باسەکە کرا ٠

● کوڕێکی فراوان دەربارەی «نالی»

لە سلێمانی، بەریوەبەریتی

کۆڕێکی شیعر لە هەلەبجە

بەچاودێریی لیژنەی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەلەبجە کۆڕێکی کاك جلال عازەبانی و شوان محی الدین و صباح جمال دەربارەی خاکی زەوی کراوی فەلەستین شیعریان تێدا خوێندەوە ٠ هەر لەم کۆڕەدا شیرکۆ بێکەس) شیعرێکو (ڕووف بێگەرد) کورتە هەلسەنگاندنێکی شیعرەکان پێش کەش کرد ٠

له سلێمانیدا

هاوڕێ سعدی مهدی صالح چاوێی بەکادیرەکانی حزب دەکەوێ و لەگەڵ پیاوە ئایینیەکانی ناحیەی شارەزوور داکۆدەبێتەوە

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەمینداری نهێنی نووسینگەی ڕێکخراوەی سەرەوە لە حزبدا سلاوی سەرەکی فەرمانده صدام حسین ی بە کادیرە حزبییەکانی پارێزگای سلێمانی گەیاند ٠

لەو وتارەدا کە هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب لەو کۆڕەدا دای کە سەرکردایەتی شوعبەی حزب لە سلێمانی گرتی باسی ئەو دەورەی کرد کە کادیرەکانی حزب دەیگێڕن لەم قۆناغە ناسکەی خەباتدا کە وڵاتەکەمانی پیا تێدەپەڕێ لە جەنگی پیرۆزیا دژی هێزەکانی ڕژێمی کیە لەدڵسی ئێران ٠

ئەنجا باسی ئەو دەورە تایبەتیەی کرد کە تێکوشەری بەعسی دەیگێڕێ لە کۆکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا بۆ کۆمەکی کردنی جەنگ لەپێناوی هێشتنەوەی عیراقدا بە پتەوی بۆ ئەوەی بە سەربەرزی بەرەنگاری نیازو تەماعە چەپەلەکانی کاربەدەستە نەفامەکانی تاران بوەستێ ٠

هەر لەو کۆڕەدا کە هاوڕێ ئەمیداری نهێنی شوعبەی حزبیش لە سلیمانی ئامادەی بوو باسی هەندێ کاروباری ڕێکخستنو ئامادەبوون کرا لە پارێزگاکەدا ٠ ١

کادیرەکانی حزبیش لە کۆتایی کۆڕەکەدا بەڵێن قوربانیدانو گیان بەختکردنیان تازەکردەوە لە پێناوی پاراستنی نیشتمانو سەربەرزی یا ٠

پێش ئەمەیش هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب سەری لە ناحیەی شارەزوور داو لەگەڵ پیاوە ئایینی یە بەڕێزەکانو ئەندامانی ئەنجومەنی گەلو کاربەدەستە ئیداریو حزبییەکانی پارێزگەکەدا کۆبووەوە ٠

لەم کۆبوونەوەیەدا هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ئەو بەڕێز سەرەك صدام حسین لەگەڵ ئەو بارەی نیستادا کە ولاتمانی پیاتیدەپەڕێ چاوێریەکی گەورەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ ئەوەی پێداویستە - کانی ژیانی سەربەرز بۆ ڕۆڵەکانی ئامادەبکەن ٠

هەروەها وتی شۆڕش بە هێزێکی نەبەزێنراوو بیرو باوەڕێکی پتەوەوە بەردەوامەو ئەمە کارێکی وای کردوە ئیمپریالیەکانو زایۆنیەکان سڵ نەکەن لە پەنابردنە بەر چەپەلترین ڕێگا بۆ کۆسپ خستنە ڕێی شۆڕشی سەرکەوتوومان بەهۆی پیلانانەوەو بەکرێگرتنی نۆکەردا لە ناوچەکە ٠

هەروەها وتی شۆڕشو پتەوی یەکێتی نیشتمانیو توانای بەرزی جەماوەرمان دەتوانێ بەرهەڵستی ئەمانە هەموو بکاو هەرچی خەوو نیازی پیلانگێڕو دەستدرێژی - کەرەکان هەیە بووچەڵ بکاتەوەو یەك لە دوای یەك تالترین دەردی بەزین نۆشی ڕژێمی ئێران بکا ٠

لە وتارەکەیدا ستایشی گیانی باڵای خەباتکارانەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانو بەشداری یە کاریگەرانەکەیانی کرد بۆ پشتگرتنو پتەوکردنی جەنگو ڕاوەستان دژی دەستەی کینەلەدڵی خومەینی ٠

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا کە هاوڕێ ئەمیداری نهێنی شوعبەی حزبیش لە سلێمانی ئامادەی بوو باسی پێویستیەکان دانیشتوانی ناحیەکەو پلەی ئەو خزمەتگوزاریانە کرا کە ئامێرە ڕەسمیەکان پێشکەشی دەکەن بۆیان ٠

باسی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی پارێزگای هەولێر

بەڕێز یحیی جاف پارێزەری هەولێر لەو کۆبوونەوەیەدا کە لیژنەی کاروبارڕێکخستنی نێوان دائیرەکانی خزمەتگوزاری پارێزگاکە بەستی داوای پێشکەشکردنی ئەوپەڕ هەولی کرد بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوولاتیان بکرێ ٠

هەروەها بەڕێز پارێزەر لە هەمان کۆبوونەوەدا کە یارمەتیدەری پارێزەریش بۆ ئیدارەی ناوخۆ ئامادەیبوو وتی باری ئیستا ئەوەی خستەوە سەر شانمان هەولی ئەوە بدەین ئەو پێوەندیە پتەوترکەین کە لەنێوان جۆرەها دائیرەیی خزمەتگوزاریدا هەیە چ لە کاتی جێبەجێکردنی ڕۆژەکاندا و چ لە کاتی پاراستنیانا ئەمەیش بەوە ئەبێ هەمیشە سەریان لێ بدەین و مەسرەف کەم کەینەوەو مەودای ڕۆتین تەسك کەینەوە لە پێناوی ئەوەی پێویستی یەکانی ژیانی ئازادی سەربەرز بۆ هاوولاتیان مسۆگەرکەین ٠

ئەم لیژنەیە کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز پارێزەرەو بەپێی ئامۆژگاری یەکانی بەڕێز جێنشینی یەکەمی سەرەك وەزیران دامەزرینراوەلە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا کۆبوونەوەکەی تری دەکاو بەڕێزان سەرۆکی دائیرەکانی خزمەتگوزاری لەپارێزگادا ئەندامن تیایا ٠

نووسینگەی هەولێر

● لە سەرەتای ئەم مانگەدا لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە قوتابخانەی ئامادەیی کەلاوێژی گەحانو خانەی مامۆستایان (کجان) گرەوێکی یاری بالەیان بۆ تیپەکانی هەردوو فێرگەکە ڕێکخست ، بەسەربەرشتی بەڕێز مامۆستا یحیی جاف پارێزگاری هەولێرو ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانو هاوولاتیان ٠٠٠

لە پێشەکی گرەوەکەداکۆمەلێك لە کیژۆلەکانی هەردوو فێرگە سرودی نیشتمانیان پێشکەش کرد ئینجا یاریەکە دەستی پێکردو لە ئەنجامدا تیمی خانەی مامۆستایان بردیەوەو دوایی بەڕێز پارێزگارو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پاداشتیان بەسەر سەرکەوتوەکاندا دابەش کرد ٠

چالاکی یەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

فەلەستینی زەوت کراو

لە شارەکانی فەلەستینی زەوت کراودا بەگژا چوونی هێزەکانی زایۆنی دوژمن فراوان بوەو دوژمن بەرامبەر بەمە لە شارەکانی بەرەی ڕۆژ ئاوا قەدەخەی هاتووچۆی کردوە



ڕوو داوەکان بەوێنە

خۆپیشاندان دژی چەکی نەتۆم

لە ئەوروپادا زنجیرەیەك خۆپیشاندانی گەورە ڕێکخراوە دژی بریارەکەی پەیمانی ناتۆ بۆ بڵاوکردنەوەی ساروخی سەر نەتۆمی لە ئەوروپادا ٠

لەم دواییەدا لە لەندن ئافرەتان خۆپیشاندانێکیان سازکرد کە ٣٠ هەزار ئافرەت بەشداریان تیا کردوەو نارەزاییان بەرامبەر بڵاوکردنەوەی چەکی نەتۆم لە ئەوروپادا دەربڕیوە ٠

هەوالی تازە - پاشماوە

کۆششی ڕژێمی خومەینی بۆ لەناوبردنی سەربەستی ڕۆژنامەگەری گەیشتە ئەوپەڕی بە ئیعداکردنی زیاتر لە سی ڕۆژنامەنووس و ون بوونی بیستی تر کە سەروشوێنیان نییەو گرتنی زیاتر لە هەروەها ڕۆژنامەکە وتی دەرکردنی ڕۆژنامە - نووسان لە ئێرانا بەردەوامەو هیچ ڕۆژنامەیەکی بەنرخ نەماوەو ئەوەیش مابێ ڕۆژنامەی بێ کەلکو دەستەی نووسەرەکانی بریتین لە مەلاکان ٠ لەبەر ئەوە دابەشبوونی ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی سامناك کەم بوەتەوە ٠ بۆ ئەمەیش باسی ڕۆژنامەی کەیهانی ئێوارانی کرد کە ئیستا نزیکەی ١٥ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێ لە کاتێکدا چوار ساڵ لەمەوبەر ملیۆنێکی لێ دەفرۆشرا ٠

له بەر روناکی کۆبوونەوەکانی « ئوبیك »دا

خومەینی ئێرانیش دەفرۆشی تا خەونە چەپەلەکانی بێتەدی

ڕۆژی شەممەی ڕابووردو ، کۆبوونەوەکانی لیژنەی چوار قۆلی سەر بە ڕێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت « ئوبیك » دەستی پێکرد ٠ یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی ئەم لیژنەیە لێی دەکۆڵێتەوە ، ئەو کێشەیە کە هەردوو ڕژێمی چەپەڵی ئێرانی خومەینیو لیبیای قەزافی تووشی ئەم ڕێکخراوەو وڵاتانی خاوەن نەوتی کردوە ٠

دەربارەی لیبیای قەزافی ، ئەوە دبارە کە هەر لەسەرەتاوە ئەم کابرا شێتو بەرەڵایەو لەهەرکویەکی جیهانی سێیەم ، هەنگاوێ بۆ یەکیتیو یەکخستنی هەولی ئەو وڵاتانە درابێ ئەم دوو هەنگاوی ناوە بۆ تێك دانی ئەو هەولە ، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینو ڕێکخراوی یەکیتی ئەفریقاو وڵاتانی بێلایەنو دوایی «ئوبیك» شاهیدی ئەو هەلوێستە نارەوایەی قەزافی شێتو وێتە ٠

بێتەوە ، سەر ئێرانی خومەینی ، ئەو ڕژێمەی کە دنیای پڕ کرد لە قیژەو هاوار گوایە (دژی ئیمپریالیو زایۆنیو پیلانەکانیەتی کە دژی گەلانی هەژارو وڵاتەکانیان دەیگێڕن) ٠٠٠ ئەم ڕژێمە درۆزنە ساختەچیەی کە میژوو نموونەی چەپەڵی وای کەمی بەخۆیەوە دیوە ، لەبەر خاتری بەجێهێنانی ئامانجە چەپەڵە شاراوەکانی کەوەك ئەرك لەلایەن ئیمپریالی جیهانیەوە پێسپێردراوە هەموو کردەوەکانی بەپێچەوانەی قسەو دروشمە بریقە دارەکانیەتی ٠ کە شەڕی بەعیراقی شۆڕش فرۆشتو بۆی دەرکەوت سەری داوە بە دیواریکی پۆلایینی وا سەختدا ، هەرگیز بۆی ناکرێ خەونە چەپەڵەکانی بەدی بێنێو دوای ئەوەی مەردایەتی عیراق توانی ئالەتی شەری ئەو ڕژێمە تێك بشکێنێ ، خومەینی پەردەی لەروو دڕاو دەرکەوت کە مانعی نیە بۆ بەدەی هێنانی ئامانجە چەپەڵەکانی دەست بخاتە دەستی نەك هاوڕێکانی «شەیتان» بەڵکو بێ بە کویلەی شەیتان خۆی ، ئەم کردەوەیەی بەقۆناخ قۆناخ جێبەجێ کرد ، تا دەستی مەردانەی عیراقی شۆڕش توندتر دەوەشێترا لەسەر سەری پڕ لە بۆگەنیو چاو چنۆکی ئەو زیاتر ڕاستی چەپەڵی دەردەکەوت ، لەپێشا بەدزیەوە کەوتە چەك کڕین لە زایۆنیەکان ، ئینجا بە ئاشکرا ، ئەمەش سوودی نەبوو ، ڕووی کردە پڕ کردنی بازاری ڕەش لە ئەوتی ئێران بۆ ئەوەی چەکی دەست بکەوێ بەم کردەوەیە ، دەرکەوت کە ئەم ڕژێمە نامەردە ئەوەندەقین لەدڵە بەرامبەر سەربەستیو ئازادی گەلان ، بایەخ نادات بە فرۆشتنی هەموو سامانی وڵاتەکەی بۆ بەدیهێنانی مەبەستە چەپەڵەکانی ، بەم کارە ڕژێمی ئێران حرمەتێکی گەورەی وڵاتانی ئیمپریالی کرد ، لەپێشیانەوە ئەمەریکاو زایۆنیەکانی داردەستی - بازارەکانی پڕ کردن لە ئەوت بەجۆرێ کە لە مەوقعی بەمیزیەوە قسە لەگەڵ وڵاتانی تری خاوەن ئەوتدا بکەنو بەهەرزان نرین نرخ ئەوتیان دەست بکەوێ ٠

ئابەم جۆرە ڕۆژ بەڕۆژ خومەینی دەردەکەوێ ئەك جادووگەرە بەڵکو ١٦ جار جادوگەرە ، ئەك شەیتانە ، گرەوی لەشەتیان بردۆتەوە ، ئەك دژی عیراقو گەلانی ئیرانە ، بەڵکو دژی هەموو مرۆڤایەتیە ، ئینە، بەڵکو خومەینی ڕاسپێردراوەو ئەرکیەتی کە هەموو ئەو ڕێبازانە تیك بدات گەلان لەچەوساندنەوەی گەورەکان ڕزگار دەکات ٠

● ئەبەز ●

Institut Kurde de Paris

چەند سەرنج دەربارەی رەخنە

رەخنەو ... خوێنەران ..

دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول

پێش چوونە ناو باسەوە ، دەبێ بڵێم ووشەی «خوێندەوار» لێرەدا لە جێی ـ (قارئ)ی عەرەبی بەکاردێت ، کە لە کوردیدا هەندێك جار خوێنەرەوەو خوێنەری بۆ بەکاردێت . کە مەسەلەی وەرگرتنو بەکارهێنانی ئیستیلاح بەسترابێت بە چێژو زەوقی نووسەرەوەو مەزەندەیەکی تر بۆ وەرگرتنو فریدانی نەبێت . هەروەك ئیستیلاح دانانیش هەر ئەو ڕێگەیەی گرتووە ، کەواتە هەقی ئەوەمانەهەیە ، خوێندەوارو خوێنەرەوەو خوێنەر بەکاربێنین ، با هەندێك جار بەرامبەر بە نەخوێندەواریش هەر بەکاربێت ـ کە کوردی نێران «بێسەواد»و «باسەواد»یان بۆ بەکاردێنن . هەرچی دوو ووشەی «بخوێن»و «بنووس»ە ئەوە لە ژمارە ٨ی خولی دووەمی « نووسەری کورد »دا باسم کردنو هێشتا هەر لەسەو ئەو ڕایەم .

بێینەوە سەر باسی ڕەخنە .

وەك لەمەوبەر ئەرکی ڕەخنەگرمان بە کارکردنە سەر نووسەرو یارمەتیدانی نووسەر دەستنیشانکرد، هەروەها ئەوەشمان دەرخست کە لە هاوکێشی ڕەخنەگرتنو بەرهەمدا لایەنێکی تری گرنگ هەیە کە ئەویش کۆمەڵی خوێندەواران ـ یا خوێنەرەوەن . پێوەندیی بەرهەمی ئەدەبیو ڕەخنە هەر ئەوە نییە نووسەر بەرهەمەکەی بڵاو بکاتەوەو ڕەخنەگر ڕای خۆی بنووسیو یا چەپڵە بۆ نووسەر لێبدات یا سیلاوی نارەزایی بەسەریا هەڵبرێژێو جارو بار کۆمەڵێك بە دەنگەوەهاتن بکەوێتە سەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامە ، یا هەر لە کونجی خەلوەتی هەردوو لادا ـ واتە ـ نووسەرو ڕەخنەگر باسێكو دیزە بە دەرخۆنەیەکی هەمەو ڕاو لایەنەکانی نووسینەکە بکرێتو لاپەڕە هەڵبدرێتەوە .

ئێمە بۆ کێ ئەنووسین ؟

ئەگەر تەنیا بۆ یەکتر دەنووسین ، واتە هەر بۆ دەستەی نووسەرانو ڕەخنەگران دەنووسین ، ئەوا هەقمانە هەموو شتێك لەو کونجی خەلوەتانەدا ببرینەوەو هەر بە چەند وونەیەك باسەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەین . بەڵام لای ئێمە ، لای نووسەرانو ڕەخنەگرانی ریالیست وایە کە بۆ فراوانترین کۆمەڵی خەلك دەنووسین ، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو کۆمەڵە فراوانەی خەلك بەشدار بن لە وەرگرتنو خوێندنەوەو تێگەیشتنو بایەخداندا بە نووسینو بە بەرهەم .

لە یادداشتو یادگاری نووسینو ڕەخنەی وولاتاندا ، دەگێڕنەوە :

نووسەرێك ، ڕۆمانێکی گەورەی لە باسی دڵداریەکی خۆیدا نووسیبو کە زیاتر لە بابەتی ئەفتۆبیۆگرافیا ـ واتە . تەرجومەی حاڵ ـ یا ـ سیرەتی زاتی دەچوو . دەستگای بڵاوکردنەوە مافی بریاردانیان لە خۆیان سەندەوەو ئەوەیان دایە دەست ژوور خۆیان یا کاربەدەستی گەورەی وولات .

ئەویش پاش خوێندنەوە لەسەری نووسیبوو . دوو وانەی لێ چاپ بکرێت ، یەکێکیان بۆ خۆیو یەکێکیان بۆ دلدارەکەی یا دولبەرەکەی .

نازانم ئەو نووسەرە چیی نووسیبوو ، یا ئەو بەرهەمەو ئەو تەجروبەی دلداریە کەلکی بە گشتی کردن یا (تەعمیم)ی هەبووە یانا ؟ . بەڵام ئەوە دەزانم کە زۆر نووسین هەن هەر دەبێ بەیەك دانەبنو ئەگەر لێشیان زیاد بکرێت هەر کەلکی کەس نادەن .

هاوکێشی ڕەخنەگرتنو خوێندەواران دوو مەیدانی هەیە . مەیدانی یەکەم ـ بۆ ڕەخنەگر خۆیەتی ـ لەوێدا بەهەموو کەرەسەی ڕەخنەگرانەوە دێتە ناوەوە ، بۆ ئەوەی لایەنی بەهێزو لایەنی کەزی بەرهەم دەربخا . ئەم کارە یارمەتیی خوێندەواران دەدات . لە تێگەیشتنی تەواوی بەرهەمیانەوە نزیك دەکاتەوە . ڕێگەی گەیشتن بریاریان بۆ تەخت دەکات . بەمە گەشەی چوونە سەر بریاری ڕاستو جیاکردنەوەی بەرهەمی چاکو سوودی کۆمەڵایەتیو هونەری دەدات بە خوێنەران .

ئەگەر وا بزانین ئەم یارمەتیدانە هەر بۆ وولاتی دواکەوتووو بۆ وولاتێکە کە ڕادەی خوێندەواریو لەبەرهەم گەیشتنی تێدا نزم بێت ، دیارە بە هەڵە چووین . چونکە لە وولاتی بێ نەخوێندەوارو ڕادە بەرزیشدا ، پلەی تێگەیشتنو ڕادەو توانای ڕاستی دەستنیشانکردن لای ڕەخنەگر بەرزتر وەك ئەوەی لای خوێندەوارێکی ئاساییدا دەبینین . چونکە لە هەموو شوێنو کاتێکداو لە هەموو پلەیەکدا ڕەخنەگر هەرپسپۆرەو هەر تواناو دەسەڵاتی ئەو بەسەر کەرە سەی ڕەخنەبیدا لە کەسی ناپسپۆر زیاترو پتەوترە .

ڕەزگە لێرەدا وابێت بە بیردا کە ڕەخنەیەك بۆ تێگەیاندنی خەلك بێت ، دەبێ زۆر ساکارو شاش کراوەو سووك بێت ، یا دەبێ ڕەخنەگر دوو چەشن ڕەخنە بنووسێ . یەکێکیان لە ڕادەیەکی بەرزدا بۆ نووسەرانو ئەویتر لە ڕادەیەکی نزمدا بۆ خوێندەواران .

نەخێر ، ئەم لێکدانەوەیە خۆی ساکارانەیە . چونکە ، ڕەخنەگرتن کە لە خۆیدا ئەرکو پسپۆڕییە ، یارە پێویستیشی بە کەسی شارەزاو لێهاتووو بە لایەنەکانی دەرخستنی ئەم شارەزاییو لێهاتنو توانایەش لەوەدایە کە ڕەخنەگر بتوانێ کەرەسەکانی بەکاربێنێتو لایەنی کزیو لایەنی بەهرەدەر بخاتو لەباڵ تێگەیاندنو بۆ ڕوون کردنەوەدا ڕادەی خوێندەواری ئاسایی بەرز بکاتەوەو بەرەو ژووری بهێنێو بیگەیێنێتە گوڕەپانی کژبوونەوەی خۆیو نووسەرو بەرهەمەکە .

ئەمەش مەیدانیکی ئەم کێشەیەی ڕەخنەگرتنو خوێندەواران بوو . مەیدانەکەی تر ئەوەیە کە نووسەرو خوێندەواران ڕوو بە ڕووی یەکتر دەوەستنو ڕەخنەگر دەخەنە لاوە .

ئەو نووسەرەی بۆ خەلك دەنووسێ ، بیر لە هەمرو خەلك دەکاتەوە . لەبەر ئەوە دەگەمن نییە ، کە لە وولاتی پێشکەوتوودا کوڕی جیاجیا بۆ ئەم نووسەر یا ئەو نووسەر بگیرێت ، یا ئەم دیوانی شیعر یا ئەو کۆمەڵە چیرۆك ببرێتە ناو ئەم کارگەو ئەو کێڵگەی کشتوکاڵ یا ئەو زانستگاو دەستگای زانیاری .

شاعیر دەچێتە ناو خەلکەوە ، دەنگدانەوەی شیعرەکانی لای کرێکارو فەللاحو خوێندەوارو پسپۆڕو شارەزا دەبیستێو هەموو ئەمانەش کار دەکەنە سەر بەرهەمی داهاتووی . زۆر لە چیرۆك

بروانە ل : ٧

مێردی بێ جڵو بەرگ ... گەلێ چاکترە لە جڵو بەرگی بێ مێرد !!

کیومەرث عبدالغفور

برای ئەدەب دۆستمان کاك محمدی مەلا کریم لە ژێر سەر دێڕی«کارێکی پیرۆزو کەمو کورتی‌یەکی زۆر » هەندێ شتی بەشێوەی ڕەخنەی ئەدەبی ، سەبارەت بە « بەرگی یەکەمی دیوانی بێسارانی » ، کە لەم ڕۆژانەدا لە لایەن ـ « ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان »ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە لە چاپخانە دەرچووە ، نووسیوە .

پێویستە بووترێ کە بەشی زۆری لاپەڕەی ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی « هاوکاری » ، ڕێکەوتی ١٩٨٢/١١/١١ ، بۆ چاپی ئەم مەبەستە تەرخان کراوە .

برای ئەدەب دۆست ، زۆر بە پەلە کتێبەکەی (بەرگی یەکەمی دیوانی بێسارانی)ی لە چەند دێڕێکدا بە خوێنەر ناساندوەو ئەنجا بە پەلەیەکی زۆرترەوە هەڵمەتی بردووتە سەر پێناسەکردنی زۆر بە ماستەمی ئەو کتێبەی کە گوایە ماوەیە کە بەدەستی‌یانەوەیەو ئەبووایە تا ئێستا بە دەستی خوێنەرەوە بووایە ؛ ! بەڵام بە داخەوە هێشتا زۆری ماوە بکەوێتە ناو بازارەوە !

تا ئەم جێگایە زۆر سوپاس لە کاك محمدی مەلا کریم ئەکەم کە بگرە یەکەمین کەس بووبێت کە توانیبێتی نۆسخەی چاپکراوی دیوانەکەی خستبێتە بەردەستی خۆیو خوێندبێتیەوە .

جا دیارە جگە لەوە خۆی واتەنیی : « مەبەستم ، بە خەیڵی خۆم ، لەم خوێندنەوە وردەی کارەکەی کاك کەیومەرث ئەوە بوو شتێکی زیاترم لەوەی لای خۆمان هەیە ، تیا چنگ بکەوێ بیخەمە سەر کتێبەکەی خۆمانو هتد ... » .

دیارە ڕاسپاردەکەی منیشی (بڕوانە بۆ پێشەکی دیوانەکە ، لاپەڕەی (١٥) ، دێڕی (٩) بەولاوە) کە بە شێوەی لێبارانەوەیەك لە هەموو خوێنەرانی بەڕێزم ویستووە ، بە بێ هیچگۆ نە چاو پۆشیەك کەمو کۆڕیەکان بخەنە بەرچاو ، لە بیر نەکردووەو لەبەر چاوانی هەبووە .

پێتی (ئێ) کە من بە ڕای خۆم بۆ یارمەتیدانی خوێنەرانی زار کرمانجی خوارووو کرمانجی ژوروو لە بری « ژێر = کەسرە » ، بەکارم هێناوە ، زۆر سەرنجی کاك محمدی ڕاکێشاوە . ئەوەیە لەم بارەوە کاك محمد نووسیویەتی : « نووسینەوەی ڕیالیکتی کۆرانیدا لە ئێوان موزافو موزاف ئیلەیهیدا (ی)ی نیشانەی ئیزافە تەنها لە حاڵێکدا دانراوە کە دوا پێتی مورافەکە حەرفی عیللە (ا ، و ، ی) یا (ە) بێ » .

بەڵگەی دووەمی کاك محمد لەم بارەیەوە ڕێنووسەکەی مامۆستا عبدالکریمی مدرس واتا باوکیەتی کە لە چاپی دیوانەکەی مەولەویدا بەکاری هێناوە .

لەم بارەوە وەڵامی منیش بە شێوەیەکی گشتی ئەمەیە کە :

١ ـ مەرج نییە ئەگەر ئێستا لەووپێش نەکرابێت لە مەوپاشیش کردنی ئەو نیشە بەشێکی ناڕەوا لە پێنووس بدرێت . نووسینەوەی کۆن بەتایبەت ئەو کەشکۆڵو بەیازانە کە گەورەترین سەرچاوەی ئەدەبو فولکلۆری کوردی ئەگرێتە بەر ، غەیر بە ڕێنووسی فارسی نووسراونەتەوەو بۆ ناوچەیەکی دیاری‌کراوو کۆمەڵە خوێندەوارانێکی کەم نووسراون . نووسینەوەی ئێستا بەڵام ، ئەبی بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێتو بتوانێت بۆ هەموو کوردانو کوردی خوێنان بەکەلك بێت .

٢ ـ هەر چۆنێك توانیومانە (ئێ) واتا (ی)ی بزوێندار لە بری (ژێر = کەسرە = ِ) بنووسین چاکترو ئاسانتر ئەوەیە ئەم بوارەمان بۆ هەموو شوێنێك ببێت . ئێتر چ پیتی کۆتایی وەپاڵ نراو (= موزاف) بێت یاخۆد پیتی دوایی ووشەی قافیە بێت .

نموونە :

چراغم زامێ ، چراغم زامێ
دڵ ئاورد ڕوێ ، جە نەخشت زامێ
زامێ ژار ئاڵوو ، بێ دەواو دامێ
مەزانوون جەی زام ، مەوینوون کامێ

ووشەی (زامێ) چوار جار لەم دوو دێڕەدا کە سێ‌جاری لە دێڕی یەکەمدایەو جارێکیشی لە دێڕی دووەمدا بە یەك واتا هاتووە . کاك محمد لای وایە پێنووسی سێ جارەکەی سەرەوە ڕاستە بەڵام هی سەرەتای دێڕی دووەم ئەبێ بەم شێوەیە (زام) بنووسرێت . چونکە موزافە ، بەڵام لە خوێندنەوەدا خوێنەر ئەبێ خۆی بزانێت وەکو ئەوانەی سەرەوە بیخوێنێتەوە .

جا با ئەم داوەریە بە ئێوەی ئازیز بسپێرین و زۆرتر لەمە لەسەری نەڕۆین و ئەم دێڕ شیعرەی مەولەویش ببینین :

قافلە کۆچ کەردەن ، بەرزەن دەنگ زەنگ
وڕان حوجرەی خان ، وجوود ، سەنگ بە سەنگ

ڕای کاك محمد ئەوەیە کە نووسینەکەی ئەبێ وابێ کە لە سەرەوە نووسراوە ، بەڵام بخوێنرێتەوە « دەنگێ = دەنگ) .

کاك محمد لە ئینشای (= داڕشتنی) دیوانەکەش ڕازی نییەو لەم بارەشەوە گلەیی لێ‌کردووم . لەم بابەتەوە ڕەخنەکەی زۆر بە جێگای خۆیەتی ؛ بەڵام ئەوەی کە گوایە من لە ئینشای خۆم ڕازی بووم و پیشانی شارەزایەکم نەداوە ڕەنگ بێ ماف بە دەستی منەوە بێت ، چونکە هەر لەو سەردەمەدا کە من ئەمەویست ئەو ئینشە بکەم دیوانی شیعری برادەرێکی تر کە بۆ نووسینەوەو ڕێك‌وپێك‌کردن بۆ چاپ بە یەکێك لەو شارەزایانە ! درا بوو ، دوای چەندین مانگ ئەویش بە شێوەیەکی ناپەسەند گەڕایەوە لای . ئاشکرایە کە خەبەرێك لە نووسینەکەس نەبوو ! ئەم پێش‌هاتە بە تایبەتو چەند چاو پێ‌کەوتنێکی تری برادەرانی شارەزا منیان خستەوە بیری داستانی « بازرگانو ئەمیندار » .

ئەم داستانە وایە کە : بازرگانێك ئەچێتە سەفەرو بڕێ مسو زێڕو زیوی ئەبێت ئەیسپێرێتە دەستی دۆستێکی کە تا گڕانەوەی بازرگان ، بە شێوەی ئەمانەت بۆی بپارێزێت .

ماوەیەکی پێ ئەچێت بازرگان لە سەفەرەکە ئەگەڕێتەوەو ئەڕوات بۆ ماڵی‌ی دۆستە ئەمینداریەکەی . دوای چا خو سەلامەتیو هەواڵپرسی ، بازرگان داوای ئەمانەتەکە لە هاوەڵەکی ئەکات ؛ بەڵام دوستی ئەمیندار لە وەڵامیدا ئەڵێت : **« بە داحەوە ئەنها ڕۆژێك لەمسو سینەیو زێڕو زیوەکەت غافل مام کە مشکی سەگباب دەرفەتی کەوتو ، هەموو ئەوانەی خوارد !!**

سەبارەت بە مەسەلەکانی تر کە لە ڕەخنەی کاك محمددا دەست نیشان کراوون زیاتر لەوە مافی ئەدەمێ کە ووتوویەتی .

لە ناوینەی ئەدیبنەمدا بە سیمانەدا ناڕوانم

جوابێتکی ترە کوێری کردوم ، چی بێ دەبێتن

جوانێکی تر ...

شێرمحەمەد باڵەك

کیوم دیتن بە هەورینەوە
لێوم دیتن بە زەردەی شیرینەوە
سێوم دیتن بە قەدپاڵی سینەوە
چاوم دیتن بە هێماو ئەسرینەوە
گوڵم دیتن لە پاناوی کوێستانان
مەستی خوناوێن لە داخی کوڵمن جوانان
سوبسم دیتن لە مێرگن پشت کانیاوان
گوڵی بن کەویە بنەو شیلەی دەراوان
شلێرم دین لە کلووکجاری ڕازان
شین دەگێڕن بێ دەنگ گراوی چازان
هەورم دیوە بۆ کوارگ دەشریقێنێ
کوارگم دیوە سینگی بۆ دادەڕێنێ
گوڵە ڕوون تا درەنگ لە بەرۆکان دەمێنن
وەك من نینە بێ باك مەمکان دەدوێنن
بێخەم دیتن لە بنیاندا گیانی من
(زەڕڕە)ی مەمکەتێك دەدا جیهانی من
لازیم دیتن لەسەر مەمکی نیوە ڕووت
گیان بوو دەفڕی یانە سوخمە بوو دەبزووت
لە زۆر شتدا دیومە جوانی‌ی گیان سووتێن
لە گیانمدا دەژین جوانان لە هەر کوێن
بەڵام نەم دی نەی نەو کەسەی نازانم
بە کام ووشە ناوت بێنم . نەی هەزارەی زمانم
موفناتیسی هیچ ڕەنگێکی وەك تبشکی نەو چاوانەت
بەر نەدا دوای قرۆکەی دڵن دبۆانەت
زێدە جوانێك کە لە تۆیدا دەبینم
نەوە ئێکجار پڕ خوێنی کردوە برینم

گوتنەك ...

ژ کەلەپوورۆو ... دوو بەیت

ـ صدیق خالد هروری ـ

ژکەلەپوری کوردی خزینە هەنەو هاتینە تێکشقەدان یان نەهاتینە بینان یان ژی دەرگەهە لسەر تەلاندی‌یەو دەست لێنەکری‌یە یانیش بنیف نیقمو .. بهەر حال ژێ بنەبڕ نەبووینە ...

ئقجار ئەگەر کەدکەرێد چووین بوومە ڤەهێلەك دانابێتە سەرێك ئێدی بۆ نابینە کەدخۆرێدوان ؟! ، گەر باب‌و باپیرێد مە ژبۆ زفستانەکا نەنگاف‌و بەفرین بسڕو سەقەم قویتەکێ مشە هلاندشبتو عونبار کربیت ، گەلوما بوی ئقرو نا ئەو ڕۆژ بیتو بەری کو مشك هوبناکێ کونکە ن..

بەلێ ڕۆژێ دبۆرین‌و دبۆرن هەر .. لسەر ژین‌و پێشکەفتنێ دژین‌و ژێ دخۆن‌و بەرەڤ خۆدکەن ، لێ‌یامە هەمی‌یا دڤێت‌و ژبۆ دلفین : خۆزی‌و سەد خۆزی هەردوو دەستا بهەڤرا هند کربا هندی دەڤ دخۆتن !!..

هەر ئەڤەیە یاکو خەلکێ بەرێ ژمە ڤیای‌و خەلکێ نهوو پاشەڕۆژێ ژمە دڤێت ، مەژی ژخۆڕا نەشەرم‌و کێماسی‌یە گەبر بهەڤی‌و ڕۆجا دانین ...! ، چۆنکی ئەگەر زدەستەکی پۆستە بدەستەڕا گەهەشت بدەستێ دێرا بکەهینەو پۆستەی ڕێ دویرو دەروازە .

ئێدی یامەژی ژناڤ پۆستێ ڤێ جارێ چنی دوو بەبتید جوان‌و ژڕەنگن ، بجوانی‌یەکا هێژا لێکدایتەو بئاوازەکێ دلخۆش‌و دلنەرم ڤەگێڕاینە . بەلێ هەرئێك ژڤان بەیتا ئاوازەك جۆداو سەلیقەك خۆسەر هەیە پێ دهێتە گوتن ، لێ‌مخابن قەلەم بتنێ دنڤێبسیتو نابێژیت !.

ددەرهەڤا بەیتا ئێکێدا ، باپیرێ من گوت ئێکی دگوتن (حەبیب) ژنەڤراز دهاتو بۆخو دگەڕیاو ئەڤ بەیتەکربوو قاچکێ دەڤێ خۆ ، خەلکی ژی دەست ڤالەڤرێ نەدکرەڤە .

(١)

بەیتاخەجێ

دێ بلابێتن خەج نابێتن خەجە
سەرسینگێ خەجێ کانی‌و تەرەچە
حەفت نۆق لێ‌دان هێشتا حەجە
دێ‌کوڕو بڕۆ مەمك خەبات
مەمکێد دۆستێ هەوبا تری
مسقال مسقال لێکڤە کری
یێت‌چونیە نك ڤان مەلانە
نەوان پەڕکەکێ پێ‌کری
پەڕکێ نقشتێ شۆل کری
چ شۆلە شۆلەك سەرمەستە
پێ بخرخالە بازن ددەستە
شەو مامێ هەبار هەبار
تەڕوی سۆرن تەرزێ گوڵزار
کێ ڕامیم پالدا گۆهار
دەشت لەتربێ مێرگ‌و ماشە
کەمەرا دۆستێ زێڕ قۆماشە

(٢)

بەیتا کنگێ

مەی هەوارو سەد هەواز

بروانە ل : ٧

پەراوێز

روناك محمد

بۆ نابینە چرای زیندان ؟
بۆ ڕۆژێك بێ
ئەو زیندانەی کەوا بۆتە
ماڵی دووری ... ئازارەکان !
یاخۆ ببە بە مرواری
بۆ گەردنی ... شەونمێکی
گەلێك نازدار .
با نە چێژێ شەرابی
تاڵی .. وەك زەهری مار .
یا ببەدە ... تاڤگەی سازگار
بۆ شکانی تبنوێتی
ئەو گوڵزارەی
کەوا مەستی ... چاوەکانی
پەلەی هەورە ...
یا تۆ ببە ... بە جوانترین
زەردەخەنەی ... لێوی
دڵان ...
یا من‌و تۆ
بەرەو ئاسۆی هاوارگەکان
ڕێگە ببڕین
بۆ هاتنی
دوو عاشقی ... مەیل پچڕاو
لە خنکانی ... ئەو سێبەرەی
کە هاتۆتە .. نێوان
ترپەی هەنگاوەکان ...

Institut Kurde de Paris

زانستی پزیشکی

گاز و گەستن

نوسینی : دکتۆر هیوا عمر احمد

هەندێ جار جەفەنگی و گالتە ئەنجامێکی ترسناك وە بگرە کوشندەی ئەبێ . بۆ نمونە دەمی مرۆڤ زۆر جۆر بەکتریای تیایە زیان بەو مرۆڤە ناگەیەنێ کە بۆتە ژێرماڵەی . بەڵام کاتێ مرۆڤێ بۆ جەفەنگی و گالتە گاز لە مرۆڤێکی تر ئەگرێ ، ئەو بەکتریایانە ئەچنە برینی شوێن گازەکەو تیایا گەشە ئەکەن و ئەبنە مۆلێکی هێرش بردنە سەر مرۆڤە گاز لێگیراوەکە .

لەبەر ئەمە ئەبێ شوێن گازی مرۆڤ ج جا بۆ گالتە بوو بێ یان بە شەڕو ناخۆشی یەوە ، بەخێرایی پاکژ بکرێتەوە . بە شێوەیەکی ئەشتەرگەریانە هەموو شانە مردووەکانی تیا نەهێلرێ . کە بەڵام گازی ئاژەڵی وەك ئەسپ و سەگ و پشیلە هەمیشە بۆ دوژمنکاری و خۆپاراستنە ، ئەو ئاژەڵە هاوانە ئەبن بە مۆر بەبێ هۆ قولی ئەم و ئەو ئەگرن . ئەم برینی شوێن گازانەش وەکو برینێکی ئاسایی بێویستی بە پاکردنەوەو تیمارکردن هەیە بەڵام ئەگەر کەمترین گومان ببێ لەوەی ئاژەڵەکە ـهارە . ئەوا ئەبێ برینەکە بە شێوەیەکی ئەشتەرگەری فراوان پاك بکرێتەوەو هەموو شانە مردووەکانی تیا نەهێلدرێ . ئەگەر توانرا ئەبێ ئاژەڵەکە لەژێر چاودێریدا بهێڵرێتەوە . باشترە ئەگەر بتۆپێنرێ و بە دوای (تەنی نیگری)دا بگەڕێین لە دەماخیدا ، کە ئەمە نیشانەیەکی دڵنیای هاری ئاژەڵەکەیە . بەڵام گەر ئەمانە ئەلوان ئەوا ئەبێ وەکو گازی ئاژەڵێکی هار ژەفتاری لەگەڵا بکرێ .

ئەگەر گەستنی مار ژەهراوی ئەبێ . ئەوا شوێنەکەی گەر چی سوور ئەبێتەوەو ئەناوسێ و نازاری ئەبێ . بەڵام لە شوێن گەستنەکەدا ، شوێن کەلبە نابینێ و مەترسی لێ چاوەڕێ ناکرێ . هەندێ جار ئەبێ ئەو مادەیەی کە ژەهری مرۆڤکوژ نییەو بەڵام لەگەڵ گەستنەکەدا ئەگاتە خوێنی مرۆڤەکە . ئەبێتە هۆی (فرە هەستیاری)یەك ، گەر فریای ئەکەوین دوور نییە مرۆڤەکە بکوژێ .

ژەهری ماریش سێ جۆرەو نیشانەی مارانگازی یەکە لەسەر جۆری ژەهرەکە بەندە . جۆری یەکەم ، ژەهرێکە خانەی لەشی ئەکوژێ و خڕۆکەی سووری خوێن تێك ئەشکێنێ ، بەمە مارانگازەکە تووشی دابەزینی پەستانی خوێن ئەبێ و ئەبورێتەوەو بەلغەمی خوێناوی هەڵ ئەهێنێتەوە . جۆری دووەم ، ژەهرێکە کار لە دەمارە خانەکان ئەکاتو فرمانیان ئەشێوێنێ ، بەمە مارانگازەکە تووشی هەناسەسواری ئەکاو قسەو ڕەوتی ئەشێوێنێ ، پێڵوی سەرەوەی چاوی دائەکەوێ و چاوی ئەنوقێ . جۆری سێیەم ، خانەی ماسولکە ئەکوژێ ، بەمە مارانگازەکە تووشی ئازارو کۆڵنج ئەکات لە گشت ماسولکەکانی لەشیداو میزی سور یان قاوەیی تۆخ ئەکات

ئەبێ بە کتوپڕی دڵنیا بین لەوەی مارەکە ژەهراوی ـ یە یان نەە . ئەویش بە کوشتنی مارەکە ، یسان وردبوونەوە لە برینی شوێن گەستنەکە بۆ ئەوەی برانین شوێن کەلبە ئەبینین (ژەهراوی)یان نەە . ئەخۆشەکە بهێنەرەوە سەر خۆی و گەر هەبوو دەرمانێکی هێمن کەرەوەی بدەری و پێی بڵێ ئەجولێ و بحەوێتەوە . ئێستا پەتی یان دەستەسری بهێنەو لەسەرو برینەکەوە ببەستە . زۆر توندی مەکە، هەر هێندەی توند بکە پێ لە خوێنهێنەرەکان بگرێ ژەمرەکە بکەیەننە سوڕی خوێن . هەموو نیو کاژێری یەك خولەك شنی بکەرەوە . برینەکە گەر هەڵبمژرێ هەندێ لە ژەهرەکە لا ئەبرێ. بە ئاوێکی پاکژ برینەکە بشۆ ، ئەکەی (پۆتاسیوم پەرمەنگەنەیت) بکەی بە برینەکەدا . چونکە ئەمە شانەی ناو برینەکە ئەمرێنێ. ئەکەی برینەکە قاش بکەی یان بە برین پاکی بکەیتەوە. گەر دەستت کەوت دەرمانی (ئەنتی هیستامین)و دژی ژەهری ماری لێبدە .

دووپشك کە لە بیابانو ناوچەی گەرمدا زۆرە . جووت جووت ژەمرە گلاندی هەیە لە دوا پارچەی کلکیدا. گەستنەکەی زۆر بەنازادە . شوێنەکەی بڵقی سووری گەورە گەورەئەاکات . لەوانەیە خوێنیشی تێ بزێ . گەر گەستراوەکە منال بێ ئەوا ئارەق ئەکاتەوە ، لیکی زۆر ئەبێ ، هێڵنجی دێ ، ئەڕشێتەوە ، هەناسەی سوار ئەبێ و لەوانەیە بمرێ . دژی ژەهری دووپشکی بدەرێ .

بۆ ئەوەی ئازارەکەی ئەهێڵدر ێ، شوێنە گەستراوەکە بخەرە ئاوی گەرمەوە یان مادەی (زایلۆکاین) بدە لە دەوری برینەکە .

ئەگەر هەبێ مادەی (نیمیتین) یان (هایدروکورتیزۆن) لەدەوری برینەکە بدرێ ئەوا ئەنجامێکی باش ئەدەن بەدەستەوە .

جاڵجاڵۆکەش ئەگەزێ، بەڵام ئەنیا دوو جۆریان ئەو ژەمرەیان هەیە زیان بە مرۆڤ بکەیەنێ . شوێنی گەستنەکەی ئەسوێتەوە ، ماسولکەکانی کۆڵنج ئەکەنو گرژ ئەبن ، ژانەسك ئەگرێ، هێڵنجی دێ، ئارەق ئەکاتەوە، زوو هەڵئەچێ ، لەوانەیە بش بورێتەوە . نزیکەی (٥٪)یان لە مردن نزیك ئەبنەوە . ئەگەر هەبوو (دژی ژەهری جاڵجاڵۆکە)ی بدەرێ . بۆ ئازارو ژانەسکەکەش (١٠ سی سی) کالسیۆمی ـ لێبدە ، گەر لات نەبوو با گەرماوێکی گەرم بکات .

ژەهری مێرووی وەك (هەنگ ، زەردەواڵە ، زەردەزیرە) مرۆڤ ناکوژن، بەڵام هەندێ جار تووشی (فرەهەستیاری)یەکی ئەکەن گەر فریای ئەکەوین ئەیکوژێ . هەنگ پاشی پێوەدان ژەهردانو جزووەکەی لە برینەکەدا جێ ئەهێڵنێو خۆی ئەمرێ . لەبەر ئەمە ئەگەر ژەهردانەکە بگوشرێ ژەهری زیاتر ئەچێتە ناو برینەکەوە . بۆیە ئەبێ جزووەکەی بە دەمە چەقۆیەك بە شێوەی کراندن لا ببەین . ژەهرەکەی ترشەڵۆکە ، کەواتە بەتفتێکی وەك (سۆدە ، ئامۆنیا ، هاوتا ئەبێ . بەڵام ژەهری زەردەواڵەو زەردەزیرە تفتەو بە ترشەڵۆکێکی وەك (سرکە، لیمۆ ، تەماتە) هاوتا ئەبێ.

دەنگ و باسی زانست

زەنگی ٢٤ ئاوازە

ئەم فوتوویەی کە دەیبینی زەنگێکی مۆسیقایە .. بەڵام شتێکی سەیرە .. دەتوانی پروگرامێکی بۆ دانێی بۆ ئەوەی بە ٢٤ ئاوازەی جیاجیا زەنگ لێبدا .. بە

ئارەزووی خۆیشت دەتوانی دەنگەکەی بەرز یا نزم بکەیتەوە .. لەبیریشت نەچێ ئەمیش بە کارتی کون کون ئیش دەکا وەك هەموو ئامرازێکی کۆمپیوتەر .

تایپڕایتەر.. خواحافیز



ئەو هەنگاوە خێرایانەی لە جیهانی کۆمپیوتەردا دەنرێ ڕەنگە کارێکی وا بکەن زۆری پێ نەچێ هەرچی ئامرازی تایپڕایتەر هەیە بخزێتە لاوەو بیانگۆڕێن بەم ئامرازە تازەیەی کە دەیبینن . . ئەمەیش هەرچەندە بچووکە بەڵام دوگمەی تیایە بۆ هەموو پیتو ئیشارەیەك کە لە تایپڕایتەردا هەیەو هەندێ دێڕیش لە یەك کاتدا دەگرێ . ئەیشتوانێ ئەوەی چاپی دەکەی لە مێشکەکەیا هەڵیگری و پاش ماوەیە پیشانی بدەیتەوە بەو خێرایی یەی دەتەوێ ..

ئیتر بۆ ئەڵێین .. تایپڕایتەر .. خواحافیز .

هەم بچووك و هەم ڕەنگاوڕەنگ

کۆمپانیای «کانۆن» ئەم ئامرازی فۆتۆکۆپی یەی تازەهێناوەتە بازاڕەوە کە هەم بچووك ، هەم سووك (١٩ کیلۆ)یەو هەم دەیشتوانێ دەقی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بکرێ بەومەرجە وینەکە خۆی سێ ڕەنگ زیاتری تیا نەبێ .. لە هەموویش سەیرتر ئەوەیە کاغەزەکەیشی تایبەتی نییەو بە هەموو جۆرە کاغەزێك ئیش دەکا .

ناوەڕاستی زەوی لەکوێدایە

مایك برۆکوەی کە ئەندازیارێکی ئەمەریکاییە لە دەرەتانی تیۆرێك و ئاسمانەوانیدا ئیش دەکا ، لەم دواییەدا توانیویە ئامرازێك دروست بکا بۆ دەستنیشان کردنی ناوەڕاستی زەوی .

ئەم ئامرازە کە لە ڕیشەدا بۆ مانگی دەستکردو پێوەندی بێ تەل دروستکراوەو بە هۆی تیشکی خوارووی سوورەوە زانراوی وا دەگەیەنێ کە خزمەتی ئەم مەبەستە دەکا.

ئەو کۆمپانیایەی کە یارمەتی تەراوکردنی کەم کارەدەکا بریاری داوە بەردەوام بێ لەسەری و ئیستا خەریکی ئەوەیە ئەم ئامرازە تازەیە بگەیەنێ بەو دانشگایانەی کە شارەزایی یان لە زەوی یەوانی و ئاسمانەوانیدا هەیە بۆ بەکارهێنانی وسوود لێوەرگرتنی

بەشی حەوتەم

نووسینی : وائل عانی

احمد سید علی بەرزنجی کردویەتی بە کوردی

ڕۆژنامەی ڕۆژانەو هەفتانە(١) پشت بە ڕاپۆرتی بەیامنێرو. هەواڵدەرەکانی دەبەستێ .

سائیتر لە ناوەوەی وڵاتدابن یان لەدەرەوە ، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیش لە ژیانی ڕاگەیاندندا ، لە دوای هەواڵ ، گرنگی یەکی تایبەتی هەیە . خۆئەگەر هەواڵەکە لە ڕووداوێکی دیاری کراوەوە وەرگیرا بوو ، ئەوا ڕاپۆرت تیشکێکی دیارخەری دوای ئەو ڕووداوەیە ، بەڵکو ڕوونکەرەوەیەکی چاکێتی .

ڕاپۆرتیش زوربەی بریتی یە لە کۆکردنەوەی چەند ڕاستی یەك دەربارەی بابەتێك و بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی خۆی لەسەری بدوێ یان ڕای خۆی تێدا دەربڕێ. چونکە ئەگەر ئەمەی کرد ئەوا (لێ دوان) یکی نووسیوە نەك (ڕاپۆرت) .

ڕاپۆرت نووسی چاکیش ئەوکەسەیە کەوا لە ڕاستییەکان دەکات خۆیان لە بابەتەکەوە بدوێن ، بەبێ ئەوەی ناچاربێ ڕای خۆی تێدابڵێ .

ڕاپۆرت یان سیاسی دەبێ یان ئابووری ، یان کۆمەڵایەتی یان هەر شتێکی دی ، بەڵام ڕاپۆرت لە شێوەدا دابەش دەکرێ بە :ـ

١ ـ ڕاپۆرت دەربارەی وتارێك : مەبەستمان لەو ڕاپۆرتەیە کە ڕۆژنامەنووس دەربارەی وتارێکی گرنگ کە لێپرسراوێك لە بۆنەیەکدا داویە ، دەینووسێ ، ڕۆژنامە نووسیش بۆیە پەنا دەباتە بەر نووسینی ڕاپۆرت چونکە : یان لەبەر درێژی وتارەکە کە ناتوانرێ بڵاوبکرێتەوە ، وەیان وتارەکە بەندی وای تێدایە کە بەڵای خوێنەر یان ڕۆژنامەکەوە گرنگ نییە ، یان پەیامنێرەکە کاتو ڕێگایەکی تەواوی نەبووە کە بەتەواوی دەقەکەی بۆ ڕۆژنامەکەی بنێرێ .

لەم حالەتەدا ڕۆژنامەنووس پەنا دەباتە بەر نووسینی پێشەکی یەك بۆ ڕاپۆرتەکە ، گرنگترین ئەو شتانەی تیایدا هاتوون بەچڕی باسیان دەکات ، دوایی دەست دەکات بە دابەشکردنی وتارەکە بەپێی گرنگی ی بەشە کانی (سیاسی ، ئابووری ،..هتد) .

بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووس بانگکرا بۆ کۆنگرەیەك و لە پێشەوە وتارەکەی وەرگرت ، ئەوا نابێ بەلە بکاو خێرا بینێرێ ، بەلکو لەناو کۆنگرەکەدا

دەربارەی نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی

دەمێنێتەوەو لەگەڵیا دەبێ . چونکە گەلێ جار لێپرسراوان هەندێ بێژەی لێلادەبەن یان دەیگۆڕن یان بەندی تری دەخەنە سەر .

٣ ـ ڕاپۆرت دەربارەی چاوپێکەوتن : مەبەست لەو ڕاپۆرتەیە کە ڕۆژنامەنووس دوای چاوپێکەوتنی یەکێك دەینووسێ ، لەم حالەتەدا ڕۆژنامەنووس دەبێ گفتو گۆکە بەتەواوی بگەیەنێ یان بەشێوەیەك کورتی بکاتەوە کە ڕای ئەوکەسە نەشێوێنێ .

خۆ ئەگەر چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ سیاسی یەکی ناسراودا بوو ، ئەوا پێویستە لەسەر ڕۆژنامە نووس کە لەلای خۆیەوە هیچی تری نەخاتە سەر . چونکە پرسیاری ڕۆژنامە نووسی زیرەك بەشی ئەوە دەکات کە هەموو لایەنە گرنگەکانی کارەکە بخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی پێویست بکات کە لەسەری بدوێ .

ڕۆژنامەنووس خۆی هاتووە پرسیار بکات ، لەبەرئەمە پێویستە شارەزایی یەکی هەبێ لەو بابەتەی کە بەدوایدا دەگەڕێ ، ئیتر ئەوکەسە تا ڕادەی گەیشتن بەڕاستی بدوێنێ .

٣ ـ ڕاپۆرتی ناوخۆیی : مەبەست لەمە ئەو ڕاپۆرتەیە کە دەربارەی دیاردەیەکی ناوخۆیی دیاری کراو دەنووسرێ ، ئەم جۆرە ڕاپۆرتانەشی پشت بە کۆمەڵێ ڕاستی ، کە وان لەبەردەستدا ، دەبەستن . لە کاتی نووسینی ڕاپۆرتدا ، زۆر لە ڕاپۆرتنووسی عێراقی دەکەونە هەڵەوە ، چونکە پەنادەبەنە بەر نووسینی پێشەکی یەکی داڕێژراو کە (یان لەگەڵیدا دەبن یان دژی دەبن) ، هەربە چاوی (لێدوان) یشی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن .

ڕاپۆرتی ناوخۆیی ، بەزۆری ، بەبێ هیچ پێشەکی یەکی داڕێژراو دەنووسرێ ، وە ڕای ڕاستەوخۆشی تێدا نادرێ ، هەر بۆئەمەش با ئەم نموونەیە وەرگرین :

لەبەغدا کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە ، ڕۆژنامەکەش دەبێ ڕاپۆرتێك و لێدوانێك بنووسێ ، جا ناخۆ چۆن ڕاپۆرتەکە بنووسین و چۆنێتی لێدوانەکە ؟ لەگەڵ پاراستنی خاسیەتە هونەرییەکانی هەردووکیان .

لێدوان :ـ لێدوان ئاوا دەست پێدەکات :

« لەنێوان ئەو شتانەی کە فەرمانڕەوایی پێشکەوتن خواز لەعێراقدا بۆی مایەوە ، ژمارەیەکی زۆری نەخوێندەوارە کە خوێندنەوە و نووسین نازانن و دەینە کۆسپێ لە ڕێڕەوی بەرهەم هێناندا و قۆناغەکانی بەجێهێنانی نەخشەی پەرەپێدان ... هتد » .

ڕاپۆرت :ـ بەڵام ڕاپۆرتەکە ئاوا دەست پێ دەکات :

« دوێنێ لە بەغدا یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە ، بە بەشداربوونی هەموو ئەو دەزگایاتەی دەیانگرێتەوە .

پروانە ل : ٧

مێژو ئاگادارمان ئەکات کەتیشکی خۆر بەکارهێنراوە بۆ گەرم کردنی هەواو ئیش پێ کردنی ئامرازی میسردا شەقڵی ئایینیان پێوە بوە .

ئەو ڕۆژانەدا پەیکەری ناوبۆشیان دروست کردوە ، لە ئاستی دەمو قاچەکانیاندا درزیان تیابوە . لە کاتێکدا خۆر هەڵهاتوە هەوای ناو پەیکەرەکان گەرم بوونو دەستیان کردوە بە کشانو بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر کەشتیانەی ئابلۆقەی شارەکەیان . دابوو . ئەم چارۆکانە ناگریان گرتو کەشتیەکەل « اسطول »ەکەیان تێك و پێك چوو سوپای دوژمن شکاو شارەکەیان ڕزگاری بوو . لە پاشی ئەرخەمیدس بە چەند سەدەیەك زانایەکی تر ویستی وەك ئەرخەمیدس وزەی خۆر بەکار بهێنێت بۆ ڕەوانەوەی ئەوەو گەمارۆیەی درابوە سەر شاری « قسطنطینیە » ، بەڵام ئەم لە کارەکەیەدا سەرنەکەوتو شارەکەی کەوتە دەست نێروی دوژمن .

لە دوای ئەمانەشی هەوڵو کۆشش بەردەوام بوە بۆ سودوەرگرتن لە وزەی خۆر . بەڵام ئەم هەموو تەقەللایە لە سنوری پەرەپێدانو چاکردنی ئامرازەکانی وەك ئاوینەو وردبین کە تیشکی خۆری تیا کۆکراوەتەوە نەترازاوە .

پاشان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەکارهێنانی وزەی خۆر پتر پەرەی سەندوە ، بۆ ئیش پێکردنی بزوێنەرە هەڵمیەکانو بۆ ئیش پێکردنی چاپخانەیەك بە وزەی خۆر . ئەم چاپخانەیە ساڵی ١٨٧٨ زاین لە پێشانگای پاریسدا بۆ یەکەمجار بینراوەو توانرا بەزۆری داهێنان (براءات الاختراع) بو ئەو ئامرازانە تۆمار بکرێت کە بە وزەی خۆر کاریان دەکرد .

لە ساڵی ١٨٧٤ زاینیدا زانا « هاردنغو بناولسون » لەشاری « لاسالیناس » لە « تشیلی » دروستی کردوە . ئەم کارگەیە بەبەردەوامی یەوە

پروانە ل : ٧

حمە قادر

لە دەمی پەیکەرەکانەوە هاتۆتە نیشیانەوە هەوای سارد چۆتە ژورەوە . هەروەها ئەفسانەیەك هەبە لەبارەی بەکارهێنانو سود وەرگرتنەوە لە وزەی خۆر لە ئیشوکاری سەربازیو جەنگدا ، پاڵەوانی ئەم ئەفسانەیە زانای بەناوبانگ « ئەرخەمیدس »بوە کە هاووڵاتیەکی شاری سەختی « سیراکوزە »ی سەر بە دوورگەی « سەقلیە »یە لە ساڵی ٢١٢ پێش زایندا فەرماندەی هێزی ڕۆمانی « مارسیلیوس » گەمارۆی ئەم شارەی داوە بە مەبەستی سەر پێ شۆرکردنو چۆك دا دانیان بۆ دەسەڵاتی خۆی . ئەرخەمیدس ڕاپەڕیو زانستەکەی خۆی خستەکار بۆ بەرگری کردن لە شارەکەی . تیشکی خۆری پێچەوانە کردەوە بە هۆی

له هەولێر

باسکردنی باری ڕێکخراوە پێشەییەکان و خزمەتیان بۆ جەماوەر

بە سەرپەرشتی بەڕێز هاوڕێ عبدالمحسن خلیل رازگری نووسینگەی پێشەیی لقی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

لە ڕۆژی ١١-١٢-١٩٨٢دا کۆبوونەوەیەك لەگەڵ لێپرسراوان و دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوو نەقابەو کۆمەڵگە جەماوەری و پێشەییەکانی پارێزگەی هەولێردا ڕێکخرا ..

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز مامۆستا محمد امین محمد ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان ئامادەبوو . هەروەها بەڕێز مامۆستا یحیی جاف پارێزگاری هەولێر لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا بەشداری کرد .

پێشەکی هاوڕێ عبدالمحسن خلیل دەربارەی پێویستی و ئەرکی سەرشانی هاوولاتیان لەم قوناخەدا کە وڵاتەکەمان پیا دەڕوا قسەی کرد . ڕای گەیاند کە پێویستە لەسەر هەموو پێشەییەکان و هەریەکی لە جێگەی خۆیەوە دەوری ڕابەرانەی خۆیان ببینن و ، لەگەڵ دەزگاکانی حزب و شۆڕشدا پێکەوە گیروگرفتی هاوولاتیان چارەسەر بکەن و . بەمەش گەورەترین خزمەت دەگەیەننە شۆڕش بەتایبەتی لەم قۆناخەدا کە گەلەکەمان بە سەرکردایەتی هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین بەرەنگاری هێرشی نارەوایانەی ڕژێمی گەندەڵی خومەینی دەبێتەوە .

لە دوایی‌یدا لە لایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە چەند مەسەلەیەکی پێشەیی و چەند پێشنیارێك خرانە پێش چاوو ، بەڕێزان ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێر ، ڕای خۆیان بەرامبەر سەرتاپای ئەو مەسەلانە دەربڕی و ، بە وردی و بە گیانێکی دیموکراتیانەوە لەگەڵ بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەو مەسەلانە کۆڵینەوە .

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ، ئامادەبوان بەڵینی دڵسۆزی و وەفاداریان بۆ سەرکردایەتی سەرەکی فەرمانڕەوا صدام حسین نوێ کردەوە .

نووسینگەی هەولێر

کۆمەڵێکی یاسایی فراوان بۆ لێکۆڵینەوەی باری یاسایی و کۆمەڵایەتی

نەجات ڕەفیق حیلمی
نووسینگەی هەولێر

سەروکایەتی دادگای ئیستیناف لە هەولێر ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٩٨٢/١٢/٩ ، لە هۆڵی سەروکایەتی یاسا کۆمێکی فراوانی گێڕا بەبۆنەی ئەو گوڕاو دەستپێدانەی کە ئەنجومەنی سەروکایەتی شۆڕش لە سەر چەند ماددەیەکی تایبەت بە یاسای تاوانی (دەستدرێژی و دزی‌کردن‌دا کردویەتی ، کە زوربەی لێپرسراوان و قازی و پارێزەر لەم کۆڕەدا ئامادەبوون و بەشداری مونا‌قەشەو لێکۆڵینەوەکەیان کرد ، بەم بۆنەیەوە بەڕێزان ئەمینداره گشتیەکان و پارێزگاری هەولێرو قازی و پارێزەرو نوێنەری سێتمانی و دهۆك ئامادەبوون .

لە سەرەتای کورەکەدا کە بە قورئانی پیروز کرایەوەو ماوەیەکی یەك چرکەیی بۆ گیانی شەهیدان ڕاوەستان .

ئنجا سەرەکی دادگا مامۆستا بکر ئیسماعیل بە ووتەیەکی کورت بەخێرهاتنی ئامادەبووەکانی کردو مەبەستی ئەم کۆڕ گێڕانەی ڕوون کردەوە کە ئەم گۆڕین و جاك‌کردن و دەست کاری‌کردنەی ئەو چەند مادە یاسایی‌یە پەیوەندی بە هۆی زرونی تایبەتی نالەباری شەرەوە هەیەو پێویستە بە هەمووان ڕێ بەدوژمن نەدەین بتوانێ کەلێنێ لە ناوەوەی وولات بدۆزێتەوەو دەستدرێژی لێوە بکات ئنجا لەپاش ئەو قازی مامۆستا جلال زێوەر ووتەی سەروکایەتی ناوچەی خوێندەوەو دوای ئەو ووتەیە ئیدعای گشتی لە لایەن مودەعی عام مامۆستا احمد محي الدین‌ەوە خوێندرایەوە.

نقابەی پارێزەران لە لایەن احمد محمد سعید جمبازەوە وتەکەی خوێندرایەوە .

هەروەها نووسینگەی ڕاگەیاندنی یاسایی وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە .

خوشکە فوزیەی نوێنەری نقابەی کرێکاران ووتەی نەقابەی خوێندەوە .

ئنجا مونا‌قەشەی بەرفراوان کرایەوە کەلی لە ئامادە بووەکان بەشداری مونا‌قەشەکەیان کردو هەندێ پرسیاری بەجێیان ئاراستەی قازیەکان کردو ئەوانیش یەکە یەکە پرسیارەکانیان شی‌ئەکردەوەو وەڵامیان ئەدایەوە .

لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکاندا

«وڵاتی مەرگو درۆو دەلەسە»

ڕۆژنامەی ئایمزی لەندەن لەدوا ژمارەی خۆیا وتارێکی بڵاوکردوەتەوە لەژێر ناونیشانی (نهێنیەکانی وڵاتی مەرگو درۆ)دا کەبریتی‌یە لەنامەیێك کەلە لایەن خۆشکێکی ئێرانیەوە بۆی هاتوە، وە ئاکامگیری لەو نامەیە ئەوە دەرئەخات کەئەمڕۆ لەئێران گرنگترین‌شت ئەوەتە کەبتوانی گیانی‌خۆت بەسەلامەت دەرکەی ، جامن نامەوێ ناوەڕۆکی ئەو وتارە ، یان نامەکەی ئەوخۆشکە بگێڕمەوە ، تەنها ئەوەنە کەمنیش بلێم بەڕاستی ئێرانی‌ئەمڕۆ بریتی‌یە لەوڵاتی (مەرگو درۆ) ، بەڕاستی ئەم مەلایانەی کە ئەمڕۆ دەسیان کێشاوە بەسەر چارەنوسی ئێرانا ، خۆیان شێتن ، یان خەلك بەشێت ئەزانن ، ئەمانە چوارساله کوردنەکوژن وە هەموڕۆژێ ئەڵێن ، شتەکە ئەواوبو ، وە هەمو لایێکی کوردوستانمان داگیر کردوەتەوە ، کەچی سەرلەنوێ سبەینێ ئەڵێنەوە ، وا فیسارەشوێنمان لەکوردوستان داگیر کرد ، ئەونە کوردمان کوشت بەوەندە کیلومەتریش چوینەپێشەوە ، کەئەگەر ئەوقسانە ڕاس‌بوایێ ئەبوایی نیستە لەقیبرسا بونایێ ، هەروەها دەربارەی هێزەکانی موجاهیدین ، هەموڕۆژێ ئەڵێن وا ئەواوکران وەکەسیان نەما ، کەچی هەرئەونە ئەزانی نوێنەرێکی کەورەی خومەینی کوژرا ، یان بۆمبایێك ئەقی‌بەوە ، هەمو ڕۆژێ ئەڵێن واعیراقمان شکاند وازڕیمی‌عیراق نیاچو ، سبەی ئەگەینە بەغدا ئەگەینە کەربەلا ، کەچی خۆمان ئەزانین کەهیچی‌وانیە، وەشەڕ هەرلەسەر سنورەو عیراقیش هەروەکو خۆی وایە ، ئەم مەبەستانە بکرە من ، وەیا هەر نوسەر یکی‌دی زووتریش نوسیێتمان وەهەموکەسێ بیزانێ ، بەڵام ئایا ئەم مەلایانە کە گوایا خۆیان بەپیاوی خوا وەمرۆڤی ئایین دانەنین ئایا شەرمی خوا کە ناکەن شەرمی خەلکەکەی خۆیان نایانگرێ ،؟ جالەمانە ناشیرین‌تر ، باسی خەرافاتە، کەکار بەدەستانی ئێران ، هەروا بەئاشکرا لەڕادیۆدا ئەڵێن ، کە ئیمامی‌زەمان ، واتە مەهدی ، وەحەزرەتی حوسەین وەهەموی ئیمامە کان ، خۆیان وان لەمەیدانی نەبەردا وەیارمەتی ئێرانیەکان ئەدەن ، بەڕاستی ئەمانە ئابنیان کردوەتە کالتەی منالان .

یەکەم : ئەی بۆچی سەربازەکانی عیراق کێزوەچین ؟

دوەمنی فاطمەو حوسەین وە ئایینی ئیسلامن ؟ تاوەگو ژمارەکان یارمەتی ئێرانیەکان بدەن ، وەلەدژی عیراقیەکان‌بن . ؟

دوەهم : شەڕ شەڕە ، وەئەم درۆو دەلەسەیە بەناوی ئایینەوە چی‌یە ؟ شەڕ لەنێوانی هەموکەلو ئایینێکا ئەکرێ ، ئیتر ئەم خەرافاتەچی‌یە ، وەئەگەر ناخوندەکان ڕاستئەکەن ، دەی ئەو ئێرانیانەی کە هەزار هەزار **ئەکوژرێن** ، بۆچی ئیمامەکان بەرگری ناکەن لەکوشتنیان ، کەواتە ئەوانەش کافرن ؟

بڕوانە ل : ٧

پەردە لادان لە ڕووی باری ڕۆشنبیری لە ئێران

نووسینی : جلال وردە/ (هاوکاری) کردویەتی بەکوردی

بەشی حەوتەم

ئێران لە ڕووی ڕۆشنبیری‌یەوە بەرەو کوێ دەچێ ؟!

ئەو کارانەی کە بە (شۆڕشی موسولمانی) ناوبراون دەتوانرێ بەنیشانەی تاریکی دواڕۆژی ئێران دیاری بکرێ .. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە سەدەی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلوژیدا ڕژیمی ئێران گەوتۆتە دەمنانە ناو مێشك و هونەرو توانا و بەهرەی ڕۆشنبیران و شارەزاو مامۆستایان و ئەوانەی کە لە بواری زانکۆدا لیهاتوون و دەیانمژێ و ئەم دەم تێخستن و مژینی توانایە ڕۆژ بە ڕۆژ لەکەشێکی ئەبوونی دیموکراتی‌یەتی سیاسی و سەربەستی بیروباوەڕدا کە هەلی پلەی پەروەردەو ڕۆشنبیریدا دەستدەخات دەکرێ و تونەدو تیژیش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بارکردنی مێشك و ئەوانەی توانایان هەبەو ئەگەڕانەوەی ئەوانەی کە کۆچیان کردۆتە وڵاتەکانی‌تر .. پاشان ئەم مژینەو کۆچ‌کردن و بەندکردن و خۆشاردنەوەی (کاری سیاسی بە نهێنی) خۆی لە خۆیدا خزمەتی ئێران دەگەیەنێ و زیان بە قازانجی ئێران دەگەیەنێ و زیان بە کاکڵی سەربەستی سیاسی‌ی ئابووری و ڕۆشنبیری دەگەیەنێ و کارێك دەکات ئێران بکەوێتە بازنەی کلکایەتی ئەواو .

لێرەدا ئەوە بەسە کە پەنجە بۆ ئەوە بکێشین کە ژمارەی ئەو پزیشکە ئێرانیانەی کە تەنیا لە نێورکدا کار دەکەن لە ژمارەی ئەو پزیشکانە زیاترن کە نیستە لە ئێراندا هەیەو هەروەها ئەو دەستە بێ‌مێشکە بوو کە کەوتە ماوەدان بەوەی‌کە هێزی کەورە دەست بەسەر ئێراندا بگرێ بە تایبەتی هێزە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا .

« شۆڕشی ڕۆشنبیری‌موسولمانی » ناسنامەی نیشتمانی ڕۆشنبیری ئێران‌لە بواری ئەبوونی پاراستن‌و هاندانی‌ڕۆشنبیران‌و ئەبوونی دەولەمەندکردنی ڕۆشنبیری‌و کەلەپووری ئەلانی ئێراندا دەشیوێنێ‌و ئەمە بێجگە لەوناریکی‌یە ئەواوی‌یەی کە بەسەر ڕۆشنبیری ئەو ئەتەوانەدا وەك ئازەری‌و کوردو عەرەب‌و بلوشی‌و ئەرمەنی‌یەکاندا هاتووە .

بەهۆی گالتەجاتی کاربەدەستانی ئێرانەوە بە ڕۆشنبیران‌و ئەبوونی سەربەستی نایەبکاری‌و لێدانی ڕەوشتی مرۆڤانە(شۆڕشی ڕۆشنبیری موسولمانی) تووشی وشك‌بوون‌و لەناوچوون هاتووە .

« شۆڕشی ڕۆشنبیری‌موسولمانی » ئەبونی بەیوەندی‌ی توانەوەی‌ئێران‌و دەرەوەیە ئەمەش بە هۆی بچرانی‌ئەو پەیوەندی‌یە تونەدو تۆلە ڕۆشنبیری‌یە کە ئێرانی‌بە ڕۆشنبیری‌یەکانی مرۆڤانە پێشکەوتنخوازەکان‌دەبەستەوەو ئەمیشیان لەبەر ئەوەیە کە کاربەدەستان‌دروشمی (نە ڕۆژهەڵاتی‌و نە ڕۆژئاوایی) بە جۆرێکی‌ئەنامانە بەرزکردۆتەوە .

گورج‌ی گۆنی ڕۆشنبیری‌بەرهەلستکارانی ئێران

دەستە بەرهەلستکارەکان‌لە ئێران دەستە ئەژنۆ دانەنیشتوون‌و لە ڕووی‌سیاسی‌و سەروپای‌یەوە کەوتوونەتە بەربەرەکانی‌کردنی دامودەزگاکەی خومەینی‌و ئەمەشی بە لێدانی‌فرۆخانەو مەلبەندە میری‌یەکان‌و دانی یاداشتی‌بەئیزگەی خومەینی بەرامبەر لێدانی (٣٨) کەس لە بەتواناترین نووسەرو هونەرمەندو شاعیرانی ئێران‌لەوانەی کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلانی تێکۆشەری ئێران بوون‌و ناوەڕۆکی باداشتەکەش

ڕووتکردنەوەی لەڕێ‌لادانی شۆڕشەکەی گەلانی ئێران‌و نەوتەدوتیژی‌یەبوو کە هەبوو سەرزەنشتی خومەینی‌ودەستەو . دابەرەکەی بوو سەبارەت بە بەرباکردنی‌شەڕو تووش‌کردنی ئێران بە شەڕەوە دژی عیراقی‌دراوسێ ..یاداشتەکە داوای دەربڕینی باوەڕ بە سەربەستی‌و دیموکراتی سیاسیشی کرد . بەڵام وەڵامدانەوەکەی خومەینی سەرکێش‌و خراپبوو پاش‌ئەوە درندانە کەوتە لێدانیان‌و

● مامۆ بەتی ●

باسکردنی باری ڕێکخراوە پێشەییەکان و خزمەتیان بۆ جەماوەر

کەچی هەروەك کەلانی ئێران ئیستا خۆیان دەزیدەبڕن کشتی ئەمانە خەیال‌و خەون بوون .. ئەم ڕژێمە نوێیە لە شەڕو ئەهامەتی زیاتر هیچیان لەگەل خۆیاندا نەهێنا ..

مەسروفاتی شەڕ لە مانگی نشریکی یەکەم سالی ١٩٨٠ کەبیشتە ٢٢٥ میۆن دولار و لە مانگی حوزەیرانی عەینی سال کەبیشتە ٨٦٤ ملیۆن دولار . ئەمەش کارێکی گەورەو زیانێکی بێ‌ماونای کەیاندە بۆدجەی سالانەی دەولەت بەگشتی ..

لە سێ مانگی سەرەتای شەڕەکەدا کەبیشتە ٨ ملیار دولار ..

باری ئابوری ئێران زیاتر ڕووی لە خراپی کرد بەتایبەتی پاش بۆردمان کردنی دورگەی خەرك لە لایەن سوپای عیراقەوە ..

وەزیری نەوتی ئێران محمد عەزەزی داوای کردووە لە ئێبونی نەوت کەم بکەنەوە .. لەبەر پەك‌کەوتنی دەزگاکانی نەوت .. دەبێ هاوولاتیان لەم بارەیەوە یارمەتی دەوڵەت بدەن‌و هوشیار بن ..

بازاری ڕەش سەری هەڵدایەوە ، نەوت‌و بارترین لە ناوەوەی وولات گران بوو ..

جونیارەکان لە بەر ناهێنمی لە دیهاتەکاندا بەرەو شارەکان کۆچیان کرد بەتایبەتی سەیریان کرد سوپای عێراق دەگاتە قوڵترین‌و دوورترین ناوچەی ئێرانی .. بینیان ئەوا عێراق دەتوانێت هەر جێگایەك بیەوێت داگیری دەکات‌و سوپای ئێرانیش توانای ئەوەی نی‌یە بەربەستی‌ی بکات .. لەبەر ئەمانە دەبینین زۆربەی دەرەزۆری دێهاتەکانی ئێران چۆڵ بوون‌و کەس تیا نەما .

ئەو یاساو بڕیارانە کە لەوەتی شادا بۆ کشت‌وکاڵ دانرا ئیستا هەرماون‌و هیچ گۆڕانێکیان بەسەرا نەهاتووە .. تەنها ناوەکان نەبێت کە باسمان‌کرد .

ئیستا ٣٣ میۆن جوتیار بستێك عەرزیان نی‌یە ڕیانێکی تاو ناخۆشیان هەیەو لەئەوپەری هەژاری‌و پرسێتی‌و ئاوارەو فەلاکەتدان ..

ئەگەر ئەم بارە کاری‌کردەسەر نرخی شتومەك چونکە وولات بەربەستی دەبێت لە دەرەوە ڕێچێت‌و بە دەگمەن چنگ دەکەون ..

ڕیستا ئێران ٩٧٪ برنج لە دەرەوەی وولات ئەهێنێ ٣٢٪ گەنم .. ٤٥٪ گۆشت ، .. نرخی برنج ٥٢٪ زیاد بووە ، ٥٠٪ گۆشت ، ٤٠٪ نارد ، ٦٥٪ میوەجات .

نرخی شتومەکی خواردەمەنی سالی ١٩٨١ کە ئەنها لە ئەمەریکا هێناویەتی گەیشتۆتە ٥٠٠ ملیۆن دولار .

● باری پیشەسازی : لە وەختی شای گۆڕبەگۆڕ کارخانەی فورس دانرا وەك دروست‌کردنی ئاسن مس ، ماشینی‌ی گاز .. هتد ..

زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرۆژانەی کە لەوەختی شادا دانرابوون‌و چاوەڕوان دەکرا جێبەجێ‌بکرێن تا ئەم ساتە هیچیان دیارنەبوو ..

بڕوانە ل : ٧

● فؤاد حسین احمد ●

● درێژەپێدان بە شەڕ لەلایەن خومەینی‌و ڕژێمە نەفامەکەی قازانج بە ڕژێمەکە دەبەخشێت‌و خزمەتی گەلی لایەنی تریش دەکات .

جارێ ئەوەی ناشکرایەو هیچ گومانێکی لێناکرێ ئێرانی پڕ لە ئازاوە لە بارێکی ناخۆش‌و نالەباردا دەژی .. ڕانەگرتنی شەڕەکە لەکات‌و زروفێکی ئاوادا خەلکەکەی زیاتر پێیەوە خەرێك دەکرێت‌و ناشێن خۆیان بخەنە توخنی ئەم گیروگرفتانەوە یان بیری لێ‌بکەنەوە ..

دوورخستنەوەی سوپاو سەرکردە گەورەکانی ڕژێم لە مەترسیان ڕزگار دەبێت ..

هەر لەم بارەیەوە خومەینی‌و ناقمەکەی ناتوانن فەرمانی دەوڵەتە گەورەکان جێبەجێ بکەن یان قسەیان بشکێنن‌و پشت‌گوتی بخەن .. هەروەك ئەمەریکا یان قەوارەی زایۆنیزم‌و هەندێ دەوڵەتانی دیکەش .. گەورەترین‌و باشترین بازارو بازرگانی‌ی چەك فروشتنی سەری‌هەڵدایەوە .. بەتایبەتی چەکی نوێ .. ئەم شەڕە بوو بە باشترین ئەزمونکە بۆ ئەو دەوڵەتانەی چەك دروست دەکەن .. بەهەزارەها ملیۆن دۆلار چەکیان فرۆشت ..

ڕاستیەکەشی هەر ئەوەیە چ خومەینی‌و چ ئەوانەی خومەینیان تووش‌کرد کەوتنە گێچەڵێکی گەورەو وەزعێکی پڕ لەمەترسی‌یەوە چونکە ئەنجامی شەڕەکە بەچەوانەی مەرامی ئەوانەوە دەرکەوت .. گشت لا ناهومیدو ڕوورەش بوون .. ئێران بە سەدات سال کەوتە دواوەو زیانێکی ئێجگار گەورەی لێی درا ..

● گەلانی ئێران دوای شای گۆڕ بەگۆڕ خەونیان بە دۆخێکی ترەوە دەبینی .. وایان زانی ئیتر کۆتایی بە کەساسی‌و هەژاری‌و زوڵم‌و زۆری‌و ناهێمنی دێت‌و ژیانێکی پڕ لەکامەرانی‌و خۆش‌گوزەرانی‌و سەربەستی دەرەخسێنرێت ..

Institut Kurde de Paris

زنجیرەی مێژووی

سەردەمی بووژاندنەوە

نووسینی : د. کمال مظهر احمد

فراد مجید میسری تردویەنی بە کوردی

بەشی حەوتەم

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەرەس هێنانی بەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکانی ئیتالیا پێش وولاتانی تر کەوتو بە حوکمی ئەو گۆڕانکاری‌یە ، پێداویستەکانی گۆمەڵی نوێیش بەر لە شوێنانی تر لەوێدا دەرکەوتن • ئەمەیش خۆی لەخۆیدا هۆیەکی بچینەیی بوو ئاوەکو ئیتالیا بکاتە لانکەی بووژاندنەوە ، بە ئەندازەیەك لە سەدەی چواردەهەمو پانزەهەمدا شاری «فلۆرەنسا» بووە مەلبەندی هەموو جموجۆڵێکو ناودارترین پێشەواکانیشی خەڵکی ئەو شارە بوونو جێی خۆی بوو ناوی «پایتەختی بووژاندنەوەی لێنرا •(١٥) شان بەشانی ئەم هۆ بنچینەیی‌یە گۆمەڵێك هۆی تر لە ئیتالیادا هاوبەشی‌یان لە گەڵا، بوونو ئەشوونما کردنی بووژاندنەوەدا کرد • چونکە ئەو وولاتە هەر بە تەنها ئەلقەی پەیوەندی بازرگانی‌ی نێوان ئەوروپاو رۆژهەلات نەبوو ، بەڵکو بەحوکمی شوێنە جوگرافیایی‌یەکەی ، ئەقەی پەیوەندی نێوان هەردوو لای پێکدەهێنا • بە هۆی ئیتالیاوە بیروڕای دیاردە گرنگەکانی شارستانیەتی رۆژهەلات دەگەیشتنە ئەوروپاو جێ پەنجەی لە بووژاندنەوەی ئەوروپادا بە ئاشکرا دیارە • ئەم دەورە گرنگەی ئیتالیا بینی ، بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی خاچ پەوستاندا دەردەکەوێ وسەرجەم مێژووونووسان لەو باوەڕەدان کە پاشەکشەی سوپای شکستەیان زۆر دیاردەی شارستانیەتی لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا پەڕاندەوەو بەر لە هەموو شتێك لە بووژاندنەوەی ئەوروپادا رەنگیان دابەوە •

رەگەزەکانی کەلتوری رۆژهەلاتو لە سەروو هەموویانەوە کەلتوری عەرەبی‌ی ئیسلامی هەر زوو لە بیرو باوەڕی بووژاندنەوەدا کاری خۆیان کردو دواییش لە دەستکەوتەکانیدا خۆیان نواند • شتێکی بەلگە نەویستە کە لە بەرهەمی دوو کەس لە سێ پێشەواکەی بووژاندنەوەدا ، ـ واتە «دانتی» و «بۆکاشیۆ» ـ هەست بە کارتێ کردنی داهێنانە رۆژهەلاتی‌یەکان دەکرێ • (١٦) لە بواری زانستیشدا ئەوەندە بەسە نموونەیەك بە بەلگە بهێنینەوە تاوەکو لە ناوەڕۆك ومەودای ئەم کارتێکردنە ، تێبگەین • لە سەدەی بووژاندنەوەدا پورتوگالی‌یەکان لەناو هەموو دەریاوانەکانیاندا

گەمێکی وەك « فاسکۆ دی گاما »یان هەڵبژارد تاوەکو ئەرکی دۆزینەوەی رێگایەکی نوێی بۆ هیندستان بخەنە ئەستۆ ، چونکە ناوبراو پیاوێکی کردەو لیهاتوو بوو • ئەوەبوو بە چاکترین ئفاقی شەڕی ئەوسای ئەوروپا پر چەکیان کردو چی ئەخشەو نامرازی ئەستێرە شوناسی‌یو زانیاری تازە دۆزراوەی ئەو کاتە هەبە خستیانە بەردەستی ، بە هیوای ئەوەی خەوە گەورەکەیان بهێننەدی • بەڵام کە گەیشتە شاری « مالیندی » سەر بە «کینیا»و چاوی بە « شێری دەریا » ـ ئەحمەدی کوڕی ماجید ـ کەوت ، هەستی کرد تا چ ڕادەیەك پێویستی بەیارمەتی ئەو پیاوە زاناو لێهاتووە هەیە • بۆیە بەوپەڕی رەزامەندی‌یەوە جلەوی سەرکردایەتی دایە دەست • بێ گومان ئەویش ئەبوایە ئەو بۆو خێرایی‌یە دەگەیشتە جێو ئەو سەرکەوتنەیشی بە نسیب دەبوو •

هۆیەکی تری گرنگ هەبە وای کرد خاکی ئیتالیا بەر لە وولاتانی تر ببێتە زەمینەیەکی بە پیتو تۆوی بووژاندنەوەی تیدا چەکەرە بکا • ئاشکرایە ئەم وولاتە جەند سەدەیەك پێش بووژاندنەوە بووە مەلبەندی کەنیسەو جیهانی مەسیحی‌یەت • ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی لە دوو سەرەوە دیاردەکانی بووژاندنەوەی تیدا دەربکەوێو لە دوو جەمسەری ناکۆکەوە گەشە بکاو پەرە بسێنێ •

وەك لە دواییدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەشێکی زۆری بیروڕای بووژاندنەوە بریتی بوو لە رەخنە لێگرتنی کێسەی کاثۆلیکی کە لەو کاتەدا «رۆما» بووە مەلبەندەکەی‌و چی بیروڕای سەلبی کێسە هەیە لە شوێنانی دی زیاتر لەو شارەدا بەرجەستە دەبوو • رۆژ لە دوای رۆژیش پتر ناڕەزایی لە دەروونی ئەوروپایی‌یەکاندا بلێسەی دەسەند • ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە کێسە ناچار بوو حساب بۆ ئەو گۆڕانکاری‌یە نوێیان بکا کە بووژاندنەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی‌یە کایەوە ، لەوەیش دەترسا ئەبا ووردە ووردە کۆمەڵ لێی بتەکێتەوە • لەبەر ئەوە کەوتە خۆ چەند پیاوێکی سەر بە بیروباوەڕی نوێی لە خۆی نزیك خستەوە • ئەنانەت چەند پاپاکیان بۆ ئەوەی کە کێسە دەوری خۆی ئەدرێژێ بایەخێکی باشیان بە بیروڕای هۆمانیستەکان دەداو لە نزیکەوە پەیوەندی‌یان لەگەڵ پەیدادەکردن ، هەندێکی تریشیان حازیان بە زانستو جاودێری‌کردنی زانایان دەکرد ، کە یەکێکیان کوڕی ئەنگلیتەرەکەی کێسە ـ پاپا نیکۆلای پێنجەم ١٤٧٧ ـ ١٤٥٥ ـ بوو • ئاڕاژ بەوە ئاسرابوو رۆشنبیرێکە تەواو لە سەردەمەکەی خۆی تێگەیشتووەو دەزانێ چۆن هەڵی‌دەسەنگێنێ • ئەم پیاوە زای وابوو هیچ دژایەتی‌یەك لەوەدا نی‌یە بایەخ بە کەلتوری بەر لەزاین بدرێو لە هەمان کاتیشدا دڵسۆزی ئاینی مەسیحی بێ • ئەو دەیویست بەدژی ئاینو «لایەنە چاکەکانی شارستانیەتی کۆنەوە سەر لە نوێ رۆما

بروانە ل : ٧

یانەی شاعیران

● ئەم جارە ئەو شاعیرانە بە ئەندامی یانەکەمان ، یانەی شاعیرانی دوارۆژو شیعری نۆبەرەو مزگێنی هێنی بەهرەداری ، وەرگیران •• تکایان لێ دەکەین نامەمان لێ نەبڕن ، پەیوەندییمان لەگەڵ توندوتۆڵ بکەنو بەرهەمی تەڕو تازەمان بۆ بنێرن • رۆژنامەکەیان ، رۆژنامەی (هاوکاری) یانەی هەموو شیعر دۆستو شاعیرو نووسەرێکە •

سەردار سعید لە هەولێر
کاکە شێتی شاری هەولێر
هادی عمر محمد امین لە کەرکوك
احمد صدیق هەمەوەندی
احمد محمد رسول
حسن سەربەنی لە هەولێر
هەرمان محمد لە باتوفە
بەختیار عەلی لە سلێمانی
رزگار اسماعیل سیان
لقمان مەلا شەرەفی ماکۆسان
کامەران غالب
نازاد مۆریاسی لە سید صادق
غازی صابر لادیی
فەخری باتاسی لە هەریر
گردوان عەلی .

● ئەمەش چەند دیاری‌یەکی ئەندامانی یانەکەمانە پێش‌کەش خوێنەوارانی ئازیزی دەکەین .

پەخشانی هونەری

بکر حسن

دەڵێی .. لە خۆرتکاوی

دەڵێی لە خۆر تکاوی ..
- هێندە جوانی ..
هێندە پاکی
ئەی تنۆکە لە خۆر تکاوەکە
دەبێ ئێستا بیر لەچی بکەیەوە
بیر لە مێی عاشقت
دەبێ ئێستا بیر لەچی بکەیەوە ؟!
ئێستا هێندەی ڕووبارێکی یاخی دەبی لە چاومدا
زۆر سەبرە .
چاوم پڕە لە تۆ ..
لە ڕووبارێك

نامەیەك لە سەنگەرە خوێناوییەکانەوە بۆ خۆشەویستم

طارق مەنتك

ووشەکانت .. گیانە
تۆم لەبەر چاوانە
لە زەنگەکانی شەودا
دەت دۆزمەوە
بانگت دەکەم
خۆشەویستم .
ئەگەر گیانە
لە پێناوی چاوەکانتدا
شەهید بووم
لە کێلی گۆڕ بۆم بنووسە مەبەستم
داایکو برا فەگرین بۆ تەرمی مەستم
خۆشەویستم :

(ڕێگیش نامێنێ)

دەهۆك

ئەزا بنازم من بنازینن
من لینستا دادوکێ بکەن
من لەمالێت جیرانا بکێڕینن
شەنگە نازدارا من یاچوویە بەر بێرێ
بدەستا پەز دووشە
ب لەوەندیا پەز فەگێرە
ب چافا پەز هەژمێرە
ب بریا دبێتە شفانی وەرە فێرە
ئەرێ دێ تو وەرە
ڕاکەن ژڕیباری ئاکرێ
هەرێ مەلاوا
تو جابەکێ بدە فەقاوا
دا بهێن وەختێ من دبەتە سەر مخبەرێ
مەلا بخینن تلقینێ
ئەقە بخینن باسینێ
دا نەهێتە گوهێ من
زێماوا تەرەسە یاری
ئەز دێ مرم ئو ئەز نامرم
من ئەبەنە ناڤ مخبەرا
من نەدانە ناڤ ج مریا
زیارەتێ من چێکەن
لسەرێ کێری‌و ملا
بەیانا سێبدێ بهێتە گوهێ من
دنگە دنگا سەرێت ڤابەرانا
تاقدانێ دبێتە تەفتەڤا
شاخێت ڤا نێریا
دانێ ناڤ ڕۆژا خوش دبێت
زرزرا مەنجەلوکێت تەرەسە ڤا بێریا

(١) ئەف سترانە من‌نا نقیسی دەفێ رمضان چلو حەلکێ گوندێ نێکماڵە بروارى .

بیشکەشە بە چیاسووتاوەکانی کوردستانی ئێران

خۆڵەمێشی بانی سووتان

مۆم دەسووتێو
کەم کەم دەبێتە ژیلەمۆ
شەو دەسووتێو
بەر بەیان دەبێتە ئاسۆ
چیاو رەزو دێ دەسووتێن
دەبنە قینو تۆڵەو پشکۆ
منیش شەوگاران دەسووتێم
لەسەر سنگی پەڕەی سپی
بەجێ دێڵم شیعرێکی نۆ ..

چیا عمر ساقی
- رۆمانیا -

مەهاباد

بانگت ئەکەم پر بە دڵم تۆی بێ گومان
پایەتەختی خۆشەویستی لە ژێر دەستی دوژمنان
کەی بۆم دەلوێ بۆت دروستکەم رەشماڵێکی کۆچەری
هەڵبەڕم لەسەر کۆکانت بتکەم بە رەمزو نیشان
بتپارێزم لە شورەیی بارانی نامرادی
بتکەمە گوڵی شادمانی لە بۆ باخی کوردستان
شەوان ناڵە نال نەبیم لەسەر سەرین بە نەرمی
بێ‌گومان نۆی ئەڵێی لاوان پێویستیم هەیە پێتان
بە سەدان شەو تۆ ئەبینم لە ناو تاراوی خەودا
بەجێماوی لە کاروانت بێبەش کراوی لە ژیان
ئاخۆ چ دەرمان بەسود بێ دەردت لەسەر لابا
وەڵام ئەڵێ خوێنی تۆیە (یاخی) بیکەی بەدەرمان

- ابراهیم یاخی -

ئەز غەریب بووم

ئەز غەریب بووم ل چەند ساڵا
ئەز کوفان دارێ هەڤالا
ئەز چرەسیم وەکی گولا
ئەز حەلیام ژ دەردێ دلا

* * *

مل کێمێ دا ژ قەهرو کولا
دلی ب کوفان کەت بەر حالا
خوێن ژێ ڕشتی وەکی پێلا
چیهان ئافرا ژ هەمی ملا

* * *

چەگەرخوین بۆ چەوام دی
خۆە فیدا کر ب نازادی
خاتر خاستی ب دلشادی
بۆ غەریبا خۆە هەزاندی

* * *

باغچێ گوڵا ل دلی چاندی
ب دەستێ خۆە خر ڕا چاندی
مسکو عنبەر لێ ڕەشاندی
بۆ هەڤالا خۆەشکاندی

هەڤال دلسۆز - دهۆك

من قوتابیم

قوتابیەکی چالاکم
لە وانەکان بێباکم
لەگەڵ هاوڕی‌یەکانم
پەروەردەی کوردستانم
لەگەڵ زانین هاودەمم
هەوڵدەرو بێخەمم
پەرتووکم لەسەر دەستم
بۆ ڕاژەی گەل نەوستم

گردوان عەلی

هۆنراوەی دووەم

سەردار سعید

لە مەهاباد
وەدەرم نێن
ڕوو نەکەمە شاری قودس
لە هیچ دوژمن بای تۆرقاڵێ
نیمە ترس
کە رزگار بوو خاکی پیرۆز
هەنگاو دەنێم
بۆ خاکەکەی چی گیاراو
سەر دادەنێم

زنجیرەی مێژووی

خەرمانی جوتیار

لاپەڕەیەك لە ژیانی کوردستانی ئێران - چیرۆك

- خەرمانی جووتیار -

قرچەی گەرمای هاوین بوو ، لادێ بەرگێکی تۆزاوی پر لە ئەرکی پۆشیبو ، خەڵکی خەریکی چاککردنی بەرهەمی ساڵانەیان بوون ، شادی‌و خۆشی لە ڕویانا ئەبینرا لە لادێ تروسکەی خەم‌و پەژارە بەدی نە ئەکرا . هەر بابا بوو رۆژەی هەرەوەز بۆ یەکێك لە وەرزێرەکان ئەگیراو گەورەو بچووك بەشداریان تیا ئەکرد ! شەوانیش لە دەلاقەی پرتۆکاوا ـ رونانی چرایەك بەدی ئەکرا ـ کە وەکو ڕۆژ ـ ژمێرێك چەندەها کارەساتو برسیەتی ساڵانی پێشوی لە ئامێز گرتبوو . ئێوارانیك هەورێکی تەلح هەڵیکرد ، بەری ئاسمانی گرتو ناژەل بەرەو ئاوایی گەڕایەوە ـ لاوێ ـ ڕەنگێکی ئەهیناو ڕەنگێکی ئەبرد ، لە ناکاوا چەند فرۆکەیەك بۆ سەر ئاوایی پەیدابوون . خەڵکی بەسەزمان ـ لە ترسا گیانیان ئەلەرزی ـ بەڵام هەرگیز وەریان بەرنەداو مێژووی پر لە نوشوستی‌و کارەساتی گەلەکەیان لە بیر نەکرد . لەگەڵ سوڕانەوەی فرۆکەی ئاخوندا دێدا .

پیاوو ژن : منداڵە وردەکانیان لە ئامێز گرتبوو ـ بە دەنگێکی زوڵاڵ ـ ئەیانووت ـ هەرشتێك لەربارێکی بپسێت تەنها زۆرداری لە ئەستورەی دانەپسێت . فرۆکەی بێ‌ویژدان زگی پر لە بۆمباو ناپاڵمی ـ وەکو دیاریەکی پیرۆزی ئاخوندەکان بەسەر لادێدا باراند .

لادێ بوە چەپکێ دوکەڵی چرو ـ بە دوای فرۆکەی تاوانبار کەوت !!!.

ئەوەی پاش سەردانی فرۆکەکان لە لادێ بەدی ئەکرا ، تەنها بۆنی سووتانی لاشەو زریکەی منداڵی ناویێشکەو نالێنی منداڵو ئافرەتو پەك کەوتەکان بوو.

لەسەر ڕەوسەکە لاشەی پیاوێك کەوتبو ـ لە ناو دەستی ڕاستیا مشتێ گەنمو لە دەستی چەپیا مشتێ خۆڵی وولاتەکەی توند گوشیبو .

تاهیر عوسمان محەمەد

شەنگە نازدارێ

زکي محمد سعدالله

کاتیکەکا لناڤ هەردوو
مەمکێت من هەلاڤێتی
هندێ ڤەدخون خوشا
هندێ ڤەدخون ڕابن بێ‌ڤێرە
ئەزا پ مالم ئەزا بمێرم
ئەز خیشکا حەفت براکێت دایبابیمە
دوانردە پسمامێت وەکی شێرا
دێ وەرە کا من چ کریە
من چ قبحەت کریە
سێ شەڤا زیێت چریێ
چار ڕۆژا ژیێت گوڵانێ
لاوکێ خو من دبەر خودا نڤاندی
ئەڤی گدی بابێ مێرا
قوتە گوبالەکێ هەلگرتی
ئەزا براستی قوتایم
ب چەپی هەڕشاندیم
ئەز دێ مرم هەیڤکا چارێ
کفنێ من بینن ژمیسلێ
کێلی وفەرشێت من

Institut kurde de Paris

سەدەی ـ پاشماوە

بکاتەوە بە پایتەختی جیهانی مەسیحی »(۱۷) لەبەر ئەوە « نیکۆلای پێنجەم » بێ سێو دوو لێ‌کردن ژمارەیەك نوماینده‌ی خۆی بەکیشوەری ئەوروپادا بڵاو کردەوە تا چی دەستنووسی کۆن هەیە کۆی بکەنەوە • سەرە نجامیش ئەو دەستنووسانە بوونە گەنجینەیەکی بەنرخ‌و ئەوەندەی تر کتیبخانەکەی « فاتیکان »یان پێ دەوڵەمەند بوو • ئەمە جگە لەوەی پەنای بردە بەر لێکۆڵەرەوەو مێژو نووسێکی بەتوانای وەك « لۆرینزۆ فالا ـ ۱٤۰۷ ـ ۱٤۵۷ »و چەند کەسێکی تریش ، بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو دەستکەوتانە بکۆڵنەوە • چەند پاپایەکی تری دوای «نیکۆلا» هەمان ڕێبازی ئەویان گرت بەڵام نەك بەو شێوە فراوانەی ئەو ، هەر یەکەیشیان تا ڕادەیەك رۆڵی خۆیان لە بواری زیندووکردنەوەی کەلتوری کۆن‌و پشتگیری کردنی پیاوانی سەر بە زێنیسانسدا بینی ، نەك هەر ئەوەیش بەڵکو هەوڵیشیان دەدا ووزەو توانای کۆمەڵێك لە بەتواناترین پیاوانی سەدەی بووژاندنەوە بخەنە کارو هانیان بدەن داهێنانە هونەرییەکانیان لەسەر دیوارو گومەزی بەناوبانگترین کەنیسەکانی ئیتالیادا بنەخشێنن تاوەکو بە نەمریی بمێننەوە ، هەروەك لە تابلۆکانی کەنیسە ناودارەکەی «پەترۆس»و هۆڵەکانی « فاتیکان »دا دەبینرێن •

پێویستە ئەوەیشمان لەیاد نەچێ کە ئیتالیا خۆی ، لانکەی کەلتوری رۆمانی‌ی کۆن بوو ، رۆڵێکی دیاریشی لە گەشەپێ‌کردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا گێڕابوو • هەر ئەم هۆیەیش بووە هاندەرێکی گرنگ‌و پاڵی بە زانا ئیتالیایی‌یەکانەوە نا ، زیاتر تێبکۆشن ، چونکە ئەوانە تا ئەو کاتە لە مێژووی خۆیان نەپچڕابوون‌و دەستبەرداری نەبووبوون‌و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی وڵاتانی دیکە زیاتر پارێزگاریی ئاسەواری مێژوویی خۆیان دەکرد • لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەو حەقیقەتەیش بین کە وڵاتی ئیتالیا لەچوارچێوەی پەیوەندی‌یە باوەکانی ئەو قۆناغەدا ، لە باری ئابوری‌و سیاسی‌یەوە ، نەك لە هەموو سەدەکانی پێشووی خەملێوتر بووە ، بگرە لە هەموو لایەنێکەوە بەسەر پەیوەندی‌یەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتیدا بڵاو دەست بوو ، رۆژ لەدوای رۆژیش بەرەو گەندەڵ بوون‌و لەناو چوون هەنگاویان دەنا • لەم رووانگەیەوە دوژمنانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەپێی تێ‌گەیشتنی خۆیان دوژمنایەتی‌یان دەکردو هەندێ جاریش ناوو ناتۆرەی وایان لێ‌دەنا راستی‌یەکەی بەو جۆرە نەبوو • بەکورتی ئەوانە هەڵوێستی دوژمنانەیان کردە ئامرازێك بۆ تێك‌دان‌و هەرەس پێ‌هێنانی ئەو رۆژێمە بۆگەنە • سەرەنجامیش توانی‌یان کاری خۆیان بکەن‌و تەنها بەراووردکردنێکی ئاسایی دەمان‌گەیەنێتە ئەو حەقیقەتەی تا چ ڕادەیەك ئەو سیستەمە رزیوە لەگەڵ سەدەی زووی گەشەکردودا لەیەك دوورن •

لەبەر ئەوەی هەتا ئێرە هەر بە دەست‌نیشان کردنی ئەو هۆیانەوە خەریك بووین کە وڵاتی ئیتالیان کردە پێشڕەوی سەدەی بووژاندنەوە ، پێویستە دەست بۆ حەقیقەتێکی تریش رابکێشین •

سەبارەت بەوەی لەو سەردەمەدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ساکارو سادە بوون ، دەبینین بەرهەمە زانستی‌و تەکنیکی‌یەکان بەسستی پەرەیان دەسەندو گەشەیان دەکرد ، چونکە کاتێکی زۆرو تاقی‌کردنەوەی زۆرتریان دەویست • ئەمە لە کاتێکا کرۆکی رێبازە فیکری‌یەکانی سەدەی بووژاندنەوە بە خێرایی لە بەرهەمی ئەو نووسەرو هونەرمەندە بەهرەدارانەدا رەنگیان دەدایەوە کە بەڕاستی‌ی خاوەنی هەستی ناسك‌و گیانی داهێنان بوون • لە لایەکی تریشەوە ، ئیتالیا ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە سروشتێکی ڕازاوەی هەیە ، ئەمەیش وای کردووە زمان‌و ئەدەبیاتی بە پێزتر بکاو سەرچاوەی داهێنان لە بوارەکانی هونەرو ئەدەبدا بتەقێنێتەوەو بنچینەیەکی نوێ بۆ چێژ لێ‌وەرگرتنی ئەم بەرهەمە جۆر بەجۆرانە دابمەزرێنێ • هەر لەو سەردەمەدا گەر شاعیرێکی میللی‌ی ئیتالیا خواستو ئاواتەکانی لە بۆتەی شیعرێکی نوێدا بتواندایەتەوەو بیویستایە بە جەماوەری رابگەیەنێ ، چی کاسبکاری ناو بازاڕ هەبوو داموده‌زگایان دەزگاو دووکانیان دەپێچایەوەو بە پەرۆشەوە رووی‌یان تێ دەکردو گوێ‌یان بۆ شیعرەکەی رادەهێشت • (۱۸)

ئەنجامی کارتێ‌کردنی ئەم هۆیانە ، بووژاندنەوە لە ئیتالیادا پێش وڵاتانی تر خۆی نواندو هەڵو مەرجی گەشەکردنی بۆ رەخساو توانی خزمەتێکی ئەوتۆی بکا رەگەزە بنچینەیی‌یەکانی نەش‌و نما کردنی بەجۆرێك پێ بەخشی لە ووزەو توانای هیچ وڵاتێکی تری ئەوروپاییدا نەبوو • جا هەرچەندە ئیتالیا بە هۆی دەست تێوەردانی بێگانەو دۆزینەوەی رێگای دەریایی تازەوە نوشستی هێنا ، بەڵام سەرەڕای ئەم تێکشکاندنەیش ماوەی نەدا تەوژمی بەتینی بووژاندنەوە لە ئیتالیادا رابگرێ •

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی‌یەش ئەوەندە بەسە بڵێین : کەلە پیاوانی وەك «لیۆناردۆ دافینشی »و «میکائیل ئەنجیلۆ » و « رۆفائیل »و هەندێکی تریش هاوچەرخی ئەو نوشستی‌یە بوونو لەو ساڵانەداو لە سایەی بارو زرووفێکی ئێجگار نالەباردا ـ کە دوایی باسیان دەکەین ـ بەرهەمی ئەوەندە ناوازەیان هێنایە گۆڕێ ، هەتا هەتایە بە نەمریی دەمێننەوە • ئەم واقیعە ، واتە دەرکەوتن‌و گەشەکردنی رێنیسانس لە ئیتالیادا وای لە هەندێ مێژوو نووس کردووە بگەنە ئەو باوەڕەی کە بووژاندنەوە تەنها ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە • ئەگەرچی ئەم لێکدانەوەیە کەمێك زێدە ڕۆیی تێدایە، بەڵام کار تێ‌کردنی بیرو باوەڕی سەدەی بووژاندنەوەی ئیتالیا لە وڵاتانی تر ، مەسەلەیەکە هیچ کەسێك ناتوانێ نکولی‌ی لێ‌بکا • هەرچۆنێك بێ پەیوەندی لە پچڕان نەهاتووی سەدەی بووژاندنەوە بە وڵاتی ئیتالیاوە ، دەیکاتە نموونەیەکی وا ، دەتوانین بەگشتی‌ی سەردەمەکەی بەسەر ئەم سێ قۆناغەدا دابەش بکەین :

۱ ـ قۆناغی یەکەم : لە دوا دوای سەدەی چواردەوە دەست پێ‌دەکا ، تا سەرەتای سەدەی پانزە •

۲ ـ قۆناغی دووەم : واتە قۆناغی پێ‌گەیشتن‌و نەش‌ونما کردن کە دەکاتە کۆتایی سەدەی پانزەو سەرەتای سەدەی شانزە •

۳ ـ قۆناغی سێیەم : واتە سەرانسەری سەدەی شانزە • هەر ئەم دابەش‌کردنە ، بە هەمان شێوە دەتوانرێ بەسەر وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپایشدا بچەسپێنرێ •• قۆناغی یەکەم ، واتە ئەو قۆناغەی بووژاندنەوەی تێدا لەدایك‌بوو • لە دووەمیشدا پێ‌گەیشتو بەخۆیدا هات • بەڵام لە سێ‌یەمدا بزووتنەوەی مرۆڤایەتی‌و بیرباوەری بووژاندنەوە دووچاری گیروگرفتێکی راستەقینە بوو ، وەك لەپاشدا بەدرێژی لێ‌ی دەدەوێین • هەر یەکێکیش لەم سێ قۆناغەی بووژاندنەوە چەندین خاسی‌یەتی بنچینەیی‌یان پێکەوە ناو هەر یەکێکیش لەو خاسی‌یەتانە بەم یان بەو شێوە جیاوازی‌یان لە تەك قۆناغی پێشووی خۆی ، یان قۆناغی دوای خۆیاندا هەبوو

۱۵ ـ ف•ی• روتینبرگ • ـ کەلە پیاوانی سەردەمی بووژاندنەوە ـ بە زمانی رووسی • لینینگراد ۱۹۷٦ ل ۳۰ •

۱٦ ـ لەو بەشەدا کە بۆ ناودارانی سەدەی بووژاندنەوەمان تەرخان کردووە ، دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە •

۱۸ ـ «هربرك فیشر » اصول التأریخ الاوروبی الحدیث ـ ترجمه : زینب عصمت راشد والدکتور احمد عبدالرحیم مصطفی • القاهره ، الطبعة الثالثة ، ۱۹۷۰ ل ٤۱ ـ ٤۲ •

لەبەر رووناکی ـ پاشماوە

بەڕاستی ئەم ڕەواجی خەرافاتەی ئاخوندانی ئێران ئاپڕوی ئیسلامی‌پردوە ، هەروەها ڕادیو کانیان ملوار ئەکەن ، کە دیناری عیراقی تێ‌شکاوەو بەڵام ئەسکەناسو تبەنی ئێمە هەروەکو خۆی وایە ، کە ئێمەش خۆمان‌لەهەموکەس باشترئەزانین کە پێش لە هاتنەوەی خومەینی بۆئێران ، تەنی ئێران هەر بیست‌تەنی دنیارێ‌بو ، ئێستە هەر پەنجاتەنی شایەد ، زیاتر لەپەنجاتەنی جا دیناریکە ، تەنانەت لەتارانیشا دیناریك چلوپێنج‌تەن ئەکا ، ئەوساهەر دە تەن دۆلاریکی‌ئەکرد شایەت هەر حەوت تەنیش دۆلارێ ، ئێستە هەر دولارێ لەئەوروپادا هەر هیچ ناکات ، لەهەمو وڵاتێکی جیهاندا شەصت‌تەن ئەکات ؟ یان ئەبێ هەربڵێین تەن دۆلایەتی لەگەڵ رژیمدا قانونا هەر بەدۆلایەتی لەدۆی‌ئەو ڕژیمە دانەنرێ ، وەهەروڵاتەی بەجۆرێك لەگەڵ دۆکارانی خۆیا ئەجولێتەوە کەچی لەئێرانا ئەمیش هەر ئەبەنەوە بۆلای خوا ، بەو واتایە کەدۆلایەتی ، ڕژیم ، دۆلایەتی‌یە لەگەڵ ئیمامیا ، دۆلایەتی‌یە لەگەڵ ئیسلامو خوادا ، وەدۆلایەتی لەگەڵ خوادا کوفرەو کافریش ئەبێ بدرێ لەگەردەنی ، بەڵێ بەڕاستی گیان دەرکردن لەئێرانا بوەتە گرنگ‌ترین کار ، وە درۆو دەڵەسەش بوەتە گرنگ‌ترین سەرمایەی میری •

شتێکی زۆر سەیرتر لەئێرانا ، کەنمونەی هەرگیز لەهیچ‌کوێ نابینرێ ئەوەتە کەئاخوندەکان واتەمەلاکان ، کەئەوسا خۆیان بەرنوێژبون وەجومعەو جەماعەتیان بۆخەڵك ئەکرد ، ئێستە ناوێرن بێنە ناوی خەڵك ، وەلەئۆتۆمۆبیلی دژی گوللەدا ئەگەڕێن ، بەڕاستی ئەوشاعرە ڕاستی‌وتوە کە ئەڵێ ، ئەگەر تۆخوت بە مرۆڤی ئاین دانەنێیت نابێ گوشتی مردارەبو بخوێت ، جا ئەڵێ تەماعی ئەم دنیایە وەکو گوشتی مردارەوەبو وایە ، مادام ئەی‌مرۆڤی ئایین تویش مرت لێ‌بەستەوەو تەماعت تێ‌کرد بزانە کەئەڵێ خۆت ئامادەکەی بۆشەڕەشەقو لێ‌دان ، وەئیتر دوس لەوپایە بەرزەی خۆت هەڵگری ، جاناخوندەکانی ئێران کەئەمرۆ هەموی پایەو پلەو مەقامو ئیشەکانیان لەخەڵك داگیر کردوە وە ئایەتوللایێکی وەکو خامنەیی خۆی بوەتە سەرەك‌کومار وەموسوی‌برای بوەتە سەرەك‌وەزیر وەبراکەی تری بوەتە نوێنەری مەجلیس ، دیارە ئیتر نابێ بەتەمای قودسی‌یەت‌بێ ، چونکی ڕێگای لەگەڵ بریوەتەوە ، وەمەروەها هەزاران مەلای‌تر کەهەرچی کاری‌میری‌یە داگیریان کردوە بۆخۆیان ، وەبونەتە دژی گەل ، کەواتەگەلیش دژی‌ئەوانە وەئەوەش دژی گەل بێ ، مەگەرهەرلەناوی ئوتومبیلی دژی گوللەدا بژی ، بەڵێ بەشی خەڵکی ئێران بوەتە شەربەتی شەهادەت ، وەبەشی ئاخوندەکان کورسی رناسەت ، وەسەرۆکایەتینو فەرمان ڕەوایی وەمزگەوتەکانیشی بوەتە لانەی فەسادی پاسدارەکان •

چەند سەرنج ـ پاشماوە

نووسان‌و نووسەرانی تریش هەر ئەم ڕێگەیە دەگرن •

بەڵێ ـ بەرهەمی ئەدەبی‌و ئیبداع ئەوە نی‌یە ، نووسەر بۆی دانیشێ‌و بە پێی ڕاو ڕەخنە پلانی ڕۆژانەی بۆ دانێ • واتە نابێ پێوەندیی نووسەرو خەڵك لەو مەیدانەدا پێوەندی‌یەکی میکانیکی بێت‌و نووسین بە پێی داخوازو (کەتەلۆگ) بێت • بەڵکو دەبێ بیرو ڕەخنەی خەڵك بە شێوەیەکی زیندووو خۆی بچێتە ناو بەرهەمی لەمەودوای نووسەرەوەو کاری تێ‌بکات • لێرەشدا دیسانەوە توانای نووسەرو بەیەکداچوون‌و تێکەڵی‌ی ئەوو خەڵك بە شێوەیەکی زیندوو دەردەکەوێ •

دوانزە ساڵ ، لەمەوبەر بوو ، نووسەرانی (ڕوانگە) تازە بانگەوازیان دەرکردبووو بەرە بەرە بەرهەمیان دەر دەکەوت• لە کۆڕێکدا کە لەنووسەرێکی دیاریان پرسرا : ئێمە لێرەدا لەم نووسینە نەگەیشتین• تۆ بۆکێ دەنووسیت ؟ •

وەلامی ئەوە بوو ، من بۆ ئێستا نانووسم ، من بۆ پەنجا ساڵ لەمەو دووا دەنووسم •

لێرەدا دیسان ڕێباز جیاییمان دیارە • ئێمە بۆ خەڵك‌و بۆ ئەمڕۆ دەنووسین ، هەوڵی ئەوە ئەدەین نووسینی وا بە کەڵك بنووسین کە بەرەگەزی ئینسانی‌ی خۆی ، ئەمری پەیدا بکات‌و لە دوا ڕۆژیشدا شوێنی خۆی هەبێت •

کەواتە ـ پشت‌کردنە خەڵك‌و دەربەس نەبوونی ئەوەی کە تەنانەت خوێندەوارو پسپۆڕو شارەزاش تیمان‌نەگەن ، چ جای خەڵکی ساکاری نەخوێندەوار ، ئەوە پێوەندیی بە ئەدەبیات‌و بە ڕەخنەی ئەدەبی‌ی ڕیالیستی‌یەوە نی‌یەو ئێمەش هەموو ئەم دەست نیشانکردنەی ئەرکی ڕەخنەگرو پێوەندیی ڕەخنەگرو خوێندەوارانمان لەو باری سەرنجەوەیە • هەرچی ئەوانەن کە باوەڕیان بەو ڕێبازەو بەو باری سەرنجەنی‌یە ، ئەوە مەیدانی خۆیان هەیە ، بۆ دەرخستنی باوەڕی خۆیان‌و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بنەڕەتە ئایدیۆلۆژی‌یەی وایان لێ‌دەکات ، نووسینیان بۆ لێ‌تێنەگەیشتن بێت ، بۆ ئەمڕۆ نەبێت ، بۆ دواڕۆژێك بێت کە تێ‌یان دەگات •

موتاقەشەی ئێمەو ئەو باری سەرنجانەش دەرفەتی دەبێت ، بەڵام ئەوەندە دەڵێین ، ئەو بەرهەمەی ئەمڕۆ هاوچەرخەکانی خۆی تێ‌ی نەگەن، لە دواڕۆژدا تێگەیشتنی زۆر زەحمەت دەبێ هەر لە کونجی ئایدیۆلۆژیی خویشمانەوە دەڵێین ، ئەدەبیات‌و نووسین بۆ خەڵك‌و بۆ ئەرك بینینە • جا نووسینێك کە لە ڕۆژی خۆیدا هیچ ئەرکێکی پێ‌نەبینرێت • دەبێ لە دواڕۆژدا چی‌ی پی‌بکرێت ؟•

دەربارەی ـ پاسماوە

بەرێز سەرەکی کۆنگرەکە لە وتاری کۆتایی‌ی کۆنگرەکەدا باسی ئەوەی کرد کە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەم شەشی مانگی دوایی‌یەدا توانیویانە چارەکە ملیۆنێ کەس لە ئەسڵی سێ ملیۆن ئێری خوێندنەوەو نوسین بکەن • هەروا ئەوەی نیشاندا کە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەشاردا زۆر چالاکترن لە قوتابخانەی لادێکان •• متد •

ئەوەی کە پێویستە بوترێ ئەوەیە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە سەرەتای ساڵدا بڕیارێکی دەرکرد دەربارەی دەستپێکردنی هەڵەتێکی نیشتمانی لە وڵاتدا ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنێکی باڵای دامەزراند ••• هتد •

کەواتە جیاوازی هونەری لە نێوان لێ‌دوان‌و راپۆرتدا دیارە ، ئەگەر وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ هەڵەیە •

ڕۆژنامەنووسی چاك یان راپۆرت نووسی چاك خۆی دەتوانێ راپۆرت بنووسێ‌و خەڵکی دەربارەی بابەتەکەی بخرۆشێنێ ، بەبێ ئەوەی رای خۆی تێدا بڵێ ، لەمەشدا پشت بەو راستییانە دەبەستێ کۆیان دەکاتەوەو دەیانخاتە ڕوو •

۱ ـ زاراوەی (هەفتەنامە) بۆ ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی هەفتانە گەلێ ڕاوڕترە •

ـ وەرگێڕ ـ

ماویەتی

ئێران دەسووتێ ـ پاشماوە

بۆدجەی ئەم کەرتەش هەروەکو کەرتەکانی‌تر خرایە سەر مەسروفاتی شەڕو کرینی چەك •• لەم دواییەدا ئەم مەسروفاتە گەییشتە ۱٤٫۳ ملیار دولار، کارێکی گەورەی کردە سەر بۆدجەی گشتی وڵاتو میللەتی ئێران لەژێر قورسایی‌دا دەناڵێنن ••

بەگشتی ئەم بارانە بەسەریەکدا کۆبوونەوەو ئیتر مەسەلەی چارەسەرکردنیشی مەحاڵەو لەدەست دەرچووە •• با ئەوەش لەیادنەکەین بۆدجەی گشتی ئێران ساڵی ۱۹۸۱ ـ ۱۹۸۲ـ ٤٤ ملیار دولارە • ، مەسروفاتو پێویستی‌ی شەڕ بووە هۆی پاشل‌بوونی بۆدجەی گشتی نزیکەی ۲۳ ملیار دولار • •

● وڵاتێك ئەمە حالی بێت دەوڵەتێك بگاتە ئەم پلەیە جا گوری دیبلۆماسی‌و سیاسی‌ی چۆن دەبێت ••• ؟

ئێمە وەلامی ئەم پرسیارە تەنها بە چەند دێرێك ئەدەبنەوەو دەڵێین : پەیوەندی ئێران لەگەڵ دەوڵەتاندا لەوەختی خومەینی‌دا گەیشتۆتە نەوپەری کزی‌و لاوازی •• هەموو دەوڵەتانی جیهان بێجگە لە ئەمەریکاو قەوارەی زایۆنیزم‌و رژێمی ئەسەدو قەزافی •• بەردەوام داوا دەکەن ئەم شەڕە ڕابگرن‌و کۆتایی پێ‌بهێنن ••

گوتنەك ـ پاشماوە

کتکێ شین بابێ مە خوار
ئەم هێلانیە بەندەوار
ئەمێد بەندەوار کرین
سەرکولۆ پێخاس کرین
ئەم بۆحاڵێ خۆ دگرین
پرسا خۆبەینە کیرێ
پرسا خۆبەینە زێرکێ
بابێ مە خاری کێتکێ
ئەو کێتکی هندی کەری
خۆهافێتە پشت جەری
جەرکێ لدەرێ دۆشافێ
تۆی تێ‌گۆشتێ خافێ
گۆشتێ خافێ نەکەلی
نەهێلا بکەینە قەلی
مەلا دبێتە کوڕێ خۆ
دەست پافێ تفەنگا خۆ
هەرە تۆلا خالێ خۆ
مەلایێ دبێتە خانێ
هەرە دەرێ شەش خانێ
کێتك هاتە کۆلانێ
خارو ماستێ دقازانێ
مشکەکێ لدەرێ کونێ
سویند خاری بتەلاقێد ژنێ
ناچمە شۆشێ‌و شەرمنێ
بەحەشتەکا لبن دنێ
چوومە شکەفتەکا تاری
بەرخەکێ تێڤە دنالی
بەرێ بەرخێ ژێ کری
بۆ میرێ شاهی بری
میرێ شاهی عەسکەرە
شێست‌و شەش سیار دگەلە
هەمن کوورو کەچەلە
چافێ منێ چار بۆتە
ژێ دچن ناگرو بزۆتە
گەلیێ تیارێی کویرە
شەش خانا لویرە لویرە
گەلیێ تیارێی تەنگە
شەش خانا دەنگە دەنگە
کێتکێ مەیێ حەفتەرەنگە .

سوود ـ پاشماوە

بۆ ماوەی چل ساڵی رەبەق ئاوی پاکی هێناوەتە بەرهەم‌و تێکرای بەرهەم هێنانی ۲۳۰۰ لیتر لە ئاوی پاك بوە لە رۆژێکدا•

ساڵی ۱۹۱۳ «شومان‌و بویز » هەستان بە دروست‌کردنی گەورەترین بزوێنەر کە لە سەر وزەی خۆر کارێ‌دەکرد لەو سەردەمەدا ، توانای ئەم بزوێنەرە زیاتر لە پەنجا ئەسپ‌دەبوە • ئەمەش لە میسر بەکارییان هێناوە بۆ هەڵکێشانی ئاو لە روباری نیلەوە بۆ مەبەستی ئاودانی زەوی • بەڵام لەبەر ئەوەی نەوتو گازی خۆرسکی دوزرایەوە گەرانی بە شوێن سود وەرگرتن لە وزەی خۆری کەم کردەوەو هەوڵدانی لاوازکرد •

ئاسانترین رێگاش بۆ بەکارهێنانی وزەی خۆر کاتێك روو دەدات کە بگۆڕرێت بە وزەی گەرمایی‌و دەتوانرێت سود لەو وزەی گەرمایی‌یە وەربگیررێت بۆ گەرم‌کردنی ئاو لە ماڵانو کارگەکاندا بۆ مەبەستی پیشەسازی‌و بۆ پاڵاوتنی ئاوو شیرین‌کردنی ئاوی سویراوو وشك‌کردنەوەی سەوزەو میوە سەرەڕای زۆر بەکارهێنانی ترو دەشتوانرێت تیشکی خۆر خەست بکرێتەوە بە شێوەیەك کە وزەیەکی زۆر کۆببێتەوە لە شوێنێکی بچوکدا کە ئاوی تیا بێت ، ئەم ئاوە نەبێت بە هەڵم ، ئەو کاتە دەتوانرێت بە ئاسانی ئەم هەڵمە بەکاربهێنرێت بۆ کارەبا دروست‌کردنو مەبەستی ترو دەتوانرێت یەکسەر وزەی خۆر بگۆڕرێت بۆ وزەی کارەبایی ، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی شانە خوریی‌یەکانەوە ، کە ئیستا لە چەند هەوڵدانێکدا بەکاردە هێنرێت کە هەندێکیان لە قۆناغی تاقی‌کردنەوەدایە •

لێکۆڵینەوەی تر هەیە بۆ سودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ ترشاندنی پاشماوەی پیسیی ئاژەڵ بۆ پوختەو ئامادەکردنی گازاتی ئورگانیك لێ‌ی وەك گازی میسان کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی وزە •

لەگەڵ ئەمانەشدا لێکۆڵینەوە بەردەوامە بۆ مەبەستی زانینی قازانجی ئابوری تا چ ڕادەیەك دەبێت لە کاتیکدا وزەی خۆر بەکار دەهێنرێت بۆ دەرهێنان‌و پوختەکردنی هەیدرۆجین لە ئاو • هەیدروجین سوتەمەنی‌یەکی پاکە دەتوانرێت بسوتێنرێت بۆ دروست‌کردنی وزەی گەرمایی بە بێ ئەوەی هیچ پیس‌بونێك «تلوث» روو بدات چونکە ئەنجامی سوتاندنی هەیدرۆجین ئاوێکی پاکە •

رۆڵی چالاکی ئابوری وزەی خۆر لە شوێنێکی ترەوە دەردەکەوێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە کردارەکانی دیاری‌کردنی ئاسانترین رێگا بۆ شیرین‌کردنی ئاو • بە پێی ئەو توانایەی ئیستا پاڵاوتنی ئاو بە وزە دەتوانێت بەربەرەکانی ئابوری لەگەڵ رێگاکانی تردا بکات کە تیایا وزەی کۆی کۆن بەکاردەهێنرێت لەو شوێنانەدا کە ئەم مەرجانەی تیا کوبوبێتەوە :ـ بونی تیشکی خۆر لەزوربەی کاتی ـ رۆژدا • نەبونی سەرچاوەی ئاوی سازگاری سروشتی • بونی کۆمەڵگای بچکولەو دور لە سەرچاوەی ئاوی پاکەوەو نزیك لە سەرچاوەی ئاوی سوێرەوە •

Institut Kurde de Paris

لـه دووەم کـۆڕی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردیدا

ئەفسانە لە فۆلکلۆری کوردیدا

بۆجاری دووەمو لـەچوارچێوەی بەرنامەی ڕۆشنبیری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا ، ڕۆشنبیرانو ئەدەبدۆستان ، ئێـوارەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابـووردو ٢٠-٢-١٩٨٢ لە هۆڵـی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، لە بەغدا پێکەوە ئێـوارەکوردیکی ڕۆشنبیری بەتـامو چێژیان بەسەر برد ٠

لەو ئێوارەیەدا ، مامۆستادوکتور عزالدین مصطفـی ڕسول سەرەکی یەکێتـی نووسەرانی کورد باسێکـی تێرو تەسەڵو زانستی بـەناونیشانی (ئەفسانە لـە فولکلوری کوردیـدا) پێشکەش کرد ٠ پوختـەی بابەتەکە ، مانای ئەفسانەوجێگای لە بیرو فەلسەفـەو ئەدەبو زمانو زانسـتداو دوایی ئەفسانە لە فولکلوری کوردیدداو ئەو خاسیەتـە تایبەتیە دیارانەی لـەو ئەفسانانەدا هەن کە لـە زانسـتیو ٠ ئەو ڕێگاو شوێنەی پێویستە بگیرێتـە بەر تا سوود وەرگرتـن لە ئەفسانەی کوردی لـە داهێنانی ئەدەبی و هونـەری فولکلوری کوردیدایەو دوایی بە کورتی چۆنیەتـی زینـدوکـردنەوەیان و شی کردنەوەیان بەشێوەیەکی نوێدا بە جۆرێ کە بەرگـی هاوچەرخیەتی بگرێتـە بەرو بەڵگەی ڕەسەنـی و پێکەوە بەستراویـی گۆرانکاری ژیانی ڕۆشنبیری و سامانی دوێنێو ئەمڕۆمـان بێ ، دوکتور بە وردی سیما تایبەتیەکانی ئەفسانەی لـە فولکلوری کوردیدا دیـاری کرد ، کە چـۆن جێگـا دەستی مرۆڤی کـوردی پێوە دیارە . لەگەڵ بەنجـە ڕاکێشان بۆ لەیەك چوویـی ئەفسانەکانی گـەلان ، دوو ڕوو نزیك کە ئەمەشـش پەیوەندی بە تێکەڵـی و گەیاندن و دان و وەرگرتنـەوە هەیە لە ژیانی گەلانـداو ئامایشەو بەڵام ئـەوەی دوو پات کردەوە ، بە لێکدانەوەی وردو گەڕان بە دوای سیما تایبەتیەکاندا ، دەبینین هـەر گەلە لەو ئەفسانانەی تیایـدا باوە . جێگا دەستی خاسیەتی خۆیی پێویەیە ٠

باسەکەی دوکتور عزالدین لەم کۆڕەدا زیاتر لـە دوو سەعاتی خایاندو ژمارەیەکـی زۆر لە ئەدیبو ڕۆشنبیرانی و ئەدەب دۆستێکی زۆر لـەجەماوەری قوتابیان ئـامادەی کۆڕەکە بوون ٠ کە هۆڵەکەی بەتەواوی پڕکردبوو ٠

دوایی ئەوەی مامۆسـتاعزالدین باسەکەی پێشکەش کرد بە وردی لە لایـەنژمارەیەك لە ئامادەبوانـەوە گفتوگوی لەسەرکرا لەوانـەدوکتۆر بدرخان سـندی و مامۆستا عبدالرزاق بیمـارو کاك صلاح شوان و کاك محمود زامدارو کاك حسین جـاف وهەروەها مامۆستای خـاوەن باس وەڵامـی پرسیاری ژمارەیەکی زۆری لـە قوتابیان و ئامادەبوەکانـی کۆڕەکە دایەوە ٠

هەروەك لە سـەرەتاداوتمان ، ئەمە کۆڕی دووەم بو لەو بەرنامە فراوانەی کـەلیژنەی ڕۆشنبیری لـە دەزگای ڕۆشمـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی داینناوەو لە سەری دەروات و بەمەش دەزگاکەمان ، سەرەڕای ئەو ئەرکە ڕۆژنامە گـەری و ڕۆشـنبیریەی لە ڕووی خزمەتی بزوتنـەوەی ڕۆشنبیریەوە پێشکەشـی دەکـات بەم کـۆڕانەش خزمەتێکی تری بەسـوودی ئەم بزوتنەوەیە دەکـات و بەتایبەتی ئەم جۆرە کۆڕانـە پێگەیشتنی ڕاستەو خـۆی ڕۆشنبیرانو ئەدەب دۆستانەو دەورێکی دیاری دەبێ لـە چالاکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری گەلەکەماندا ٠

MOSTRA DI ARTISTI
IRACHENI
PALAZZO DEL FOLKLORE — PIAZZA S. EGIDIO
DAL 15 AL 22 MARZO

بەڵگە نامەی هونەری کوردی بە زمانی ئیتالی

ئامادەکردنی
لطیف محمود محمد

بە یارمەتی وەزارەتـی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنـی عێراقی و بەسەرپەرشتـی هونەرمەندی ناسـراوی کورد ـ دارا حمە سەعی ـ بەڵگەنامەیەکی هونەری بـە زمانی ئیتالی دەرچـووەو ئەم بەڵگەنامە هونەریـیە مێژووی ژیان و بەرهەمـی هونەری کۆمەڵێ لـە هونەرمەندانی کوردو عەرەبی عیراقی تیادا گرتۆ خـۆی ـو کاك دارا خۆی پێشەکـی بۆ نووسیوە ٠٠٠

لە بەڵگەنامەکەدا نزیکەی ـ ٣٨ ـ هونە مەند خراوەتـە ڕوو ٠

ئێمە بە هەر چاوێـك تەماشای ئەم چاپکـراوە هونەریە بکەین دەبـێ دان بەوەدا بنێین کە کارێکـی هونەری تاقانەیە سەبارەت بە هونەرمەندان و بەرهەمـی هونەرمەندان ٠

ئینجا هەرچۆنێ بێ دەبـێ ڕۆشنبیرانو هونەرمەندان و هونەردۆستان ڕێزی ئـەم بەڵگەنامەیە بگرن و لـەم بوارەدا دەستپێشکەری بـۆ کاك دارا بکەن ئیمەش هیوادارین هونەرمەند کـاك دارا حمە سەعی لـە بەشێکی تـری ئـەم بەڵگەنامە هونـەری یەدا سەرکەوتوتر بێ ٠٠٠



بۆقوتابیە خۆشەویستەکانی ژانکۆکان خوێنەرانی چاپکراوەکانمان

قوتابیە خۆشەویستەکانی ژانکوکان ئاگـادار دەکەین کە هەموو چاپکراوەکانی دەزگاکەمان ، لـە گۆڤارەکانیو ڕۆژنامەی «هاوکاری»و چاپکراوەکانی تر بە جۆرێ دابەش دەکەیـن ، یان نەخشـەی دابەشکردنەکەمان بەو جۆرە کێشاوە کە بە ئاسانی بگاتە دەستیان ، بە تایبەتی قوتابیانی ژانکۆکانـی بەغدا ، ئێمە لە کاتێکدا شانازی دەکەین بە گەڕانو پرسینەوەی ئەو قوتابیە خۆشەویستانەی کەرتێکـی فراوانی خوێنەرانی چاپکراوەکانمانن ، ئاگاداریـان دەکەین ، تەقەللای بەردەوام دەدەین لەنزیك ترین شوێنی ژانکۆکانیان چاپکراوەکانی دەزگاکەمانیـان بگاتێ تا ئەو کاتە ، هەر چاپکراوێ دەستیان ناکەوێ با بفەرموون بۆ دەزگاکەمان بە شانازیەوە چاپکراوو گۆڤارو ڕۆژنامەیان بـە دیاری پێ دەبەخشین و سوپاس ٠

دەزگای ڕۆشنبیری و
بڵاوکردنەوەی کوردی

ئافاکاردنەر ٠٠ هێشتا نازایە

سەدەها ڕۆژنامەنووس لە پێشوازیا بوون کـە گەیشتە فرۆکەخانەی ڕۆمـا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنتۆنـی کویندا دەوری پالەوانـی فلیمی (ریجینا) ببینێ ٠

یەکەم قسەیش کـە کردی ئەوەبوو ٠٠ بەڵـێ هەرچەند تەمەنم شەسـت ساڵە دەمەوێ بە هەمـوو ئەکتەرەکانی ئەوەی تازەی یسەلێنم کە ئەمە شادەورمەو دەڵێم پێیان ٠٠ هـا ناگاداربن من هێشتا هـەر ماوم ٠ هەروەها وتـی ڕۆژەکەش پێش ئەوەی دەم و چاویان چرچو لۆچ ببـێ دەبن بەلەم پیری وایشـ مەن هەر بە لاوی دەمێننەوە چونکە دڵیان پیر نابێ ٠

شاکیزی جیهان
شانازی بە کچێنی یەکەیەوە دەکا

شاکیزی دۆمینیکـان کە بوو بە شاکیزی جیهـان قوتابی کۆلیجی ئەندازیـاری تەلارەو قژڕەش و چاوڕەشـو دەم بەپێکەنینە ٠ پێشـ هەڵبزاردنی وتی من شانازی بەوەوە دەکەم کە کچم ٠ ٠ بەڵام پاش هەڵبزاردنـی کچەکانی تر هەر یەك لـە لایەکەوە بۆلەبۆلی دەکرد ٠٠ یەکێکیان وتی بەڵێ ڕاستە مافی ئەوەی هەیە ئەك نیستە کچێ بەڵکو هەر بەکچیش بمێنتەوە ٠ ٠ بەڵام شایانی ئەوە نیە ببێ بە شاکیـزی جیهان ٠٠ هەرچی چۆنـێ بێ کرا بە شاکیزو پاداشـی خۆی وەرگرتو ئەویش لـە خوشیدا دو دڵۆپ فرمێسکی لەچاو هاتە خوارێ ٠

یاریەکی تەلەفزیۆنـەو تەلەفزیۆنیش نیە

یاریەکی تازەیە لـەم دوایەدا کەوتە بازارەوە ٠٠ بریتیشە لە فیدیۆیـەك بەردەبەکی تایبەتی هەیـە ئەگەر تەلەفزیۆنیشت نەبـێ دەتوانی بیخەیتە ئیش ٠ یاریەکەیش بریتیە لـە کۆمەڵێ یاری جیاواز لەسەر شریتێك تۆمارکـراونو دەیشکۆزرین ٠٠ قۆیحـەی وایشی پێویەیە دەتوانی یاری شەترەنجی پێبکەی ، ناوبشی « فیدیۆباك ٢٧٠٠ »و هەر بە هەزاروشەشسەد فرەنکی فەرەنسایە ٠

بەڵێ ئەڵێی دارچنارە ٠٠ بەڵام هەر ئادەمیزادە

ناوی کریستۆفەر پـۆڵ گرینەرەو خەڵکی بەریتانیایە ٠٠ زۆر باڵابەرز نییـە بۆ ئەو ئەمە زۆر ئاسایییەو بێزار نابێ لێیە بـەڵام برادەرەکانی جارجار ڕێگەی دەگـرنو ئەیـانەوێ تووڕەکەن ٠ ٠ ئەویش بـە پێکەنینێکی واوە وەڵامیـان دەداتەوە وا دەبێ ئـەوان تووڕە دەبن ٠٠ چونکە بـۆ وێنە کە پێی دەڵێن گەرمترین خواردن تا لە دەمیەوە دەگاتە ورگی سارد دەبێتەوە ئـەو قسەیەکی وا دەکا ئەمـان شەرمەزاردەبن لێی ٠

هەموو جلەکانـی تایبەتین ٠٠ پێڵاوەکـەی نمـرەی (٧٠)یـە و کەرافێتەکەی (٤٠) سانتیم لە هی حەڵکی درێژتـرەو لەبەر گەورەیی کچان لێـی نزیك نابنەوەو بە (بابەدرێژە) ناوی دەبەن ٠

بەڵام لەگەڵ هەمـوو شتێکدا کریستۆفەر دڵخۆش و دەم بە پێکەنینە ٠

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پینج خەت

Institut Kurde Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● نووسەرو رۆشنبیرانی کورد دەوری دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی هەڵدەسەنگێنن
● ساڵی نوێو سەرکەوتن ل ٨ .

● پێنج شەممە ١٩٨٢/١٢/٣٠ ژمارە ٦٦٨ ● ٨ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٢/١٢/٣٠ العدد ٦٦٨ ●

سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە دوانێکی گرنگدا دووپاتی دەکاتەوە :

عیراقی یەکان لەسەر یەک ڕێگای مرۆڤایەتی ڕاوەستان بۆ بنیاتنانی عیراق

لێکۆڵینەوەی سیاسی وکاروباری دەرەوە لە واشنتۆن ، بەشی یەکەمی دەقی قسە بەنرخەکانی سەرەکی فەرماندەلە لاپەڕەی دووەمی ژمارەی داهاتوودا بەشی دووەمی بڵاو دەکەینەوە .

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە کە عیراقی‌یەکان لەسەر یەک ڕێگای مرۆڤایەتی ڕاوەستاون لەبینینی دەوری مێژوویی خۆیاندا بۆ بنیاتنانی عیراق بەبێ گوێدان بە شوێنیان بەپێی پلەی دەوڵەت .

هەروەها وتی : هەموو تاکە کەسێك وای لێ هاتووە هەست بکات کە پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی‌ی لەم نیشتمانە بەرزەدا هەیە لە م . شوێنێکی دەوڵەتو بدا بێت .

ئەم قسانەی سەرەکی فەرماندە لە چاوپێکەوتنەکەیدا بوو لەگەڵ نووسەری ئەمەریکایی کریستین موسس هیلمز لێکۆڵەرەوە لە خوێندنگای «بروکینز» بۆ

هێزە دلێرەکانمان دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن و زیانی گەورەی سەرومالی پێ دەگەیەنن

هیزە دلێرەکانمان ، بەتایبەتی هیزی ئاسمانی پاڵەوانمان بەسەربەرزانە توانی دەستی لێ‌هاتوانە لە هیزەئاخ‌لەدەلەکانی دوژمن بوەشێنێو زیانی گەورەی‌سەروو مالی پێ بگەیەنێ .

لە بەیاننامەی ژمارە ٩٤٦دا کە لەسەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکانەوە دەرچووە ، ڕاگەیەنسرا کە بەپێی نەخشەیەکی توندو تۆڵو ئازایانەی هیزە ئاسمانیەکانمان ، بەیانی ڕۆژی بەك شەممە فڕۆکەکانمان هێرشی گەورەو توندیان بردە سەر بنکەو مۆلگاکانی دوژمن لە ناوچەکانی احوازو عەبادان‌و دیزەفول‌و عین خۆش لە کەرتی خوارو ، ئەم هێرشە بنکەکانی بەرگری ئاسمانی‌و کەرتەکانی دوژمنی لەو ناوچانە گرتەوەو توانرا نیشانەکان ڕاستەوخۆ بپێکرێن‌و ئاگریان تێ بەر بدرێ و ژمرەی هەڵمەتەکانی فڕۆکەکانمان لەو ڕۆژەدا بۆ سەر بنکەکانی دوژمن (٧٤) هەڵمەت بوو ، هەمووشیان بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان .

هەروەها بەپێی ئەو بەیاننامانەی لە سەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکانەوە لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەرچوون لە بەیاننامەی ژمارە ٩٤٢وە هەتا بەیاننامەی ٩٤٨ ئەوە دووپات کراوەتەوە کە جەنگاوەرە مەردەکانی سوپای عیراق دلێرانە دەستیان لە هیزەکانی دوژمن وەشاندووەو زیانی گەورەی سەرو مالی پێ‌گەیاندوونو هەر نەقەللایەکی دوژمن دابێشی بە مەبەستی زەفەر بردن بەستووی وڵانمان بەدەستی پوڵاینی هیزەکانمان گۆڕ کراوە .

کاربەدەستانی تاران بۆچی درێژە بە جەنگ دژی عیراق‌دەدەن ؟

ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە هاریکاری نێوان ڕژێمی ئێران‌و زایۆنی دەکۆڵێتەوە

لێپرسراوێکی فەلەستینی ئێران دەست لە خۆچەکدارکردن لەگەڵ لەکاتێکدا کە خۆی دەبینێت عەرەب دەکات ، ئەویش ئەو لێپرسراوە فەلەستینی‌یە لە کۆبوونەوەی ئەم دوایی‌یەی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی‌دا دەدووا کە لە توونس بەسترا ئەویش لەکاتی لێکۆڵینەوەی جەنگی نێوان عیراق‌و ئێران .. لێپرسراوەکە بەنجەی بۆ نەگونجانی گەزافلێدان‌و کردەوەکانی دەستەڵاتدارانی ئێران ڕاکێشاوەو، ووتوویەتی بەڵگەنامەیەکی لەلایە لە سەرۆکی ڕژێم (عەلی فەوارەی زایۆنی‌دا هەیە ! دووپاتی کردەوە کە ڕژێمی بەردەوام‌بوونی هاریکاری (ئسرائیل)دا هەڵناگرێت دوژمنایەتی‌ی نەتەوەی وەکوو قەوارەی زایۆنی .

خامەنەئی)یەوەیە تێیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە وڵاتەکەی ئامادەیە جەنگ لەگەڵ عیراقدا ڕابگرێت!.. بەڵام ئەوە لە واقیعدا نەهاتووەتە دی ، بەڵکوو لێپرسراوە ئێرانی‌یەکان جەنگ لەگەڵ عیراقدا بە شتێکی پێویست دادەنێن لە لە کاتێکدا کە ڕوو بە ڕوو وەستانێکی عەرەبی لەگەڵ

پەرەسەندنی جەنگ لە نێوان هێزەکانی خومەینی‌و شۆڕشگێڕانی کورددا .

تاران ـ ٢٧ ـ ئاژانسەکان: بەرهەڵستی‌کارانی چەکداری ئێرانی کاری چەکدارانەی‌خۆیان دژ بە ڕژێمی خوێناوی‌ی خومەینی لەچەندین ناوچەی جیاوازی ئێراندا پەرەپێ‌دەدەن .

ئەوەبوو دوێنی شەو ڕادیۆی تاران ڕای‌گەیاند کە چەندین پێکداهەڵپژانی توندوتیژ لە نێوان هێزەکانی ڕژێم‌و شۆڕشگێڕە کوردەکان‌دا لە ناوچەی کوردستانی باکووری ئێران‌دا لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابوردوودا ڕوویان‌داوە .

ڕادیۆکە ووتوویەتی ئەم پێکداهەڵپژانانە بە زۆری لە بەرزایی‌یەکانی عومەر سالۆ ڕەشە کە دەکەوێتە دوورپانی بانە ـ سەقزو بەرزایی‌یەکانی شالی‌و

بروانە ل : ٧

خراپەکاری ئێرانی تەنیوەتەوە

تاران : ئا.د.ع : ڕژێمی ئێران ناچار بووە لەسەرکارلابردنی یارمەتیدەری وەزارەتی کار بۆ کاروباری بەڕێوەبردن‌و دارایی‌و لادانی نوێنەری ئەوەی پێی دەووترێت دادگای شۆڕشی ئیسلامی لەتاران ڕابگەیەنێت .

ڕاگەیەنراوەکە ئەوەی دەرخستووە کە ئەم لەسەرکارلابردنە بە هۆی نەشیاوی ئەوانەوەو دەرچوونیان لە سنووری

بروانە ل : ٧

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابوردو

● یاسر عرفات نامەیەکی ناردووە بۆ سەرەکی سۆڤیەت ئەندرۆپۆف تیایدا پیرۆزبایی یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکیتی سۆڤیەتی کردوە .

● بومە لەرزەیەکی بەهێز لە ناوچەی باکووری کالیفۆرنیای داوە بە وزەی ٥ر٣ پلەی پێوانەی ڕێختەر .

● لە لوانداوە ڕاگەیەنراکە دوو جێگری وەزارەتو پارێزەری بانقی مەرکەزی ئەنگولا لە کار خراون .

● مەلیك فەهد ، مەلیکی سعودیە لە خاتو ئەندێرا گاندی سەرەك وەزیرانی هیندستانەوە نامەیەکی پێ گەیشتوە .

● لە شاری صنعاء کاروباری کۆنگرەی میللی گشتی بە سەرەکایەتی عقید علی عبدالله صالح دەستی پێ‌کرد .

بەپێی فەرمانی سەرەکی فەرماندەصدام حسین :

چەندەها یاساو بڕۆژەو فەرمان بۆ دووپاتی و هەموو هاوڵاتی‌یەك

لە جێبەجێ‌کردنی فەرمانەکانی سەرەکی فەرماندەصدام حسین‌دا بەڕێوەبەرایەتی دائیرەی‌قانوونی لە وەزارەتی بەرگریداخەریکی لێکۆڵینەوەی هەندێ قانونی گرنگە بۆئەوەی بەم زوانە بڕیاریان‌لەسەر بدرێ .

ئەم قانوونانە پێوەندی‌یان بە قانوونی‌سوپایی سزاو ڕێبازی دادپەروەری‌و کۆکردنەوەوخزمەتی سوپایی‌و خزمەت‌ولانشبنی سوپایی‌بەوە هەیە .

وا چاوەڕوان دەکرێ بەهۆی دەرچوونی ئەم قانوونانەوە کەلێنێکی گەورە لە یاسای سوپاییدا پڕبکرێتەوە بەتایبەتی ئەگەر ئەوەبزانین کە ئەم قانوونانەی ئیستە کاریان پێدەکرێ لە ساڵی ١٩٤٠وە دانراون‌و لە پاش شۆڕشی ١٧ـ ٣ی تەموزەوە تا ئیستە ٣٦ جار گۆڕانیان بەسەرا هێنراوە .

هەروەها وا زانراوە کە لە (٦)ی کانوونی دووهەمی داهاتوودا کە ڕۆژی جەژنی سوپایە ژمارەیەکی زۆر لە پارچە زەوی‌و خانوو بەسەر ئەفسەرەکانی سوپادا دابەش دەکری .

هەروەها لیژنەیەکی بالایش دامەزرێنراوە بۆ هێنانەدی ئەو پرۆژە گەورەیەی کە عیراق بۆ چاودێری کردنی بلیمەتەکان بڕیاری لەسەر داوە .

لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی تری بالایش دامەزرێنراوە لە وەزارەتی خوێندنی بالادا بۆ هێنانەدی پرۆژەی (زانکۆی صدام) کە بڕیارە لە شارە تازەکەی ناوچەی ئەرثاردا دروستبکرێ . بۆ ئەم مەبەستەیش لیژنەیەکی تایبەتی بالا دانراوە کە هەندێ سەرەك زانکۆکان‌و ڕاوێژکەران‌و زانایانی پەروەردەو نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان تیایە . بڕیاریش وایە زانکۆکە ١٢ هەزار قوتابی بگرێ .

لە لایەکی کەیشەوە زانراوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی دەرکردوە لە بارەی درێژە پێدانی ماوەی لێ‌بووردنی ئەوانەی لە خزمەتی سوپا دواکەوتوون و بەخشینی ئەو قوتابی‌یانەی کە پارەی کەفالەتیان بەسەرەوەیەو لە زانکۆکانی تورکیا دەرچوون یا تیا ئەخوێنن یا چوونەتە وڵاتانی ترەوە لەو پارانەو لە ماوەی سی ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەی بڕیارەکەوە .

لە لایەکی تریشەوە سەرکردایەتی دیوانی سەرەك کۆمار هەندێ پەیڕەوی دەرکردوە بۆ ئەوەی ڕێگای ئەوە نەدرێ هیچ مووچەخۆرێکی ناووڵات ڕێگای ئەوەی پێنەدرێ بە پشوو یا بە هاوەڵی یا بە جۆرێکی‌تر بنێررێتە . دەرەوە بۆ خوێندن ئەگەر مووچەخۆرێکی تر نەخرێتە جێگەکەی هەروەها نایشبێ هیچ مووچەخۆرێك هەڵبژێررێ بۆ وەرگرتنی شەهادەیەکی بالا ئەگەر پلەی خوێندنی لە دووساڵ یاسێ ساڵی کۆتاییدا لە زانکۆ لە ٦٥٪ کەمتر بێ .

زیادبوونی هەڵاتن لە دۆزەخی ئێران

ئیسلام ئابادـ ٢٧ ـڕۆیتەر : ڕژێمی ئێران پێشنیاری نوێی بەپاکستان‌داوە ، لە پێناوی پترکردنی پاسەوانی‌کردنی سنووردا بەچەشنێك ببێتە هۆی کەم‌بوونەوەی ژمارەی ئێرانی‌یانەی کە لە دۆزەخی ڕژێمی خومەینی هەڵدێن ،ئەو ژمارەیەی کە بەردەوام لە زۆربوونداید .

ئەم پێشنیارە نوێیانە لە کۆبوونەوەیەکدا هاتووە کە عەلی ئەکبەر ناطق نووری وەزیری ناوخۆی ئێران لەگەڵ مەحمود هاردن وەزیری ناوخۆی پاکستان‌دا بەستوویەتی ، وەزیری ئێرانی ناوبراو داخوازی‌ی کردووە کە هەردوو دەوڵەت لیژنەیەکی هاوبەش پێك‌بهێنن بۆ ڕاوەستاندنی کاری هەڵهاتن .

چەند دیبلۆماسی‌یەکی ڕۆژئاوایی ووتویانە یەکێك لە ئەنجامەکانی زۆرکردنی دەوری‌یە بە درێژایی سنوور ئەوەیە کە گرتنی ئەو ئێرانی‌یانەی دەبانەوێت لە سنوور بپەڕنەوەو هەڵبێن بتردەبێت ، سنووری پاکستانیش بە ڕێگابەکی ئاسایی دادەنرێت بۆ ئەو ئێرانی‌یانەی کە لە ئێران هەڵدێن .

چەند سەرچاوەیەکی ئاگاداری پاکستانیش ووتوویانە ناتوانرێت ژمارەیەکی ڕاستەقینەی ئەو ئێرانی‌یانە بخرێتە بەرچاو کە بە شێوەیەکی نادروست لە سنوور دەپەڕنەوە بەڵام تەنیا لەم ساڵدا بە هەزارەها دادەنرێن !

لەلایەکی تریشەوە لێپرسراوانی گومرکەکانی پاکستان بەڕێك‌وپێکی هەموو جارێك ڕای‌دەگەیەنن کە دەستیان بەسەر پارەیەکی زۆری ئێرانی‌دا گرتووە بە تایبەتی لەناو ئەو بەلەمانەی کە لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئیش‌دەکەن .

سەرچاوەکان ووتوویانە ئەم پارەیە بە گشتی پارەی ڕفێنراوە لە ئێرانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ناشەرعی چوونەتە پاکستانەوە .

لەنێوان هەردوو لادا تەنیا دوو ناوچەی ڕەسمی‌ی پەڕینەوەی سنوور هەیە ، جگە لەوەی کە ناوچەکە شاخاوی‌یەو ناتوانرێت هاتوچۆی ناشەرعی لێوە قەدەغە بکرێت .

بروانە ل : ٧

کوژرانو بریندار بوونی ژمارەیەك لە زایۆنی‌یەکان لە شاری صەیدا

بەیرووت ـ ٢٧ ـڕۆیتەر : ئاژانسی دەنگ‌و باسی فەلەستینی (وەفا)ووتوویەتی شەش سەربازی زایۆنی کوژراون‌و حەوتی دیکە بریندار بوون پاش ئەو هێرشە چەکدارانەی کەکۆمەڵێك لە بەرهەڵستی نیشتمانی لوبنانی کردیانە سەر بنکەی دەستەڵاتداری سوپایی لە صەیدای خواروی‌لوبنان .

لە هەمان بواردا پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسەکان لە خواروی لوبنان ووتوویانەباش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەربازی زایۆنی کوژراون‌و حەوتی دیکە بریندار بوون ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی‌ئۆتۆمبیلە سەربازی‌یەکەیان کەوتووەتە بەر کەمینێکی چەکدارانەوە لە نزیکی شاری (غازیە) کە چوار کیلۆمەترلە خواروی شاری صەیدا‌وەبە .

هێزەکانی زایۆنی کە ئەم دوو کارە خۆبەختکەری‌یە ڕوویان دا خێرا ڕێگای نێودەوڵەتی‌یان بڕیوەو دەستیان کردووەتە پشکنینی ناوچەکە

Institut Kurde de Paris

ڕەخنە قسە کانی سەدەکی فەرماندە صدام حسین بۆ لیکۆڵەرەوە کریستین موس هیلمز

لە ٢٢ی ئاب ١٩٨٢ بەشی یەکەم

لیکۆڵەرەوەکە :

سەربەرزی‌یەکی گەورەیە کە وا من بە جەنابتان دەگەم ،، دوو ساڵە من لە بارەی عیراقەوە دەخوێنمەوەو دەکۆڵمەوە .. هاوینی ڕابوردوویش شەش هەفتە لێرە مامەوەو زۆربەی لای وڵاتم بینی ،، حەز دەکەم بڵێم لە نێوان ئەو وڵاتە عەرەبی‌یانەی کە سەرم لێداون ، ئەوەی لە عیراقدا بینیم لە هەموویان زیاتر سرنجی ڕاکێشاوم ،، لام وایە ئێوە ئیستە بوونەتە بەشێکی مێژووی جیهانی عەرەب ،، زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم بۆ ئەم سەربەرزی‌یە گەورەیە .

ئایا دەتوانن بیرێکم بدەنی لە بارەی ئەو ڕووداوەوە لە ژیانتانا کە بە گەورەترین دەستکەوتتانی دەزانن ؟

سەرەکی بەڕێز :

پێش لەمە دەمەوێ لەبارەی ئەو شوێنانەوە پرسیارت لێبکەم کە لە عیراقدا سەرت لێداون .

لیکۆڵەرەوەکە :

چووم بۆ کەرکووک ، هەولێر ، نەجەف ، کەربەلا ،، ناوچەی بەستی حەمرین ، نۆکەندی ئەرثار ، پرۆژەی کشت‌وکاڵی خالیص‌و چوویشم بۆ قەسری شیرین ، موحەممەرە ، بەسرە ، خانەقین‌و دوو ڕۆژیش لە ناوچەی ئەهواردا لای سەیید صفوت بووم .

سەرەکی بەڕێز :
لە چ ناوچەیەك ؟

لیکۆڵەرەوەکە :
لە نزیك عەمارە .

سەرەکی بەڕێز :
جووتیارەکانی ناوچەی ئەهوارت بینی ؟

لیکۆڵەرەوەکە :
بەڵێ ،، گەشتەکەم بە بەلەمێك کردو لە دیوەخانەکەدا مامەوە .

سەرەکی بەڕێز :
چ شتێکی ژیانی جووتیارەکان لە هەموو شتێ زیاتر سرنجی ڕاکێشای ؟

لیکۆڵەرەوەکە :
لە ڕاستیدا ، دیمەنێکی سەیرو جوانی‌و کاریگەر بوو ، بەڵام سەرم لە ڕادەی ئەو هەستە سوورِما کە بەرامبەر بە حکوومەت هەبوو لە ناو ئەو خێزانەدا کە لایان مامەوە .. زۆر دڵشادبوون بەوەی کە کارەباو ئاوی پاکیان بۆ ڕاکێشرابوو ، زۆر بەختیاربوون بەوەی کە ئەم دوو شتە دووبارەکەنەوە نەك لەبەر ئەوەی هەستیان‌دەکرد کە وا یەکێك لە حکوومەتەوە لەگەڵمایە یا لەبەر شتێکی وا ، بەڵکو چونکە وایان هەست دەکرد کە ئەمە بەشێکی باشی ژیانیانە .

● لە هەزار سال لەمەوبەرەوە ●

سەرەکی بەڕێز :
ئایا دەزانی لە هەزار سال لەمەوبەرەوە ، یا ڕەنگە هەرگیز ، لەو ڕۆژەوە ئەو زۆنگاوانە درووست بوون‌وەکە من سەرم لێداون هیچ مووچەخۆرێکی دەوڵەت لە پلەی بەڕێوەبەری ناحیەدا سەری لێنەداون ،، ئەوەی هیچ گومانی تیا نی‌یە ئەوەیە هیچ مووچەخۆرێکی دەوڵەت لە پلەی بەڕێوەبەری ناحیەدا پێش شۆڕش سەری لێنەداون ، ڕەنگە لەو ڕۆژەوە کە عیراق دامەزراوە یا بەلای کەمەوە لە پێش ٢٠٠٠ ساڵەوە ،، هیچ بەڵگەیەکی وا دیار نی‌یەو هیچ یەکێکیش لە خەڵك نی‌یە بتوانێ بڵێ کە هیچ کاربەدەستێکی دەوڵەت ئەگەر پلەی بەڕێوەبەری ناحیەیشی بووبێ سەری لەم ناوچانە داوە لایشم وایە ئەفسەرێکی پۆلیسیش سەری لێنەداوە بەڵام ڕەنگە پولیسیان بۆ چووبێ بۆ جێبەجێ‌کردنی هەندێ ئەرکی تایبەتی شوێن‌کەوتندا .

لیکۆڵەرەوەکە :

پار هاوین کە لێرەبووم لە تەلەفزیۆندا گوێم لێتان‌بوو لە کاتی هەندێ سەرلێدان‌و گەشت کە دەتان‌کرد ، لە توانایشما هەیە هەندێ عەرەبی تێبگەم ، گوێم لێتان‌بوو باسی چاککردنی خاك‌و ئاوەڕێژگەو پرۆژەی ناوخۆو قوتابخانەو چاککردنیانتان دەکرد ، لەبەر ئەوە ئەم سرنجانەم هەموو نووسیوەو لە کتێبەکەما دەبن کە دەردەچێ .

سەرەکی بەڕێز :
دەتوانین لەسەر قسە بڕۆین‌و لەگەڵ قسەکردندا پرسیارو وەڵام پەیدادەبن ،، بۆ ئەوەی پێوەندی‌یەکەمان ڕوالەتێکی ڕۆژنامەچی‌یانەی هونەری نەبێ‌و ، بەڵکو مانایەکی فراونتر بگەیەنێ .
**ڕێم بدە با هەندێ باسی شۆڕش‌و ژیانمانت بۆ بکەم ،،، پێوستە بزانی کە یەکەم شتێ بیرمان لێ‌کردوەتەوە پاش ئەوەی لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٦٣دا بەرپرسیاری‌یەتێکی گرنگمان گرتە ئەستۆ ئەوەبوو کە بیر لە ژیانی گەلەکەمان بکەینەوە ، کە لەم ڕوانگەیەوە دەستمان‌کرد بە کاری نهێنی ، یەکەم پرسیاری سەرەکی ئەوەبوو ئایا بۆ گەلان بڕوای بە هیچ شتێك نەماوە ، بڕوای بە کاربەدەست نی‌یەو بڕوای بە مووچەخۆری دەوڵەت نی‌یە ، بڕوای بە دوارۆژ نی‌یە ، متمانە بەو شتانە ناکا کە دەیانبینێ‌و گومان لە هەموو ئەو شتانەیش دەکا کە نایانبینێ‌و بەم جۆرە گەیشتینە ئەو بڕوا سەرەیی‌یەی کە ئەم گەلە توانایەکی ئاناسایی هەیە لەناو کرۆکیاو دەیەوێ بە ڕێگای ڕاستو بە شێوەیەکی ڕاستو قوول دەری‌بڕێ ، بەڵام کاربەدەستان گەلیان ترنجاندبوە کەلەبەری تەسکی واوە نەیدەتوانێ تیایانا وەك ئەوەی پێوستە کرۆکی خۆی دەربڕێ ، شتێکی سروستیشە ئەگەر گەل لە کەلەبەری بچووکدا پەنگی پێ بخوێنەوە وەکو ئەوەی لێدێ کە داوا لە کەشتی‌یەکی گەورە بکەین بچێتە ناو ڕووبارێکی بچووکەوەو ، هیچ گومانیش لەمەدا نی‌یە کە ئەمە ناگونجێ‌و ،، ئەم نەگونجانەیش هۆیەکەی خۆی نی‌یە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە بەرپرسیارن نەیانتوانیوە بارێکی وا بهێننەکایەوە کە کەشتی‌یەکە ڕوالەتی خۆی لەو چوارچێوەیەدا بەکارێنێ کە بۆی دەستبدا ئا بەم شێوەیە هەموو کاتی گەلی عیراق تەنگەتاو ئەگرا ، لەو کاتەوە کە ئەلفە پرشنگدارەکانی دەوڵەتی عەبباسی ڕووخاوەو ، هەموو جارێکیش بە ڕەقی ڕەوشتی لەگەڵدا دەکرا ، مەبەستیشم لە ڕەوشتی ڕەق ، ئەو سزایە نی‌یە کە کاربەدەستان دەیانکرد ، بەڵکو لاسایی‌کردنەوەی ئەنجامەکەیەو خستنی ئەم ئەنجامانە لە ڕەوتێکی مێژوویی هەڵەدا ، کاتێ کە دەڵێین گەلی عیراق خەتاباری سەرنەکەوتنەکانیەتی ، لە کاتێکدا گەل نزیکەی هەزار ساڵە خەتاباری هیچ ئەنجامێکی نالەبار نی‌یە لە ژیانیا یا لە سەراپای کۆمەڵگادا ، لەبەر ئەوە ، من خۆم بە ڕاستی نازانم هیچ شتێکی ناڕاست بدەمە پاڵ گەلی عیراق لە هەزار ساڵی ڕابوردووەوە ، هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کە باسی بەرپرسیاری گەل لە باری باش‌و ناباشی ژیانی ئەوەوەکاندا لە بارێکیەوە لایەکی گفتوگۆیەکی فەلسەفی‌یانەو دیالەکتیکی پێوەندی تێدایە لەبارەی ئەو چۆنیەتی‌یەوە کە گەلی عیراقی تیا دەژیاو لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستبوو لە سەری کە بیکا بۆ ئەوەی ئەو بارەی بگۆڕێ بۆ ئەوەی کرۆکی خۆی بە تەواوی خۆی دەرخا ، بێ ئەوەی زۆر لێی قووڵبینەوە ، دەگەڕێمەوە بۆ هەمان ئەو وەڵامەی کە لە پێش شۆڕشدا وەڵامیمان دایەوە .

● پردێکی باوەڕ ●

کە وابوو لەسەرمانە ئەو بارە بڕەخسێنین کە هەموو پشوویەکی تیا بدەین بە عیراقی‌یەکان بۆ ئەوەی هەموو توانای باڵاو هەڵقوڵاویان بەرەو ڕێبازو ئامانجی دەسنیشانکراو ئاراستەبکەن بەم جۆرە توانای باڵاو هەڵقوڵاویان ئەنجامی باش دەبەخشێ لە جیاتی ئەوەی لە چوارچێوەی زیانبەخشداو لە چوارچێوەی زەرەرەمەندو خراپدا هەڵبقوڵێ ... با هەموو کەسێك بە هەموو توانایەوە هەڵقوڵێ ، لەگەڵ بەرین‌کردنی ئەو دیوارانەی دەرەوەدا کە هێز دەخەنە سەر کرۆکی دەروونی ئادەمیزادی عیراقی بەو پەڕ تواناوە کە هەیە ، بۆ ئەوەی دەرەتانێکی فراوان لەبەر دەمیا بکرێتەوە ، ئەو کاتە بە شێوەیەکی ڕاست دەتوانین بەو کەسە بڵێین کە هەڵەی کردوە تۆ هەڵەت کردو بەو کەسەی کە لە ڕێ لایداوە تۆ لە ڕێ لاتداوە ئیتر بیانووی ئەوە ناهێڵین کە وا فلان فیسار بۆیە لە ڕێ لایاندا چونکە دەرەتانو هەڵی پێویستیان نەدرایە بۆ ئەوەی بە هەموو توانای خۆیانەوە بجووڵێنەوە ، بۆ ئەوەیش وێنەکە تەواکەین دەبێ کاتێ کە بە عیراقی‌یەکان دەڵێین ئێمە بە گوێرەی ئەم سیاسەتە دەڕۆین‌و ئەم دەستکەوتانەتان پێشکەش‌دەکەین دەبێ ئێمە بە تەواوی بڕیاری ئەوەمان دابێ کە ئەم شتە دەکەین ، ئەگەر لە نێوان قسەو ڕەفتاردا بۆمان دەرکەوت ، کە وا پێویستە ئەوەی بەڵێنمان پێی داوە نەیکەین پێویستە ئەوەی وتوومانە بیکەین بۆ ئەوەی پردێکی باوەڕ لە نێوان خۆمان‌و گەلدا دروستبکەین ،،، بە گەل دەڵێین ئێمە ئەمە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە دەکەین‌و ئەمەیش لەجەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ناکەین ، ئیتر قایل بێ بەمە یانا ،، چونکە ئێمە قسەو کردەوە دەخەینە چوارچێوەی مێژوویینی قایل‌بوونەوە ،، یانی لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامە کۆتایی‌یە بینراوەوە کە لە دوورەوە دەبینرێ لە سەرەتاوە ، نەك لە چوارچێوەی ئەنجامە دوورو درێژەکانی ڕۆژەوە ، لەبەر ئەوە زۆربەی جار ئەمە لەو خاڵە گرنگانەی پێوەندیم بوە لەگەڵ هاورێکانما لە سەرکردایەتیدا لەبارەی گفتوگۆی بەهێزەوە جارجار ، ئا ئەم خاڵە ، جاری وا دەبێ بڕیار دەردەکەین‌و دوای ئەوە بۆمان دەردەکەوێ یا هاورێیان بۆیان دەردەکەوێ کە وا پێویستە شێنەیی بکەین لە بەجێ‌هێنانی بڕیارەکەدا یا پێویستە هەڵیوەشێنینەوە بەڵام من قایل نابم‌و پێیان دەڵێم ڕەنگە جێبەجێ‌کردنی بڕیارەکە زیانی هەبێ بەڵام ئەم زیانە شتێکی کەمدەبێ لە چوارچێوەی ئەنجامی دواییدا کە بڕێتیە لە وەرگرتنی باوەڕی گەلی عیراق‌و ئەمەیش بەردی بنەڕەتی ئەو گۆڕانە قوولەیە کە لە کرۆکی مرۆڤی عیراقیدا ڕوویداوەو یەکێکە لە هەرە گرنگترین بنچینە سەرەکی‌یەکانی سەرکەوتنی داهاتوو لە هەموو مەیدانێکدا .

لیکۆڵەرەوەکە :

لەبارەی ئائەم ڕستەیەوە ، ئایا ئەم باوەڕەی کە عیراقی‌یەکان تێی دەگەن بەوەی کەوا بەشێکن لە دەوڵەتی عیراق‌و ژیانێکی ماتریاڵی باشتر دەژین ، چۆن ئەم پێشکەوتنە پیشان‌دەدەن‌و لە هەموو ئەم دەرەتانانەدا و کامیان لەوانی تریان گرنگترە ؟

هەموو عیراقیەکان موسڵمان وەهەسیحی کوردیان عەرەب هەستدەکەن کە بە شێکیان لەم ڕژێمە دادەنرێ

● هەموو ڕۆڵەکانی عیراق ●

سەرەکی بەڕێز :

بە شێوەیەکی گشتی ، ئیستە هەموو عیراقی‌یەك موسوڵمانبێ یا گاور ، کوردبێ یا عەرەب ، لە هەموو تایەفەو کۆمەڵێك ، کە ئەیشڵێم هەموو عیراقی‌یەکان مەبەستم هەموو ١٤ ملیۆنەکەی ڕۆڵەکانی عیراق نی‌یە بێ جیاوازی بەڵکو مەبەستم زۆربەی زۆریانە کە بڕێتین لەگەل ، دەڵێم هەموویان هەست بەوە دەکەن کە بەشێکیان هەیە لەم ڕژێمەدا .

لەمەوبەر لەسەر بناغەی هەل لەگەل ڕژێمەکاندا دەجووڵانەوە ، گەورەی هۆز دەیویست خۆی لە ڕژێم نزیك بخاتەوە بۆ ئەوەی دەستکەوتێ بۆ خۆی یا بۆ هۆزەکەی وەدەست بخا ، تیمارخانەی ئەخستە ناوچەیەکی نزیکەوە یا پاسەوانێکی لەو قوتابخانەیەدا دادەمەزراند کە لە هۆزەکەیەوە نزیکە ، ئەگەر ڕێگەیەکی گشتی هەبوایە هەوڵی ئەوەی دەدا هێڵەکەی لا بدا بۆ ئەوەی لە ناوچەکەیەوە تێپەڕێ بۆ ئەوەی ئەندامانی هۆزەکەی بخاتە ئیش‌و سوود بەبەخشێ‌و سوود وەرگرێ‌و ، کە حوکمێکی تایەفەچیش هات ئەوا هەندێ تایەفەچی ئاسۆ تەسك هەوڵی ئەوە دەدەن بە باشترین شێوە سوود لەم هەلە وەرگرن بەم یا بەو شێوەیە ، بەڵام ئیستە ، لەگەل ئەوەدا کە عیراقی‌یەکان شانازی بەو گۆڕانە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە دەکەن کە لە ژیانیاندا بوەو بە مەسەلەیەکی سەرەکی گەورەی دادەنێن لە ژیانیانا ، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە هەموو هەستی ئەوە دەکەن کە وا بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی عیراقی مەزنی کراوەوە بێ سنوور بەسەر دوارۆژدا کە لە سێبەریا پڕ شانازی‌و سەربەرز دەبن . ئەمە لای جووتیارو قوتابی‌و جێگری وەزارەتدا هەیە وەك چۆن لای سەربازو پێشەوادا هەیە ،، کە وا بوو هەموو هەست بەوە دەکەن کە وا لەسەر یەك هێڵی ئادەمیزادانە وەستاون لەو دەورە مێژوویی‌یەدا کە دەبینن بۆ بنیاتنانی عیراق هەرچەندە شوێنیان لە یەك جیاوازێ بە پێی پلەی دەوڵەت بەم جۆرە هەر یەکێ لەمانە وا هەست دەکا کە پێوەندی‌یەکی قوولی هەیە بەم تەلارە بەرزەوە بێ سەرکردنی جێگای لە دەوڵەت‌و حزبدا .

لیکۆڵەرەوەکە :

پرسیارم لە هەندێ عیراقی کردوە لە ماوەی مانەوەمدا لە عیراق لە خاوەن بیرانی ئەندامی حزبی بەعس ، کاتێ کە ئەمپرسی ئیستە کێ بە خاوەن‌بیرو تێۆریستی حزبی بەعس دادەنێن وەڵامی هەموویان ئەوەبوو : صدام حسین ، بەو پێی‌یەی کە خاوەن‌بیرو پێشەوای حزبی بەعسی عەرەبن چۆن سەیری دەوری خۆتان دەکەن کە دەورێکی فیکری پێشەوایانە دەبینن لە حزبی بەعسی عەرەبیدا ؟

هەموو تاکە کەسێك وای لێ هاتووە هەست بکات کە بەرپرسیاری یەکی گیانی بەگیانی لەم بنیاتە بەرزەدا هەیە لە هەر شوێنێکی دەوڵەتدا حزب دا بیت

سالی ١٩٦٣ سەرەتا بوو

سەرەکی بەڕێز :

حەزدەکەم ڕاستی‌یەکەت پێ بڵێم ، لە ڕاستی‌یا بیری فراوانی قوولی بەرپرسیارم دەستی پێ‌نەکرد تا پاش شۆڕشی ڕەمەزانی ١٩٦٣ و ئەمەیش سەرەتابوو ، یانی باری بەرپرسیاری لە دوای تیاژیان دەستی پێ‌کرد بەڵام بێ دەورێکی سنووربۆدانراو ، چونکە من ئەندامی نووسینگای ناوەندی جووتیاران بووم‌و ئەندامی سەرکردایەتی نەبووم، دەستیشم نەکرد بە نووسینی سیاسی پێش هەوڵێکی ساکار کە لە بەیاننامەیەکی ناوخۆی حزبدا دام لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا ، کە خۆم شاردبوموە بەیاننامەیەکم بەناوی سەرکردایەتی کاتی قوتری‌یەوە دەرکرد کە ئەو وەختە نەبوو ، چونکە پاش کەوتنەکەی حزب لە تیشرینی ساڵی ١٩٦٣دا مافی ئەوەمدا بە خۆم کە پێشەوایەتی حزب بکەم‌و ڕووبەڕووی ئەو کەرتبوونە ببمەوە کە بیروباوەڕی مارکسی‌یانەی ئەخستە ڕوو... بڕیاری سەرکردایەتی نەتەوەیی بۆ دانانی سەرکردایەتی‌یەکی قوتری وا کە پێشەوایەتی حزب بکاو ڕووبەڕووی کەرتبوون بوەستێ دواکەوت ، لە چوارچێوەی هەست بە بەرپرسیاری بەرامبەر بە بیروباوەڕی حزب کە لە پێناوی گەلدایە بڕیارمدا بڵاوی‌بکەومەوە کە وا حزب لە جەم‌وجووڵدایەو بەرپرسیاری بگرمە ئەستۆ لە ژێر ناوی «سەرکردایەتی قوتری »یدا کە «نی‌یە» و لەسەر ئۆبانی خۆم بەیاننامەیەکم بڵاوکردەوەو بەشی زۆری سەرکردایەتی کۆنم تیا دەرکرد لەبەر لەڕێ لادانیان‌و ئۆبانی کەوتنەکەی حزبم خستە ئەستۆیان و ،، ئەمەیش ڕاستبوو ئەوەیشم دەسنیشان‌کرد کە ڕێگای حزب ڕێگای ئەو ڕێبازە سەرەکی‌یانەیەتی کە دەستی‌کرد پێیان ، لەمەیش بەولاوە بارێکی ناوەختە هاتوە بەسەر حزبداو پێویستە شەڕی لەگەڵدا بکرێ‌و حزب بەسەر ڕێگای ڕاستیا بڕوا ، کە وا بوو یەکەم هەستکردن بە بەرپرسیاری لە ڕوانگەی بەرپرسیارێکی پێشکەوتووەوە لە دوای کەوتنەکەی حزبەوە دەستی پێ‌کرد ، پاش لە دەستچوونی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٣دا ،، بە نیسبەت کاروباری بیری‌یشەوە بیرم لەوە نەکردبوەوە کە ئەبێ بە شێوەیەکی سەرەکی جێگای سرنجم بێ تا ساڵی ١٩٧٤ بەڵکو پشتم بە هاورێکانم دەبەست و بە تایبەتی ئەو هاوری‌یانەم کە عیراقی نەبوون ، لە سەرکردایەتی نەتەوەیی‌دا چونکە ئەوان خوێندەوارتر بوون بە تایبەتی سووریایی‌و لوبنانی‌یەکان‌و ئەوان دەبنە بەرپرسیارانی کاروباری سەرەکی‌ی بیرو پێشخستنی بیری حزب .

Institut kurde de paris

زنجیرەی مێژووی

سەدەی بووژاندنەوە

د. کاك مظهر احمد
فراد مجید میسری کردویەنی بەکوردی

سەدەی بووژاندنەوەو بزووتنەوەی مرۆڤایەتی چەند خاسی‌یەتێکی ئەوەندە دیاریان هەیە ، توانی‌یان بووژاندنەوەکە بکەنە شۆڕشێکی فیکریی‌و رۆشنبیری ئەوتۆ مۆرکێکی تایبەتی بە مێژووی مرۆڤایەتی‌یەوە بنێ • لێرەیش بەدواوە هەوڵ دەدەین گرنگترین لایەنی ئەو خاسی‌یەتانە بەکورتی‌ی دەستنیشان بکەین •

١ ـ لەبەر ئەوەی لە دایك بوونی سەدەی بووژاندنەوە راستەو خۆ بەسترابوو بە پەیوەندی‌یە ئۆمەڵایەتی‌یەکانەوە ، دەبینین لەیەك کاتدا هەموو وولاتە ئەوروپایی‌یەکانی نەگرتەوە • ئیتالیاو چەند وولاتێکی تری رۆژئاوا پێش وولاتانی دی کەوتن ، بە رادەیەك تەنها چەند پرشکێکی گەیشتە ئەوروپای رۆژهەڵات(١٩) و ناوچەکانی «بولسکان» ، کە لەو سەردەمەدا کەوتبوونە ژێر دەستی عوسمانلی‌ی داگیرکەرەوە • بەڵام سەرەڕای ئەمەیش ئەو وولاتانە توانی‌یان مەرجەکانی بووژاندنەوە بە هۆی داهێنانی زانایانیانەوە بەهێزتر بکەن • باشترین ئەوەیە کە زانایەکی بەناوبانگی وەك «کۆپەر نیکۆس» هاووڵاتی‌یەکی «پۆلۆنیا »یی‌یە لەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بووژاندنەوە ، دەستکەوتی رۆشنبیری سەرجەم ئەو میللەتە ئەوروپایی‌یانەیە کە لە بەر رۆشنایی بارو زرووفی تایبەتی‌و ناوخۆیی خۆیان‌دا ، دەوریان لە گەشە پێ‌کردنیدا دیوە • جا گەر بێ‌و رادەی کار تێ‌کردنی شارستانیەتی رۆژهەڵات بەڕاستی‌ی لەبەر چاو بگرین ، ئەوا بووژاندنەوە لە چوارچێوە گشتی‌یەکەیدا دەبێتە دەستکەوتێکی رۆشنبیریی سەرپاکی مرۆڤایەتی • راستی‌یەکەشی هەروایە ، چونکە حەقیقەتی بووژاندنەوە ئەنجامێکی مەنتیقی ئاوێتە بوونی بەردەوامی شارستانیەتە جۆر بەجۆرەکانەو مەوداکەشی چ لە رووی کارکردن‌و چ لەرووی کارتێ‌کردنەوە ، گەلێك لە بووژاندنەوە بەربڵاوترو فراوانترە •

مایەی داخە ، سەرەڕای ئەم حەقیقەتە چەسپاوە ـ رۆژئاوایی‌یەکان خۆبشیان دان بەوەدا دەنێن کە بووژاندنەوەی ئەورپا قەرزداری رۆژهەڵاتی‌یەکانە ـ کەچی کەم‌و زۆر لە نووسینەکانیاندا رەنگ ناداتەوەو بەو چاوەوە تێ‌ی ناڕوانن کە بەرهەمی رەنجو تەقەللای هاوبەشی گەلانی دونیایە • ئەوەیشی کە زیاتر پاڵپشتی ئەم رایەمان دەگرێ ئەوەیە ، لە ڕەوتی گەشەکردنی شارستانیەتدا پرشنگی بووژاندنەوە بەتەنها بەشێك یان هەموو کیشوەری ئەوروپای رووناك نەکردەوە ، بەڵکو هێزو گوڕێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە دی ، بە شێوەی جۆر بەجۆر خۆی گەیاندە بست بەبستی سەر رووی زەمین‌و زانایانی بەپێی پێداویستو باروزرووف‌و قۆناغە مێژوویی‌یەکەی خۆیان بەشداری‌یان لەپێشخستن‌و گەشە پێ‌کردنی دەستکەوتەکانیدا دەکرد •

٢ ـ گوڕو گوژمی بووژاندنەوەو چۆنیەتی پەرەسەندنی ، راستەوخۆ بەسترابوو بە رادەی گەشەکردنی پەیوەندی‌و دیاردە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یە تازەکانی وولاتە ئەوروپایی‌یەکانەوە • بە نموونە ، بووژاندنەوە لە ئینگلستاندا لە سەدەی چواردەهەمەوە ، سەری هەڵدا • بەڵام تیژبوونی ناکۆکی‌و مل‌ملانێی نێوان دەرەبەگایەتی لەو وولاتەدا کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆیی(٢٠) ، لە سەدەی پانزەهەمدا کۆسپێکی ئەوەندە نا لەباری خستە بەردەم پەرەسەندنی ئینگلستان دیاردەکانی بووژاندنەوە تا سەرەتای سەدەی‌ـ شانزەهەم دەرنەکەوتن • ئەوە بوو لە دوای ئەو مێژووەبشەوە سەرەتای چوونە پێشەوەو گەشەکردنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دیار هەستیان پێ‌دەکرا •

١٩ ـ ئەو کاتەی رووسەکان کۆشکی «کریملین»یان بنیات نا ، هونەری بیناکاریی ئیتالیا بە تەواوی کاری تێ کردبوون • قوللەو شوورا کانی «کریملین» لە ساڵی ١٤٨٥ ـ ١٤٩٥دا بە سەرپەرشتی چەند ئەندازیارێکی ئیتالیایی بنیات نران •

٢٠ ـ مەبەست لە شەڕی (١٤٥٥ ـ ١٤٨٥)ە ، کە بە شەڕی جووتە گوڵ (حرب الوردتین) ناسراوە •

لە «ئیسپانیا »یشدا ، ئەگەرچی دیاردەکانی بووژاندنەوە تا کۆمەڵگای « ئیسپانیا »یی لە هەموو بوارێکی ژیاندا ، بوونە هۆی ئەوەی هەر بەو خێرایی‌یەی تێیدا تەشەنەیان کرد لە ئارادا نەمێنن بوختەی قسە ئەوەیە ، لەدایك بوون‌و پاشان‌ـ پەرەسەندنی بووژاندنەوە ، لە سەر هێڵێکی دیاری کراو نەدەرۆیشتن ، بەڵکو بەپێی ئەو بارو دۆخە خۆی دەنواند کە هەر وولاتە پێیدا تێپەڕ دەبوو • بووژندنەوەیش دەستکەوتی رەنج‌و کۆششی ئەوروپایە لە چوارچێوە فراوانەکەیدا •

٣ ـ هەرچەندە رەگەزێکی هاوبەش هەموو دیاردەکانی بووژاندنەوەی لە سەرپاکی وولاتە ئەوروپایی‌یە جیاجیاکاندا بەیەکترەوە گرێ دەدا ، بەڵام هەر وولاتەو بەهۆی بارو زرووفی خۆیەوە پێویستی بەوە دەکرد پێ لەسەر دیاردەیەکی تایبەتی دابگرێ‌و سیماو خاسی‌یەتی خۆی بپارێزێ • بە نموونە : لە «ئەڵمانیا »دا هۆمانیستەکان دەستیان دایە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە «ئارازمس ـ ئیرازمۆس»(٢١) بە «فەلسەفەی عیسا» ناویان دەبا (٢٢) • لەم روانگەیەو بووژاندنەوە لە « ئەڵمانیا »دا چووە قالبێکی قوولی فیکری‌یەوە و راستەوخۆ لە مەسەلەکانی کەنیسەی کاتۆلیکی‌یان دەکۆڵی‌یەوە ، ئەوەبوو دوایی کاری لە بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی «حرکة الاصلاح الدینی »یش کرد • بەڵام فەرەنسایی‌یەکان بە تایبەتی رووبان‌کردە لێکۆڵینەوەی یاسای رۆمانی‌ی کۆن‌و ئەمەیش لەو کاتەدا دەستپێشخەری‌یەکی گرنگ بوو ، ئەنجامیش بووە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی زەمینەیەکی لەبارێ گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی‌یامایی لە فەرەنسادا ، (٢٣) کەچی بیروباوەڕی بووژاندنەوە لە ئینگلستاندا لە زەمینەی فەلسەفەو ئیستاتیکادا رەگی داکوتاو بە ئاشکرا لە بواری ئەدەب‌و سوسیۆلۆژیاو شانۆدا تەعبیری لە خۆی دەکرد • وەنەبێ ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یانەیش سیما ئاینی‌یەکەیان وون کردبێ بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا ـ چونکە هەر لەو کاتەدا شان بەشانی ئەو چەشنە بەرهەمانە چەندین رۆمانی نوێ لەدایك بوون‌و بەهەمان شێوازی پێشوو بە شان‌و شکۆی سوارچاکی‌و پاڵەوانێتیدا هەڵیان دەدا • چەند وولاتی وایش هەبوون تێیاندا فیکری رادیکالی(*) بەهێزتر تەعبیری لە خۆی دەکرد وەك لە هەندێ وولاتی دیکە • بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازی‌یانەیش لێکچوون‌و نزیکی‌یان لە یەکترەوە ، بەهەر بارێکدا لێك‌بدرێتەوە ئەوە دەگەیەنن کە کەلتوری سەدەی بووژاندنەوە لەسەرپاکی کیشوەری ئەوروپادا سەروەرو بالادەست بووە •

٤ ـ پباوانی سەدەی بووژاندنەوە ، بەتایبەتی لە ئیتالیادا تەنها لە بوارێکدا پسپۆر نەبووە • زۆر جار رێککەوتووە یەکێك لەوانە چمکی چەند لایەنی جۆربەجۆری زانستی‌و هونەریی گرتووەتە دەست • باشترین نموونەیش نیگارکێشی نەمر « لیۆناردۆ دافینشی »یە • ناوبراو پەیکەرتاشێکی شارەزاو نووسەرێکی دیارو ئەندازیارێکی سەرکەوتوو ،زانایەکی پزیشکی‌و یەکالاکردنەوە «التشریح»ی جەستەی ئادەمیزاد دەدا «کۆپەر نیکۆس»یش زانایەکی گەورەی ئەستێرەشوناس‌بوو لە لێهاتووی ماتماتیك‌و میکانیك بوو ،چەندین ئامرازو ماشینی داهێنا • زیادلە پێویست بایەخی بە زانیاری پۆلونیاو ئیتالیادا ، زانیاری پزیشکی یاساو فەلەکی پزیشکی‌و یاساو فەلەکی خوێندبوو • لە وولاتەکەی خوێندبوو • لە وولاتەکەی خۆیدا بە درێژایی «٤٠» ساڵ بەردەوام بە تاقی‌کردنەوە زانستی‌یەکانی‌یەوە خەریك بوو • پێ بەپێی ئەوەیش لەبواری دارایی‌و ئیداریدا کاری دەکرد • بیروڕاو بۆ چوونەکانی دەبخەنە ریزی زانایانی سەردەمەکەیەوە • «ماکیافیللی» یش هەر لەو کاتەدا کە مێژوونووس و سیاسی‌یەکی بەناوبانگ بوو ، یەکێکە لە نووسەرو فەیلەسووفەکانی سەردەمەکەی •(*) بۆ زیاتر دەست خستنەسەر ئەم دیاردەیە ، لەو بەشەدا کە بۆ ناودارانی سەدەی بووژاندنەوەمان تەرخان ـ کردووە لە چەند نموونەیەکی دیکەیش دەدوێین •

بڕوانە ل : ٧

بالە زرخی

شاعیرە ناودارەکانمان کەم نەکەینەوە

جمال محمد محمد امین
سلێمانی

لە ژمارە یەکی گۆڤاری «کاروان»دا کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا دەرچوو وتارێکم بەرچاوکەوت کە دەربارەی مامۆستا زێوەری شاعیرو لەژێر ناونیشانی (زێوەری شاعیری کلاسیکی کورد لە نێوان سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی‌دا) لەلایەن کەریم شارەزاوە نووسرابوو یلاوکرایەوە وە بەو هۆیەوە کە وتارەکە سەرنجی ڕاکێشام بە پێویستم زانی بیروڕاو سەرنجەکانی کەریم شارەزا شی‌بکەمەوە و لەو هەڵوێستانەدا کە بە هەڵە بۆی چووە ڕاست بکەمەوە •

ئەوی ڕاستی بێ ، وەختێ پەڕەیەکم هەڵدایەوەو گەیشتمە سەر ئەو پەڕەیەی کە ناوی (زێوەر)م بەرچاو کەوت گەلێ دڵخۆش بووم کە دیراسەو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کرابێ‌و نرخ‌و پایەیەکی دەرخرابێ بۆ ئەوەکانی ئەم سەردەمەمان‌و بیروهەڵوێستو تواناو سوارچاکی مامۆستا زێوەری نەمری دەرخستبێت ، کەچی کە وتارەکەم خوێندەوە ، لە چەند بەشێك‌دا نەبێت ، ئەوی تر هەمووی دەربارەی کەم کردنەوەی نرخ‌و پلەوپایەی ئەم شاعیرە بەرزە بوو کە تەواوی ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ژیانی نەتەوەو وڵاتەکەی •

شارەزا لەگەڵ شوێن‌دا هەندێ بیرو هەڵوێستی ئەوتۆی دەربڕیوە کە بە تەواوی زێوەری نەمری لە جیهانی شیعردا دابڕیوەو جیاکردۆتەوە ، وە ئەو حوکمەی بەسەر زێوەریا داوە لە جێی خۆی‌دا نی‌یە ، زێوەرێك کە ماوەی سی ساڵی ڕەبەق خزمەتی منداڵانی کوردی کردوو و دەرسی پێ ئەوتنەوە ، ئەو زێوەرەی کە شاعیری گەورەی کوردەواری (پیرەمێردی نەمر ئەوپەڕی ڕێزی لێ ئەگرت‌و هەموو جارێ ئەی وت زێوەرەفەنەدی نوستادێکی تەواوەو زۆر شاعیرو شارەزایە)(١) • مامۆستا کەریم شارەزا لە بەشێکی وتارەکەیا ئەڵێت :ـ

(زێوەر پسپۆری لە شیعری غەزەل‌و وەسفدا سەری هەڵداوە)(٢) ئەم قسەیە تەواو لە مەنتیق‌و واقیعەوە دوورە ، وادیارە ئاگاداری دیوانەکەی زێوەر نی‌یەو چاوی بە شیعرە چاپ‌نەکراوو بڵاو نەکراوەکانی نەکەوتووەو تفەنگی ناوە بە تاریکی‌یەوە ، لە کاتێکا کە زێوەر جگە لە غەزەل‌و وەسف پسپۆری شیعری لە گەلێ لایەنی تردا سەری هەڵداوە بە تایبەتی لە شیعری کۆمەڵایەتی‌و نیشتیمان پەروەری‌دا •

ئەتەوەی کورد دوو کەڵە شاعیری تیا هەڵکەوت کە بناغەی شیعری کۆمەڵایەتیان لە ئەدەبی کوردی‌دا چەسپاندو ئەتوانین دەوری ڕابەرێتی دوو قۆناغی لەم مەیدانەدا بدەینێ ، ئەو دووانەش پیرەمێردی نەمرو زێوەری شاعیر بوون ، کە هەردووکیان بێ پێچ‌و پەنا هەموو ئەو بارە نالەبارانەی کۆمەڵگای کوردەواریان دەربڕیوە ، ئەگەر چی بەو هۆیەشەوە تووشی لافاوی نارەزایی‌و بەرچی دانەوەی هەندێ نەزان‌و کۆنەپەرستان بوون‌و تووشی نارەحەتی دەروونی بوون •• مامۆستا زێوەر هەر بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو گەلێ شیعری بێگانەشی گۆڕیوە بۆ کوردی ، لە لایەکی ترەوە لەپاڵ ئەو پسپۆری‌یە شیعریەی لە مەیدانی غەزەل‌و وەسف‌و کۆمەڵایەتی‌دا هەیبووە ، لە مەیدانی شیعری چیرۆکیش‌دا بوویەتی ، کە ئەمیش لە پسپۆری‌یەکانی تری گرنگتر نەبێ کەمتر نی‌یە ، یەکێك لە تایبەتی‌یەکانی پلەی شاعیرێتی زێوەر ئەوەیە کە لەپاڵ بابەتەکانی تری شیعردا شیعری چیرۆکی داناوە ،کە هەر شیعرەی ئەندە ئامۆژگاری‌یەکی لێ وەرئەگیرێ وچارەسەری دەردێك لە دەردەکانی کۆمەڵ ئەکات ، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە گەلێ لەو چیرۆکانەی بۆ منداڵان داناوە بۆ ئەوەی لە هەندێ گیروگرفتی دەروونی ڕزگاریان بکات وەك ترس‌و واهیمە ، ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی (خێوی ناو مزگەوت‌دا(٣) بە ئاشکرا دیارە • لە هەندێ چیرۆکیش‌دا ئازایەتی لاوی کوردو داوێن پاکی ئافرەتی کورد دەرئەخا ، لە هەندێکشیا پاکی‌و بێ‌گەردی دڵداریی کۆنی کۆمەڵگای کوردەواری دەرئەخا، ئەمەش لە شیعری(سەرگوزشتەی خوشك‌و برایەکی ئازا)دا دەرئەکەوێ ، لە هەندێ چیرۆکیش‌دا پیرۆزی ئیشی خستۆتە ڕوو وەك لەو چیرۆکەی کە بە « خەوبینین » دەست پێ‌ئەکا •••

کەواتە زێوەری شاعیر ، پسپۆری شیعریشی لە چیرۆکا بووە ، جا نازانم کەریم شارەزا بۆ ئەم لایەنە گەورەیەی فەرامۆش کردووە ؟!! •

لەوەش‌دا بەهەڵەدا چووە کە ئەڵێت : ـ

(زێوەر ئەو شاعیرە گەورەیەی کورد کاتێ کە لە ڕێبازی خۆی لادەدات‌و خۆی دەخاتە ڕێبازێکی دوور لە بەهرەو پسپۆریی هونەری خۆی‌و دەکەوێتە مەیدانی شیعری فێرکردنەوە (الشعر التعلیمی) دەبینین لاوازی بەسەر شاعیریەتیەکەی‌دا دێ‌و ئەگەر شیعرەکانی لە تای تەرازووی شیعری فێرکردنی تەواویان دابنێین ، دەبینین گەلێ کەم بەها دەردەچن ، کاروانل ٦٦)

ئەم هێرشە نالەبارەی شارەزا بردوویەتە سەر مامۆستا زێوەری شاعیر پێویستی بە بەرگری کردنی بێ لایەنانە هەیە کە قەڵەم بەدەستێکی خاوەن هۆش ئەرکی هێنانەدی ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ، چونکە لە ڕاستی‌دا ئەم ڕایە بە تەواوی لە ڕاستی‌یەوە دوورە ، شیعری تەعلیمی (فێرکردن) ، ناوی خۆی بەخۆبەوەیە ، کە ئەبێت (غموضییەتی) تیا نەبێ‌و سووك‌و ئاسان‌بێت‌و ببێتە هۆی فێرکردن ، کەواتە ئەو شیعرەی بۆ ئەو مەبەستە وترابێت ئەبێت بەرگی ساکاری‌و ئاسانی و زووتێ‌گەیشتنی بە بەردا بکرێت کە مامۆستا زێوەر ڕێ بە ڕێی خۆی وتوویەتی •• ئیتر بۆچ ئەبێت کە بۆ منداڵانی کودی لەمەوبەری نووسیبێ‌و بۆ ئەوە کە لەو سەردەمەدا تەنانەت هۆکانی فێرکردن وەك ڕادیۆو تەلەفزیۆن‌و سینەماوو ••• لە ناوچەوی کوردەواری‌دا نەبوون‌و ئەو شیعرانەی مامۆستا زێوەر کەلێنێکی گەورەی لەم مەبدانەدا پڕکردبووەوە ، کەواتە شیعرە فێرکردنەکانی نرخ‌و بەهاو پایەیەکی تایبەتی بووە نەك بێ بەهاو کەم نرخ وەك کاك کەریم شارەزا بۆی چووە •

کەریم شارەزا هەر بەم نرخ‌کەم‌کردنەوەیەشەوە نەوەستاوە لە بەشێکی تری وتارەکەبدا ئەڵێت :ـ

(زێوەر هەر لە بواری شیعری فێرکردن‌دا بەراوردی‌یەك لە نێوانی خوێندەواری‌و نەخوێندەواری دەکات ، بەڵام سەرکەوتنی ئەم بابەتیشی لە بابەتەکانی دیکەی باشتر نی‌یەو لاوازی‌و تەنکاوی پێوە دیارە) ، ئەمجا دوو بەیتی‌لە دیوانەکەی بە نموونە هێناوەتەوە ، لە کاتێکدا کە دیوانەکەی(٤) چەندەها شیعری بەهاداری لەم بابەتەدا تیایە •

ئەم هەڵوێستەی شارەزا لە هەموو هەڵوێستەکانی تری کەم بەڵگەترن بۆ ڕاستی قسەکانی ، چونکە لە ڕاستی‌دا مامۆستا زێوەر لەم ڕووەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەس هێناوە کە کەم شاعیر هەیە شان بدات لە شانی ، لەم ڕووەوە وەستایانە مەبەستی پێکاوە ، جێی خۆی لە دڵی منداڵان‌و لاوە تازە پێ‌گەیشتووەکان‌دا کردۆتەوە،

بڕوانە ل :٣

بەخشانی هونەری :

هۆکالێ گیان

رزگار عبدالواحد

ئێوارەیە ، شنە شنە بای دێ •
دەیدات لە رەندەی جۆخین‌و(١) دەیدات لە پرچی کاڵێ •
ئێوارەیە ، لە سەربانی مزگەوتەوە چاوم لێیە جامێکی
مس لەبن دەستەو ، سرك‌و چاپووك
رووەو پەچەڕانی ئەوبەری دێ هەنگاو دەنێی ••
بێدیقانە(٢) نازدارەکە ، نازانم بۆ کە ئێواران تۆ دەبینم
دەمارەکانم دەبنە تەلی گیتادو حاڵیان لێ دێ ؟ •
ئێوارەیەو زەردە بە رووتا هەڵدەپژێ •• رووە
فریشتەیی‌کەت
نوودانی هەڵگەڕاوە •• دەڵێی روخساری ئەو ئافرەتە
مەجدەلی‌یانەیە کە بۆ فەرو پیرۆز ماڵە هێمن‌و ئارامەکانی
شارستان دەبانکەنە میدالیای سینگی کۆشك‌و کەلەگی
بەکانیان ••
خۆرشینە ••
زەردە بە رووتا هەڵدەپژێ ••
خەم کارێکی کردوە ، رووە منالکارەکەت پتر نوودانی
دەرکەوێ ••

خەمی برای کۆڵ بەکۆڵ‌و خەمی گراوی‌ی جەربەرەت •
نە کلچۆك بە چاوا دێنی‌و نە ئارایشت لە دووت دەپژێ••
نە ڕەفەکانی ماڵتان شووشەی گوڵاو دەبنە میوانی ••
کەچی دەڵێی :

تاریکی شەوەزەنگەکان کۆبوونەتەوەو چاوەکانیان
سورمەکێش کردووی ••
کەچی دەڵێی :
گوڵە گەنمەکانی دەشتی گەرمیان قسەیان کردووە
بەیەك‌و پرچیان بۆ گەڵوازە کردووی ••

کەننەسمە رەنگاڵەو بووکە سوورەکانی(٣) کوێستان
لە پەڕو باڵی خۆیان کاڵایان بە باڵا بڕیوی •

کەچی دەڵێی :
تازەکی لە ناو بەڕەزاو بەرزەلنگ‌و خاوی(٤) ئەستەمەکان
ڕاپەڕیوی •
وا خۆر لەوەدایە ئەمدبو جێ بهێڵێ‌و لە سەربانی مزگەوتەوە
چاوم لێیە ، رووەو مێگەلەکەی ئەوبەری دێ ، دەست
بە جامێکی مسەوە هەنگاو دەنێی ••
هەر دەڕۆیت‌و بەربەستەکان کۆتت ناکەن ••

هەر دەڕۆیت‌و رووبارێکی سەرە ڕۆی بە هاژەو لزکەی•
دەبا هاژەو شەپۆلانت گوێی دێ پڕکات ••

رەوتت کێوی
دەنگت کێوی
شوورەو سەر حەدو بەستەکان نات کەن کەوی(٥)
کێوی‌یەکی گەلێ شیرین بە چاوی دێ
هەی جوانترین تابلۆی زەوی ••
هەی کاڵێ گیان •••

٢ ـ بێریقان = ئەو ئافرەتەی دەچێتە ناو ران
١ ـ رەندەی جۆخین = خەرمانی کوتراو •
بۆ مەڕ دۆشین •
٣ ـ کەننەسمە، رەنگاڵە ، بووکە سوورە = سێ
باڵندەی کوێستانی پەڕ ڕەنگین •
٤ ـ بەڕەزا ، بەرزەلنگ ، خاو = سێ گیای
بۆن خۆشی کوێستانن •
٥ ـ کەوی = دەستەمۆ ، ماڵی •

Institut kurde de Paris

نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد

خوێنەرانی بەڕێز :

لە کاتی خۆیدا ، بۆ یادی دەرچوونی هەردوو گۆڤاری« بەیان »و «ڕۆشنبیری نوێ » کە لە دەزگاکەمانەوەدەردەچن ، زنجیرەیەك گفتوگوو بیرورا وەرگرتن کرا ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری نووسەروو ڕۆشنبیران، کە بیرورای خۆیان دەربارەی هەردوو گۆڤارەکەدەربڕی و هەروەها باری سەرجەمی چاپکراوەکانی دەزگاکەمان ، بێگومان بەپێوەخستو ماوەی هەردووگۆڤارەکە نەدەکرا ئەو هەموو بیروراو چاوپێکەوتنانە بڵاوبکرێنەوە ، هەرچەندە ئێمە سوودیکی باشمان لە باری سەرنجە بە نرخەکانیان وەرگرت کەدەربارەی چۆنیەتی پێشخستنی هەردوو گۆڤارەکەدەریان بڕیوە ، بەڵام باری سەرنجیان دەربارەی سەرجەمی چاپکراوەکانی دەزگاکەمان بیرورایەکە شانازی پێوە دەکەین کە جێی ڕەزامەندی زوربەی هەرە زۆریانە ، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی باری سەرنجە بەنرخەکانیان جالەم ژمارەیەوە ، دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەی پۆختەی ئەو باری سەرنجانەوئەمەش بیرو رای ژمارەیەکلەو نووسەرو ڕۆشنبیرە بەڕێزانەن :

دەوری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کورد هەڵدەسەنگێنن

د. احسان فواد :

● ئەگەر سەیری نامەخانەکان بکەین دەبینین بەشێکی بەجێو ڕەنگینی لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی یە ، جگە لەوەی کە بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد حەز دەکەن ڕوو لەم دەزگایە بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ٠ چاپکردنی بەرهەم بووە بەکارێکی سەخت کە نووسەرانی لات لەوازی کورد لە وولاتێکدا کە هێشتاوەکو ئەو بازارە ڕەنگینە نییە بۆ بیرو ڕۆشنبیری کارێکە لە توانای کە ردانی یە لە بەر گرانی ئەرکەکانی چاپکردن ، بۆیە دەتوانم بە دڵنیایی یەوە بڵێم کە لەم ساڵەدا چاپەمەنی دەزگاکە بە پێی توانا کەلێنێکی باشی پڕ کردوەتەوە لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا ، با ئەو پڕکردنەوەیەش هێشتا زۆری بەبەرەوەبێ ٠

لێرەدا لایەنێك هەبە حەزدەکەم ڕوونی بکەمەوە ، بەشێ لە بڵاوکراوەکانی دەزگاکە دەربارەی ئەرمیرات لە زمانی عەرەبی یەوە وەرگیراوە ، جا لە بەرئەوەی ئەو بەرهەمانە وەختی خۆی هەمووی بەرچاوی خوێندەواری کورد کەوتوون، خوێندەوارانی کوردیش عەرەبی باش دەزانن ، وەسوودیان لێوەرگرتووە ، بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە سەرلەنوێ بەکوردی ئەوەکەلکە بەهیچ جۆرێك نابەخشێ کە بۆی داندراوە، بۆیە من لێرەدا وەکو گەلێك ڕۆشنبیری کە دەمەوێ ئەوەروون بکەمەوە کە وەرگیران دەبێ لە زمانەکانی دەرەوەبێت ، وەکو زمانانی فەرەنسی، ئەڵەمانی ،ڕووسی، ئینگلیزی ، ئیسپانی و هی تر ٠٠٠ واتە لە هەر زمانێکی دەرەوە کە بەرهەمی جوان و ڕەنگین و ڕەسەنی نەتەوەیی خۆی هەیە ٠ نەك ئەمە بکرێ لەزمانێکەوە کە بەشی زۆرمان دەیزانین وەباش تێی دەگەین چونکە ڕۆشنبیران حەزبە خوێندنەوەی بەرهەمی نوێ و نەبیستراو دەکەن ئومێدمان زۆرە بۆلەمەودووا دەزگاکە هەوڵ بدات لە زمانانی دەرەوەبەرهەمی نوێ و نەبیستراو ـمان پێش کەش بکات ٠ ئەگەر دەزگاکە بەراستی دەزگاکە دەربارەی ئەو بیرو بۆچوونانە بە بیەوێ ئەم هەنگاوە بنێ دیارە ئێستا ئەوەندە کادیر هەیە کە ئەم کارە جێبەجێ بکەن ٠

لایەکی کە دەبێ لەنگەرێکی ڕاست بگیرێ بۆ بابەتەکانی بڵاوکردنەوە بۆ نموونە هێشتاوەکو بابەتی زمان ، کەلەپوور ، ڕەخنە ، شانۆگەریی ، ڕۆمان لە بڵاوکراوەکانی دەزگاکەدا کزە٠دیارە بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری و جموجۆڵی ڕۆشنبیرانیش بەشداریان زۆر گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هەمەجۆر ٠

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزگاکە کەموزۆر پشتی نووسەرانو شاعیران دەگرێ، بەڵام ئەمە پێداویستی یەکە کە لە باری تایبەتی ژیانی ڕۆشنبیری ی نەتەوەکەمانەوە هەڵدەقوڵێ هەتا بەرەو بڕەو بچێ هێشتا هەر کەمە ٠ هەموو باش دەزانین کە باری ژیانی نووسەران و شاعیرانی کورد زۆر دوورە لەو بارەی کە پێویستە هەڵبکەوێ ، دەزگاکە دەبێ چی لە توانادایە لە توانای خۆی زیاتر ناوڕ لەم لایانە بداتەوە، پشتی هەموو نووسەرو شاعیرە بەهرەدارەکانی کورد بگرێت ، دڵسۆزانە لێیان بپرسێتەوە ، یارمەتی هەموو یەکێکیان بدات ٠

مامۆستا محمد امین پێنجوینی

● هەڵسەنگاندنی سەرجەمی چاپەمەنی یەکانی دەزگاکەتان بەسەریەکەوە کارێکی ئاسان نیەو دەتوانم بڵێم پرسیارەکە وەڵامێکی کشتی دەوێ ٠ بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەر بەسەریەکەوە قسە نێدابکەین ، دەتوانین بڵێین کتێبی بەنرخو بەرای دەزگاکەتان ، هەرساڵە یەك دووکتێبی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە پاڵ کتێبی وەرگیراو ئینجا شانۆو چیرۆك و شیعر ، ئەگەر بەرنامەکە دابنرێ ئەوسا دەزگاکە وەترانی ڕوو لە ئەدیبانو ڕۆشنبیرانی بەتوانا بکات کە بەپێی (اختصاص)یان لەو باسو بابەتەکە دەتانەوێ ، بۆتان ئامادەبکەن ، ئینجا ئەوکەسانەی کە کتێبیان بۆ دەنێرن کە سەیری بکەن وەکو (خبیر) واباشترە ئینسانی لێوەشاوەبن و لەئاستی لێپرسینەوەبن ، تا بتوانن ئەرکەکەیان بەراستی و دروستی ببەنە سەرو کتێبی خراپ ڕووی گەشی کتێبە باشەکان لێل نەکات کە لە لایەن دەزگاکەتانەوە دەردەچێ ٠

مامۆستا حاجی جعفر

● ئەگەر بێتو چاڤەکی بخشینین دناف کتێبخانا کوردی دا یانکو دناف وان چاپەمەنیت دەزگاهێت ڕۆشنبیری کوردی دەردەکات وەکی ئێکتیا نیسەڤانیت پر بها دگێرینیت دناف مەیدانا ئەدەب و ڕۆشنبیرا کوردی دا ٠

ئەڤ کتێبێت دەردکەڤن، یانکو دێنە چاپ کونێ ل دەزگا ڕۆشنبیری و بلاڤەکرنان و ئەدەبی هەتا دگەهێتە زانیاویێ ٠ هەرو ، سابەرگەیەکێ جوان و قەشەنك ، بهایەکی کەم ، دکرڤنە بازارا ئەدەب و ڕۆشنبیرا کوردی دا ٠

ل دیماهێ هیبا سەرکەڤتن و سەر بلندێ دخازم بۆ ریەبەرێت فێ دەزگایێ و هیی دارم زۆرتر خۆماندوو بکەن و دەستێ هۆزانان و نیسەڤانێت کورد بگریت بۆ چاپکرن و پێش خستنا بەرهەمێ ئەدەبی کوردی ٠٠

● مامۆستا حسیب قەرەداخی

● ئەم دوانزە ساڵەی چاپەمەنی کوردی دەزگاکەتان، ساڵ ساڵی بەپێت وفەڕبووە بەتایبەتی ئەم ساڵانەی دوایی و ساڵ ساڵیش کەم پێت بووە پیاو بۆ خوا بێ لەم دوانزە ساڵەدا چەند کوردو کۆڕی زانیاری ـ ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی یە ، واتا ئەڤ دەزگایە دەورێکێ مەزن و سازێکی تەمەنی چاپەمەنیە کوردیەکانی دەزگاکەتان لە بیر ناچێتەوەو دەستی بۆ درێژ دەکرێت وەکوو نیشانەی هەڵ کەوتنی دەزگەکەتان ٠

● دایکی سۆلاف

● بەراستی لە ماوەی ئەم (١٢) ساڵەدا چاپەمەنی کوردی خزمەتی زۆری کردوە بەگوێرەی هەڵسوڕانی بارو زروفی وڵات ٠ هیچ کاتێ درێغی نەکردوە بە دڵسۆزانە هاتوە بەدەنگمانەوە وئەرکی شانی سوك کردوین ، بە تایبەتی بە کاری خۆی هەڵساوە بۆ چاپ کردنی هەموو جۆرە کتێب و گۆڤار، ڕۆژنامەیەك ٠

● مامۆستا عبدالرحمن مزوری

● ئەفرو چاپکرێیە کوردێ ، دبنە دو تا : چاپکرنا پەرتوك و فەرهەنگ و نشتوکا ٠٠ وچاپکرنا گوڤارو ڕوژنامە ٠ بو چاپکرنا پەرتوکا دبێژم گەلەکا سەرکەفتی یە ، چ ژلایێ کاغزا چاك و چاپکرنەکا شەنگڤە ، ژلایێ نافەڕۆکا تێر وماددەیەکێ چەورڤە ٠٠

تیپا کورالا دهۆکی و

گازندە

تیپا کورالا دهۆکێ تیپەکا ب ناڤو دەنگە ل عیراقێ چنکی کە ن نینە ناڤێ وێ گولێ نەبوی ٠

تیپا کورال یا پێك هاتیە ژ چەند شاگردەکا ل دهوکێو ریەبەرێ وێ هونەرمەند (دلشاد محمد سعید) ٠

ب ڕاستی دلشادی گەلەك بزافا کری ژبو پێشکەفتنا فێ تیپێ هەتا ساڵا ١٩٧٩ ل پاریزگەها (مثنی) ئێکەمین تیپ بو ل سەر مەووایێ عیراقێ ٠

وەرگرتنا فێ تیپێ پلا ئێکی ل میهرەجانێ (مثنی) ب ڕاستی ڕەنگەگێ گەشی و سپەدا بزافا هونەری ل بەهدینا ٠

بشتی فێ چەندێ فێ تیپێ بشکداری ل گەل میهرەجانا دا یا کری و خەلاتێ یێ وەرگرتی ٠

موسیقا ژەنێ فێ تیپێ دلشادەو دگەل دوو کچێت دی ئەو ژی (نەجات عبدالمسیحو مونا صبری)یە ٠

ئەفرو گازندە ژ فی تیپێ تێنە کرن ٠٠ چنکی تیپەکا خودان دویرە یانکو ڕێەبەرێ تیپی دگەل تیپێ ناژیت و هەتا فێ گافی (سێ) کاسێت بتنی پێت تومارکرین !! ئەڤجا گازندا ئێکی بو فێ تیپی یاکێم بەرهەمە چونکی سێ کاسیت ژ ساڵا ١٩٧٩ هەتا نهو ب ڕاستی تشتەکی پیروزە لنك مە هەمیاو پێکولا فێ تیپێ بو نوککرنا ترانێت فولکلوری گەلەك تشتەکێ هەژیە بەلێ جەماوەر قەبول ناکەت گوهرینا بێخنێ چونکی فولکلور سامانێ هەمی کوردایەو قەد نابیت کەس دەستکاریێ تێدا بکەت و هەمی دەما هەوجەمی یڤی فولکلوری هەیە ٠

دیسان هندەك برسیارا خەلك دکەت و دبێژن کا بەرهەمێ ساڵا ١٩٨٢، هیڤی و ئومێدا مە پێشکەفتنا هونەرێ کوردیە یێ ڕەسەن ٠

اسماعیل ابراهیم

گازندەکا دی ل سەر فێ تیپی : بوچی کورك سترانا نابێژن ؟؟ دیارە دەنگێ کەسێ خوشی نینە بتنێ یێ هەردو کچا !!

دەنگ زارڤیا فێ تیپی ژی جهێ گازندێیە دگەل دووبارکرنا سترانا ٠

پویتە دان ب فولکلوری کێمە هەر وەسا گەلەك جارا ترانێت تێنە دووبارەکرن وەك (سترانا من تو چەندڤێی ئەز نزانم)و سترانا « هۆی زەریو زەری » ٠

دەربارەی نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی

ڕیپۆرتاژ (لێکۆلینەوە) جیاوازییەکی ئەواوی

لەگەڵ (ڕاپۆرت) یان (لێدوان)دا هەیە ، بەکورتی ڕیپۆرتاژ چیرۆکێکی ڕۆژنامەگەریە کە گێڕانەوەو دایەلۆگو بڕینو دوایی لێدوانیشی هەڵدەگرێ ، هەروا چوونەوە سەر ئەرشیفو گەڕان لە نێوان چەند کەسێك و شوێنێکدا دەشێ ببێ ٠

ڕیپۆرتاژ نووسی چاك ئەوکەسەیە کە شێوازێکی چیرۆك نووسی و زمانێکی ساغی هەیە، ئەندێشەیەکی بەپێت و سامانێك لە زانیاری هەیە ، خۆئەگەر هات و ڕاپۆرت نووسی بشێ ببێتە نووسەری لێدوان یان ئەم ببێتە ڕاپۆرت نووسی ١ ئەوا ناتوانێ یان بە واتایەکی دی هەروا ئاسان نیەکە ڕۆژنامە نوو سێك ببێتە ڕیپۆرتاژ نووسی ٠

ئەو لەڕاستیدا هونەرمەندەو دەتوانێ چۆن مامەلە لەگەڵ کەرەستەکانی بکاو لە پێناوی بابەتەکەیدا تەرخانیان بکات ٠

ڕیپۆرتاژیش زوربەی جار بابەتێکی دیاری کراو ناگرێ ، بەڵکو کۆمەڵێ ، بابەت کە پەیوەندیەکی دیاری کراو بەیەکیانەوە دەبەستێ وەیا یەك ڕێگا بەیەکیان دەگەیەنێ ٠

جا ئەگەر بمانەوێ ڕیپۆرتاژێ دەربارەی پاك و خاوێنی بەغدا بنووسین ، ئێمە پاك و خاوێنی وەك شتە ڕووتەکە وەرناگرین ، یان هەرچی دەڵێین لەسەر ئەمینداریتی پایتەخت گردبێتەوە ، بەو ئیعتبارەی لایەنێکی لێپرسراوی دەوڵەتە ، بەڵکو باسکردنەکەمان (ئەمینداریتی پایتەخت و توانای دارایی و ئادەمی ٠٠٠ فراوانی شاری بەغدا ٠٠٠ شەقامو کۆڵان و گەڕەکەکانی ٠٠٠ ئەرکی سەر شانی هاونیشتمانان ٠٠٠ ئەو زیانانەی کە بەهۆی بوونی پیسی و زبلەوە لەناو ماڵەکاندا دەکەون ٠٠٠ زەوقی گشتی خەلك ٠٠٠ زبڵو پیسی دوای کۆکردنەوەی بۆ دەبرێ ٠٠٠ هتد) ، ئەمانە هەمووی دەگرێتەوە ٠

جۆرەکانی ڕیپۆرتاژ (لێکۆلینەوە) :

ڕیپۆرتاژ دەکرێ بەگەلێ جۆرەوە ، لەوانە :ـ

١ ـ ڕیپۆرتاژ (لێکۆلینەوە) ی باو ٠٠٠ مەبەستمان ئەو لێکۆلینەوەیە کە چیرۆکی ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەگێڕێتەوە ٠ کە بەسەر هەموو هاونیشتمانداندا تێدەپەڕێ ، وەك (پەنگخواردنەوە لە شەقامەکاندا ٠٠٠ بازاڕی ڕەش ٠٠٠ هاتنەخوارەوەی ڕادەی ژنهێنان لەناو لاواندا ٠٠٠ منداڵ زۆر بوون ٠٠٠ دیاردەی دواکەوتنی زانستی قوتابیان ٠٠٠ هتد) ٠

٢ ـ لێکۆلینەوەی تەنیا(١) (چاوپێکەوتن) ، مەبەست لەو چاوپێکەوتنەیە کە لەنێوان ڕۆژنامە نووسەکەو لێپرسراوێکدا یان چند کەسێکدا بێك دێ ، دەست پێ کردن و کۆتایی هاتنی لە چیرۆکێ یا سیناریۆیەکی فلیمی سینەما یان تەلەفیزیۆن دەچێ ٠

٣ ـ لێکۆلینەوە دەربارەی ٠٠٠ کۆنگرە ، کۆبوونەوە ، شارو کێڵگەو کارگەکان ، ٠٠٠ هتد ٠

چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی جۆرێکە لە جۆرەکانی لێکۆلینەوە یان ڕاپۆرت ، لەمانەش بەوە جیاوازە کە وێنەیەکی ڕاستی ی ڕای کەسێکی گەورە یان لێپرسراوێك دەربارەی هەندێ بابەت دەگەیەنێ (بیروڕای لە مەسەلە سیاسی یەکاندا ٠٠٠ لە پەیوەندێکانی نێو دەوڵەتان ٠٠٠ ئیشی وکاری ئابووری ٠٠٠ ئیشی و کاری بەڕێوەبردن ٠٠٠ هتد)

چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی لە هەرە وردترین و مەترسی ترین ئیش و کارێکە کە ڕۆژنامە نووسی شارەزا بەئەنجامی دەگەیەنێ ، جا بۆئەوەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی ، دەبێ ئەمانە بکرێ :ـ

١ ـ دەبێ چاوپێکەوتنەکە چاك ڕێکخرێ (لە نوو مینگەی لێپرسراوەکە یان ڕۆژنامەکە وەیا لە ماڵدا) ٠

٢ ـ ڕۆژنامە نووسەکە دەبێ ئەو بابەتەی کە بۆی هاتووەو لێی دەگەڕێ وەیا ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ لێپرسراوەکەدا باسیان دەکات بیانزانێ و ئاگاداریان بێ ، لەم حالەتەدا لەوانەیە لێپرسراوەکە ئاگادار بکات یان نەیکات (بەتایبەتی لەمەسەلە گشتی یەکاندا) ٠

٣ ـ دەبێ ڕۆژنامە نووس قسە بەقسەکەر نەبڕێ یان بۆی ڕاست نەکاتەوە ٠

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

سەرەڕای باری جەنگ

سلێمانی زیاتر ئاوەدان دەبێتەوە

لە چاو پێ کەوتنێکی بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی‌دا کە تایبەتی بوو بە سەر کردنەوەی ئەوپرۆژانەی لە نێوان ساڵانی جەنگی پیرۆزی وڵاتمان جەنگی قادسیەی صدام‌دا لە پارێزگاکەمان‌دا بە تەنها لە لایەن ئیدارەی ناوخۆوە جێ‌بەجێ دەکرێن

بەڕێزی وتی لەپاڵ ئەم شەڕە ناهەموارەی کە لە لایەن رژێمی ئێرانی رەگەز پەرست‌و دەست‌و دایەرەکەی خومەینی‌یەوە بە سەرمان‌دا سەپێنراوە تا ئێستا وەنەبێت کەم‌تەرخەمی لە لایەنی بوژانەوەو ئاوەدانی وڵاتەکەمان کرابێت بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا چەندان پرۆژەی جۆربەجۆر جێ‌بەجێ دەکرێن بۆ نمونە تەنها لە لایەن ئیدارەی ناوخۆی پارێزگاکەمانەوە هەڵساوە بە جێ‌بەجێ کردنی ژمارەیەک لە پرۆژەی جۆربەجۆری پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و وەرزشی‌و نیشتەجێی‌و دوو

خانوو دروست کردن بۆ دام‌و دەزگاکانی میری لە چەندان ناوچەی جۆربەجۆردا کە نرخی هەموویان پێکەوە دەگاتە (١٢) ملیۆن‌و (٩١٣) هەزارو (٨٤٨) دینار ٠٠٠٠

هەروەها بەڕێزی وتی ئیدارەی ناوخۆی ناوبراومان هەڵدەسێت بە جێ‌بەجێ کردنی ژمارەیەک لە پرۆژەی هاوجۆری‌تر لە چەند ناوچەیەکی دی پارێزگا - کەمان‌دا کە نرخی تێکڕایی ئەوانەش دەگاتە (١٨) ملیۆن‌و (٥٦١) هەزار دینار ٠٠٠

هەروەها وتی شایانی باسە ئەو پرۆژانەش کە تا ئێستا لە نێوان ساڵانی جەنگی رەوامان‌دا لە لایەن ئیدارەی ناوبراوەوە جێ‌بەجێ کراون بریتین لە دروست کردنی (٢٨) قوتابخانەی سەرەتایی‌و (١٧) قوتابخانەی ناوەندی‌و یەکێکی سانەوی‌و (٢٤) باخچەی منداڵان لەگەڵ چەند هۆڵێک بۆ خواردەمەنی قوتابخانەکان‌و چوار تاقیگەو سیانی زانیاری لە چەند قوتابخانەیەک‌دا٠٠٠ هەر لەم ڕووەشەوە دوو هۆڵی تایبەتی کە بۆ چەندان چالاکی بەکاردێت هەروەها دروست کردنی چەند بەشێکی ناوخۆی هونەری پیشەسازی لە چوار قوتابخانەی ناوەندی‌دا لەگەڵ بەشێکی ناوخۆی‌کەدا کە جێگای(١٠٠) قوتابی تیا دەبێتەوە ٠٠٠ ئەمانەو دروست کردنی چەند ژورێک بۆ لیژنەکانی یەکێتی قوتابیان لە (١٠) قوتابخانەی سانەویی‌و ئامادەیی‌دا ٠٠٠٠

هەروەها دروست کردنی (٥٤٣) خانوو بۆ فەرمانبەران‌و مامۆستایان لەگەڵ (٣) مەڵبەندی فەرشی دەست‌و دوو مەڵبەندی ئاگر کوژاندنە - وەو لقی مەڵبەندێکی تەندروستی‌و (١٠) خانووی‌تر ٠٠٠ ئەمانەش سەرباری فراوان کردن‌و میاج دروست کردنی ژمارەیەک لە قوتابخانەکان‌و هەر لەم بارەیەشەوە پەرەپێدانی یاریگەی وەرزشی سلێمانی لەگەڵ ڕێکوپێک کردن‌و قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناو یاریگەی ناوپراو ٠٠٠

● هەروەها بەڕێز پارێزگاری سلێمانی دووپاتی کردەوە کە هەوڵێکی تایبەتی دەدرێت بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە ئێستا ئیدارەی ناوخۆی سلێمانی خەریکە جێ‌بەجێیان دەکات‌و ئەوانەش بریتین لە دروست کردنی (٢٣) قوتابخانەی سانەویی‌و شەشی سەرەتایی‌و حەوت بەشی ناوخۆ بۆ نیشتەجێ کردنی ژمارەیەکی نوێی قوتابیان‌و (١٧) باخچەی منداڵان‌و چەند تاقیگەیەک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان‌دا لەگەڵ هۆڵێک بۆ خواردەمەنی قوتابخانەکان ٠٠ لە لایەکی تریشەوە دروست کردنی (٣) مەڵبەندی لاوان‌و (٨) بینا بۆ لایەنە پیشەیی‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتیەکان‌و (٧) مەڵبەندی فەرشی ئیشی دەست‌و لقی مەڵبەندێکی تەندروستی لەگەڵ دروست کردنی (٥) مەڵبەندی لقی ئاگر کوژاندنەوە هەروەها دروست کردنی چوار بارەگا بۆ ئافرەتان لەگەڵ (٢١) خانوو بۆ دام‌و دەزگاکانی دەوڵەت‌و ڕێکخراوە جەماوەریەکان لەگەڵ (١٤١) خانووی‌تر بۆ فەرمانبەران‌و مامۆستایان کە بە سەر کارگێڕان‌و ناوچەکانی مەڵبەندی سلێمانی‌و چەند قەزاو ناحیەو گوندە هاوچەرخی‌یەکانی پارێزگای سلێمانی‌دا، دابەش دەکرێت ٠

- ٢ - جادێت دوهوکێ گەلەك کەندو کورێت تێدا ٠٠ ژ بەر هندێ ئەف کێماسی‌یە یا هەی وئەم ئامادەو بەردەوامین ومەدفێت کوفان کێماسی یا و ئاستەنگی یا نەهێلیینە رێ یا باژێری هەمی یێ دا هندی ژ مەبهێت ٠٠٠

● نوییەن - زێبرا(مجاری) ٠

هەروژێن ڕێڤەبەری یا
نوییەن وئافێ لدهوکێ

■ نووسینگەی دهوك ■

پێخۆشە بزانین ژ هەرچ ڕێڤەبەری یەکا بیت ل باژێری کا چ پروژە هەنە بڕێك دئێخن ل نهە و پاشەروژێ و چ ساڵ هاتی‌یە دانان و کار دکەن ٠٠٠

ئەڤجا من ئەف چەند پرسیارە ژ ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەری یا نوییەن و ئافێ لدوهوکێ کرن ٠٠٠ ئەندازیارێ هێژا - فرەنسیس - ٠٠٠ ل سەر کاروبارێ ڕێڤەبەری یێ ب ڕێکەکا گشتی ٠٠٠

پ١ : - سەیدا ڕێڤەبەری یا نوییەن و ئافێ ل دوهۆکێ چ دەم هانی یە دانان - دامەزراندن - ٠٠ ؟

ب / - ب راستی ڕێڤەبەری یا نوییەن و ئافێ ل دوهوکێ ژ مێژ وەرە هەبوو ئەز شێم بێژم دیماهی یا سالێت بیستێ ٠٠ ٠ چنکو یا تێکەل بوو دگەل ڕێڤەبەری یا شارەوانی یا دوهوکێ لدیف بریارا ئەمینداری یە تا گشتی و یا شارەوانی یا و هافینکەها ٠٠ بەلێ لڤێ دیماهی یێ ل ساڵا - ١٠ - ١١- ١٩٧٩ - ئەم ژ ئێك جدا بووین ٠٠ و ژ ئێك جدا بووین ٠٠ و بوینە ڕێڤەبەری یە کا سەربەخۆ ٠٠٠

پ٢ : - ئەرێ سەیدا هەوە چ پروژە هەنە ب ڕێك دئێخن ل نهە ٠٠ ؟

ب / - ئەو پروژێت نهە ئەم ب ڕێك دئێخین نهە ٠٠ بۆ ئاف ڤەخارنێ وەکی ٠٠٠

- ١ - دانا - ١٠ - دەهە - مسەخێت - ئافێ ل دەڤەرا ئامێدی‌یێ ٠ ٠ ٠ کو پارێت وان - ٢٠ - هزار دینارن ٠٠ - ٢ - چێکرنا - شەبەکێت- ئافێ کو درێژای - ٧ - کم٠٠ - - ٣ - ب ڕێك ئێخستنا بیرێت ئافێ دگەل چێکرنا جهێ - موحەتە - پالەپەستوی یا ئافێ ٠٠٠.

- ٤ - چێکرنا - ٦ - شەش ژورا ل سەر - بۆ - ٥ - چێکرنا - شەبەکێت - ئافێ بۆ مالێت لەشکەری - سەربازا - و خوگوری کەرا ل دەوروبەرێ باژێری٠٠ هەش ل ناف باژێری بگرە هەتا دگەهتە دەڤەرا زاخو ٠٠ ئۆ دانانا - شەبەکا - بوری یێت ئافا زاخو ٠٠

پ٣ : - بۆ مە خویا بکە سەیدا کا ئەو پروژێن هین پێ رادبن بوپاشەروژێ٠٠ ؟

ب / - هەتا نهە بۆ مە چ نە هاتی‌یە و دیار نەبوویە ژ ڕێڤەبەری یا گشتی ٠٠ کو پروژێت پاشەروژێ راببین ٠٠ بەلێ سەرێ ساڵا نی - ١٩٨٣ - دێ دیار ببیت٠

پ٤ : - بۆ باراپتر ئافا کێمە هەر دەم ل باژێری ئو کومەلگەهێت ل دەوروبەرێ باژێری بۆ مینا وەکی کومەلگەها - بەروشکێ - و ئافاپێت تاخێ دوهوکا نی ٠٠ ؟

ب / - چنکو٠ پروژێ باژێرێ دوهوکێ هەمی یێ یێ ئاف قەخارنێ یێ هاتی یە چێکرن ل ساڵا - ١٩٧٦ - ژ وی دەمی وەرە هەتا نهە باژێر گەلەکێ مەزن بووی ئەم مەزن بووی ئەم شێین بێژین دانیشتوانا باژێری دوو سێ جارا تەمەت دانیشتوانا باژێری کو ل ساڵا - ١٩٧٦ - یا لێ هاتی ٠٠ ئەوچا ژ بەر ڤێ ئەم ئیت گەلەك بیرێت ئاف قەخارنێ دکولین ٠ ٠ و پروژەکێ نی ب ڕێك دئێخین ل .ساڵا بهێت - ١٩٨٣ - دا ئەف کێماسی یە ٠

پ٦ : - بۆ ئاف

د پەنگێت ل جادداو کولانا ل باژێری نەمازە دەمێ باران بارینێ ٠٠ یا ژ مەدن وەرە بۆ هاتن‌و چۆنا تومبێلاو مروڤا نە باشە و هەروە ما بۆ جاداو کولانا ٠٠؟

ب / چنکو ٠٠٠

- ١ پروژێت بوری ئیت کۆ ئاڤا پیس و زێدە خلاس بکەن ل ناف پاژێری نینن ٠٠٠

تاوێك لە
بەشێکی موزەخانەی سلێمانی

کە دەڵێین مۆزەخانە ڕاستەو ئەو جێگایە بە سەر دەکەینەوە کە گەلێک کەلەپوری فۆلکلۆریی‌و بە جێماوی شوێنەواری تیا پارێزراوە ٠

هەرچەندە ئەم بۆ چونەش دروستە بەلام لە پاڵ ئەوەشدا هەندێ بابەتی کەش دەگرێتە خۆ لەوانە بەشی کتێبخانە کە لەم ڕوانگەیەوە چاو پێکەوتنێکمان لەگەڵ کاك عبدالرحمن عبدالکریم محمد سەرپەرشتیاری بەشی ناوبراودا سازکردو سەرەتا دەربارەی هەولی دامەزراندنی ئەم کتێبخانەیە لە یەکەم جارەوە تا ئەمڕۆ وتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢دا لەگەڵ بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلێمانی کاك ڕفیق فتح‌الله بریارمان دا کە هەوڵی پەرەپێدانی بدەین ئەوەش بە گرتنی خانووبەك‌و هەموو کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان گواستەوەو لەو کاتەدا ژمارەی کتێب لە کتێبخانەکەمان‌دا لە دوو هەزارو پێنج سەد (٢٫٥٠٠) هەزار زیاتر نەبوو، دوای بەیوەندی کردنیشمان بە دامودەزگا ڕۆشنبیری‌یەکان‌و پەیوەندی کردنیش بە ڕۆشنبیرانەوە دەرگای کتێبخانەکەمان کردەوەو لەگەڵ بچوکی جێگەی خوێندەوەو کەمی کورسی‌و مێز ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان‌و ڕۆشنبیران ڕوویان تێ‌کرد بەم جۆرە هەتا ١٩٧٨ مان بە سەر بردو ژمارەی کتێبیشی گەیشتە حەڤدە هەزارو پێنج سەد جگە لە ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەجۆری کۆن‌و نوێ ٠٠ بەلام دوای ١٥-٥-١٩٧٩و ئامادە کردنی بینای نوێی مۆزەخانە هەموو بابەتەکانیمان گواستەوەو بەشێکی تایبەتی بیناکەش بۆ کتێبخانە تەرخان کراو هەر لەگەڵ گواستنەوەشدا کتێبخانەکەمان بە هۆی نەبوونی کەرەسەو مێزو کورسی پێویست داحست‌و لەو ماوەبەشدا کتێبەکانمان بە تەواوی فەهرەسە کردو گۆڤارو ڕۆژنامەکانیشمان ڕێك‌وپێك کرد ، بەلام نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ژمارەبەگی زۆر کتێبی ئاینی‌مان هەبوو کە زیاتر لە ٥٠٠ر٥ کتێب ئەبوو بەخشیمان بە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی ئێستاش بە هەموو خوێندەوارو ڕۆشنبیران‌و قوتابیانی شارەکەمانی ڕادەگەیەنین کە لە سەرەتای ساڵی نوێوە واتا دوای ١-١-١٩٨٣ کتێبخانەکەمان دەکەینەوەو لە کاتی (٨)ی بەیانیەوە تا دووی پاش نیوەڕۆ ماوەی خوێندەوەی تیا هەبە ٠

● پاشان کاك عبدالرحمن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە لە کتێبخانەکەیان‌دا چنگ دەکەون وتی بەشێکی زۆری مێژوویی‌یە لەگەڵ بابەتی ئەدەبی‌و فەلسەفەو سیاسی‌و ئابوری‌و پەروەردەیی‌و کشت‌و کاڵ‌و زمانەوانی‌و یاسایی‌و ڤۆرز بابەتی‌تر لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤاری عەرەبی‌و کوردی‌و هەندێ زمانی تری بێگانە هەروەها زیاتر لە (٢٥٠) موجەلەدی ڕۆژنامەی کوردی‌و عەرەبی‌و هەندێ لەو ڕۆژنامە کوردبانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی یەکەمی ساڵانی بیستەکان ئەمانەش سەرباری هەموو ژمارەکانی وقائعی عراقی لە سەرەتایەوە تا ئەمڕۆ ٠

● هەروەها دەربارەی ئەو لایەنانەی لە دەولەمەند کردنی ئەم کتێبخانەیەدا هاوبەشیان کردوە وتی پێش هەموویان کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا لەگەڵ هەندێ دەزگای ڕۆشنبیردا وەك دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاو کردنەوەی کوردی‌و کۆڕی زانیاری‌و ژمارەیەك لە نوسەران‌و ڕۆشنبیران وەك مامۆستا ئەحمەد خواجە کە جگە لە بەرهەمەکانی خۆی زیاتر لە دوو صەد کتێبی هەمە جۆری بە نرخی لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕۆژنامەی کوردی ساڵانی بیستەکانی بە کتێبخانەکەمان بەخشیوە ٠٠٠ هەروەها لەم چەند مانگەی دوایەدا بنەماڵەی ئەدیبی ناسراو خوا لێخۆشبو عبدالله جوهر هەموو کتێبخانەکەیانی پێمان بەخشی کە زیاترە لە هەزارو پێنج صەد کتێب بە زمانی کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤاری کوردی‌و عەرەبی ٠

فریا
نوسینگەی سلێمانی

پەردە لادان لە ڕووی باری ڕۆشنبیری لە ئێران

نووسینی : جلال وردە/ (هاوکاری) کردویەتی بەکوردی

ئەوەبوو لە نووسینەکانی لەمەوبەرماندا بە کورتی دەربارەی باری ڕۆشنبیری‌و هونەرو بەهرەداران‌و ڕۆشنبیرانمان لە سەردەمی شاداو لەسەردەمی ڕژێمی خویناوی مەلاکانی قوم‌و تاراندا دووایین کە چۆن ئەوەی مل‌کەچی ئەو ڕژێمە خوێناوی‌یە نەبێت یان لە سێدارەدراوە یان بەندە یاخود چۆتە دەرەوەی وڵات‌و پایتەختێ شارێکی لە ئەوروپا کردۆتە مەڵبەندی ژیان‌و بەرهەڵستکاری خۆی ئەمەشی چارەنووسی ڕۆشنبیرەکانە - لە سێدارەدان **بەندیخانە - خۆشاردنەوەو ڕاکردنە دەرەوەی ئێران ٠ (لە سێدارەدان)**

١ - سەعید سلطانپور : شاعیرو شانۆیی‌و تێکۆشەر

٢ - ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووسی لە حزیرانی ساڵی ١٩٨١دا لە سێدارەدرا ٠

٣ - سیامان فرزایی : سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تاران) کە بەزمانی فەرەنسایی دەردەچوو کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ لە سێدارەدرا ٠

٤ - بزرك ئالافیان : نووسەربوو لە حزیرانی ١٩٨١دا لە سێدارەدرا ٠

شکرالله پاك نجاد : نووسەرو تێکۆشەربوو لە سەرەتای ١٩٨٢ دا لە سێدارە درا ٠

٦ - جیتی نظیری : ئافرەتێکی ناسراوبوو لە ئێزگە دەنگ‌وباسی بڵاوەکردەوەو سەر بە ڕێکخراوی مجاهدی خەلك بوو لە تەموزی ١٩٨٢دا لە سێدارە درا ٠

٧ - علی اکبر : ڕۆژنامەنووسێکی پێشکەوتنخوازبوو لە تەموزی ١٩٨٢دا لە سێدارە درا ٠ بە کورتی ژیانی ئەم لەسێدارەدراوانە وایە ٠

گیراوەکان

١ - نسیم خاکسار : ئەدیب‌و تێکۆشەر ٠

٢ - دکتور جوادی : ئەدیب‌و بڵاوکارێکی پێشکەوتنخواز ٠

٣ - محمد قاخی - وەرگێڕ

٤ - هما ناطق - ئافرەتێکی مێژووزان ٠

٥ - محمد ملکی - ئەدیب‌و تێکۆشەر ٠

٦ - رضا مصطفی رحیمی - ئەدیب‌و ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتنخواز ٠

٧ - باقر پرهام - ئەدیب‌و وەرگێڕ ٠

دکتور جوادی : (علی اصغر حاج سید جوادی)

نووسەرو بڵاوکارێکی پێشکەوتنخوازی ناسراوبوو نووسینەکانی ئەمانەن (هەنگاوێك لە ئەلف‌وبێ)و (دەزگا ڕۆشنبیری‌یەکانی جیهانی سێ‌یەم)و (ئالۆزبوونی نرخەکان)و (قەبڵاندنی نرخەکان ٠ چیرۆك - (شان دادانە سەر دیوار)و (پەنجەرە کوێرەکان)و (لە ناخەوە) ٠

هەروەها نووسینێکیشی بەناوی (عەرەب‌و زایۆنی)یەوە هەیەو کاتی خۆی سێ نامەی دەربارەی سیاسەتی ناهەمواری شا بەرامبەر بە گەلانی ئێران‌و دەسەڵاتی سیاسی ناردووەو سەردەمی خومەینی تووشی شاردنەوەو دوایی گرتن‌و ڕەنگە پاشان لەسێدارەدان بووبێ ٠

محمدی قاضی

خۆی بە بنەچە کوردەو سەردەستەی وەرگێڕکارانی ئێرانە ٠٠ هەرچەندە سەری هەموو سپی بوو بەڵام پارچەیەك بوو لە گورج‌وگۆڵی‌و ئەمانەی وەرگێڕاوە

١ - دان سپی‌یەکە - جاك لندن - ٢ - دوورگەی بەتریرقەکان - ئەناتول فرانس - نزیکەی ٣٠ی وەرگێڕاوی تری هەیە هی نووسەروو ئەدیبە ناودارەکانی جیهان ٠

لەمد دوای‌یەدا ڕژێمی خومەینی‌و دەستەو دایەرەکەی (٨٧) ڕۆشنبیری تێکۆشەریان لە سێدارە داو بە ئاشکرا دەبوت (ڕۆشنبیرەکان لەو چەکانە- ناپەسندترن کە ڕویانمان تێدەکەن ٠

خومەینی لە کۆمارەکەیدا هەموو ڕۆشنبیران لە سێدارە دەدات ٠٠ هەر لەسەرەتای مانگی یەکەمی کۆمارەکەیدا ڕۆشنبیران کەوتنە ڕاکردن‌و ئەمانەش ئەدیب‌و هونەرمەندو خاوەن بیرو وەرزشەوانیش گرتەوە ٠٠ بەلام ئەمانە کە ڕایان کردە دەرەوەی ئێران بۆ ئەوە ڕایان کرد کە تێکۆشانیان دژی ڕژێمەکە بکەن‌و ئیستاش بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەین ٠

١ - دکتۆر موسی موسوی (ئەمە خەباتێکی زانراوی بێ‌پایانی دژی ڕژێمی شاو نووسینی بەنرخی هەیە) ٠

٢ - دکتۆر علی نوری زادە (شاعیرونووسەرو تێکۆشەرێکی ناسراوەو بە عەرەبیش دەنووسی‌و بۆ فارسی وەریان گێڕێ) ٠

٣ - دکتۆر بەهمەن نیرومەند (شاعیرو نووسەرو تێکۆشەرێکی ناسراوە)٠

٤ - سیاوەش بشیری (ڕۆژنامەنووس‌و نووسەرێکی دیموکراتی‌یە ٠

٥ - بهرام هزاری (پارێزەرێکی پێشکەوتنخوازەو

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

فیلۆلۆژی

فیلۆلۆژی لە جیهانی زمانەوانی کوردی‌دازاراوەیەکی نوێیەو زۆرجار لەگەڵ ووشەی زانستی زمان‌دا تێکەڵ دەکرێت ، ئەگەرچی ئەوەی یەکەمیان وەکو هۆیەک لە زمان دەکۆڵێتەوەو ئەوەی‌دووەمیان لە لێکۆڵینەوەی مەبەستی زمانەکەیە خۆی بەواتە لە ژانی زمانەکەدەکۆڵێتەوە ٠

د٠ کوردستانی موکریانی بەغدا

لە زمانی عەرەبی‌دازاراوەی فیلۆلۆژی (فقه اللغه) بە ماوەیەکی زۆر پێش زاراوەی زانستی زمان بەکارهاتووە ، لەگەڵ ئەوەش‌دابەرهەمەکانی بواری فیلۆلۆژی لە زمانی عەرەبی‌دا کەمن گرنگەکانیان دوانن ، کە لەسەدەی چوارەمو پێنجەمی کۆچی‌دا داندراون ٠

لە ئەوروپادا فیلۆلۆژی بەرامبەر بە (Philologg)ی ئینگلیزی‌و (Philologie)ی فەرەنسی‌و (filologia)ی‌رووسی بەکاردێت ٠ لەبواری بەکارهاتنیان‌دا هێندێک جیاوازی هەیە ، بۆوێنە لای ئینگلیز زاراوەی‌فیلۆلۆژی بەرامبەر بە فیلۆلۆژی بەراوردکاری‌بەکاردێت ٠ لەلای ئەڵمان‌ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانە دەگرێتەوە ، کە لە تێکستی ئەدەبی کۆن‌بەتایبەتی تێکستی گریکی‌و رۆمانی کۆن دەکۆڵێتەوە ،بەواتە لەباری رۆشنبیری‌وژیار بکۆڵدرێتەوەو لەژێر تێکستی وێژەیی‌داو بۆفیلۆلۆژی بەراوردکاریش‌زانستی زمانی بەلاوردکاری بەکاردێنن ٠

فیلۆلۆژی بەراوردکاری‌لە سەدەکانی نێوەراست‌دا لەئەوروپادا سەری هەڵدا ، کە زمانانی سانسکریتی‌و گریکی‌ورۆمانی‌و لاتینیان بەراوردەدەکرد ، ئەم رێبازە گرنگە پەردەی لەسەر بوونی‌پێوەندی نێوان زمانانی‌هیندی وئێرانی کۆن‌و گریکی و رۆمانی‌و لاتینی‌داهەڵداوە بەم رێیە شەقڵی‌لێکۆڵینەوەی زمانەوانی پەرەی‌سەندو فراوانترو قووڵتر بوو ٠

زانای ئەڵمانی ـ شلیگل‌لێکچوونی زمانانی ئەوروپی‌وهیندی‌و نێوی نا بە خێزانی هیندی ـ ئەوروپی ٠ لەدوای ئەودا (پۆپ‌و گریم)ی‌ئەڵمانی‌و دەیان زانای دی سواری خۆبان لە گێتی‌لێکۆڵینەوەی زمانەوانی‌جۆراوجۆر ئاودا ، تا ئەم لێکۆڵینەوانە چەندین لقوپۆپیان لێ‌بۆوە ، کە لە ئەنجامدا چەندین قوتابخانەو رێبازیان لێ‌پەیدا بوون ،وەک رێبازی ئەڵمانی،ئیتاڵی ئینگلیزی‌و ئەمریکی‌و هی‌دی ٠

زانستی فیلۆلۆژی گوێی‌بە مێژووی ووشە داوە ،لە دیاڵێکتەکانی خێزانی هیندی ـ ئەوروپی‌کۆڵیوەتەوە ٠ بایەخێکی‌زۆری بە زمانانی کۆنی فیدو سانسکریت‌و ئافێستای‌ناوچەی رۆژهەڵات‌و گریک‌ورۆمانی رۆژئاوایی داوەو لەگەڵ یەکیان بەراوردکردووە ، بۆ گەیشتن بەسەرچاوەی ئەو زمانەی ، کە زمانەکانی هیندی ـئەوروپی لێ‌بۆتەوە ، هەرواگرنگیکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری‌داوە ٠ لەمانەدا ئەوەمان‌بۆ روون دەبێتەوە ، کەوا زمان بۆتە هۆی زانینی‌باری ئابوری ، کۆمەڵایەتی ،ئایینی‌و خوورەوشتی مرۆڤ٠

لەبەر رۆشنایی ئەرکی‌زانستی فیلۆلۆژی‌دا بۆمان‌روون دەبێتەوە ، کەوا کتێبخانەی کوردی لەم بابەتەزانستە گرنگە بێ‌بەشە‌وچاوەڕێی هەوڵ‌و کۆششە بۆ ئەوەی شوێنە ڤالاکانی‌پێ پڕبکەنەوە ٠

دەبارەی رەخنەی هونەری

● جارێك هونەرمەندە رەنگ‌و هێڵەکان کارامانە ئەدا بە گوێی هۆش و گۆشاو خۆی بەدەستیانەوە ماندو ئەکا ، ئەویش بە هۆی دەست داگرتن لەسەر وردبێتی‌و تەزیب دانەوەو دەرخستنی وردەکاری‌و رازاندنەوەو رێکوپێکی ئاشنا بە چاو ٠ ئی‌مەش لە پاشماوەکانی هونەری کلاسی‌و رۆکۆکۆو سروشتی‌و کۆمەڵایەتیەکان‌دا ئەبینرێت٠

✳ علی کریم ✳

● ـ یان هونەرمەند دەست لە داوێنی سروشت‌و لاسایی کردنەوەی روت‌و قوت بەر ئەداو پەنجە ئەختە نهێنیەکانیەوەو کارمەندانە بنەوانی تابلۆکانی لە سەرچاوەی کارەسات‌و ئەو بارو دۆخانەوە هەڵئەگۆزێت کە خۆی هەستی پێ‌ئەکات ٠ وەك هونەری رۆمانتیکی‌و ئاکادیمیەکان ٠

● ـ یان لاسایی‌کردنەوە ڕوو ئەکاتە سادەکاری‌یەکی تەواوو پەل ئەهاوێژێ بۆ بەکێش‌کردن‌و سنور کێشانێکی دوراو دور ، ئەمەش لە هونەری مرۆڤی چەرخە کۆنەکاندا‌و ئەو کەسانەی بە سەلیقە خەریکی ئیشی هونەرین یان لە هونەری مالاندا ئەبینرێ٠ شیوازی ریالیست زۆر ناوو قوتابخانەی لە ژێر سێبەردا کۆئەبێتەوە ٠

١ ـ کلاسی ی بریتی بوو لە رێبازێك کە بە بیری پیرۆزو توانای دەربرین‌و و سۆز بە ئاسانی‌و رەوانی چ لە بارەی شێوە یان ناوەرۆك ، ئەناسرێتەوە ، وەك وێنەی فۆتۆگرافی بۆ گرتبین ٠ کلاسیەکان لە رێکخستن‌و هاو مەنگی‌و گونجاندا سودیان لە کەلەپوری یۆنانی‌و رۆمانی وەرئەگرت ٠

٢ ـ ڕکۆکۆ : شێوازێکی ڕازاندنەوەی پرشنگدارو سەرنج راکێش بوە لە دەربرین‌و کارتێکردندا هونەری ڕابواردن و خۆشی‌و نەرم‌ونیان‌و ئەفسوناوی بوو٠ هونەرمەند لە دەستەلاتدارو نەجیب زادەکان کەسەکانی هەڵئەبژاردو خەڵکە رەش‌و روتەکەشی لە میثولۆجیای ئەگریقی‌و یونانیەوە وەرئەگرت ٠

٣ ـ کلاسی‌ی‌تازە : باس‌وخواسەکانیان لە مێژووەوە هەڵئەێنجا ، رودواوی درامیان‌بۆ نیژکردن‌و دەمارگیرکردنی جەماوەر هەڵئەبژارد ،هونەرمەندانی ئەم رێبازە بە شێوازی بەهێزو رەنگی‌تۆخ‌و گەرم‌و وردەکاری لە ڕوانگەو توێکاری‌و بەرجەستە‌ـ کردن‌دا ئەناسرین بەڵام ڕێنەکانیان سەقامگیری‌و بێ‌جوڵەییان تێدا بەدی ئەکرێ ٠٠

٤ ـ سروشتیەکان : ـهونەرمەندانی ئەم رێبازە باسەکانیان لە ناخی‌ژیانەوە هەڵقولاوەو لە بارو دۆخی سروشت لایان‌نەئەدا ٠ ئەم رێبازە لە ئەنجامی لە شارستانیەت‌بێزاربوون هاتەکایەوە ٠

٥ ـ **کۆمەڵایەتیەکان** :ئەم رێبازە هەندێ کات بە ریالیستی پیشاندانی‌شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و چارەسەرکردن ٠ باسی چینەکانی کۆمەڵی دائەنا ٠ دروشمیان هونەربۆ جەماوەر بوو ، بۆ ئەم مەبەستەش جارەوشەقامەکان ببونە شوێنی پیشاندانی تابلۆکان٠هونەری (ببزەنتی) کاری زۆری تێ‌کردبو بەڵام‌بەرهەمەکانی ئەمان زیندوترو جموجۆڵی زۆتر تێدایە ٠

٦ ـ **رۆمانتیکی** :بە دەربرینی درامی‌و پیشاندانی هەست‌وسۆز‌ـ کە عەقل بە سەریا زاڵە ـ ئەناسرێتەوە ٠ مانای‌تابلۆکان بەرزو پیرۆزن ٠ ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی رەوان وێنەی ترازیدیا ئەکێشێ ٠مرۆڤەکانی ئەم رێبازە ئەوپەڕی سۆزی مرۆڤایەتی‌باری نەفسی‌و هەست‌و نەست بزواندن‌و بەرەوپێشەوەچوون پیشان ئەدەن ٠ رۆمانتیکیەکان‌بە تەسەلی رەنگ‌و دەوڵەمەندی جووڵەئەنا مرێنەوە ٠

٧ ـ **ئاکادیمی** :رێگایەکی فێربونی قوتابخانەییە بناغەکەی هێڵە،رەنگ بۆشاییەکانی نێوان هێڵەکان پڕ ئەکاتەوە ٠دەقاو دەق شتەکان لاسایی ئەکاتەوە ، لە زۆر باریشدالاساییەکی کتومت لە شێوەو رەنگ‌و تاریکی‌و روناکیدا پەیرەو دەکا ٠ باس‌وخواسەکانیش لە ژیانی رۆژانەوە هەڵئەنجراون ٠ ئاواتیان گەیشتنە تەواوی‌و کامڵی‌یە ٠ خزمەتی ئامانجی ئەدەبی‌و رەوشتی‌و فەلسەفی دەکەن ٠

٨ ـ **بینینی ساکار** : ئەمەش لە پاشماوەی مرۆڤی چەرخە کۆنەکاندا بە هونەرمەندانی میللی کە لەرۆشنبیری هونەری بێ‌بەش بوون یان لە وێنەی منداڵاندا بەرچاو ئەکەوێ، کە هەمویان لە داڕشتن‌و تەکنیکدا سادەو بێ‌هێزن ٠ هەندێك لە هونەرمەندان برەویان بەم رێبازە داوەو لەسەری ڕۆیشتون‌و داهێنانی تازەیان خستۆتە پاڵ‌و سەرکەوتنیان بەدی هێناوە٠

هەموو ئەو ناوە هونەریانەی کە رەخنەگرو میژوونوسەکان دایان ناون لە رێ‌رەوی میژوی هونەری دورو درێژدا خستمانە ژێر یەك دەربرینەوە کە ئەویش شێوازی ریالیستە ٠

شێوازی ریالیست بە بەردی بناغەو رێگا خۆشکەری شێوازی داهێنان‌و وردبونەوە دائەنرێت‌و بریتیە لە بەکەم چین لە قەڵای بەرزی هونەر ، ناوەرۆکە بۆ گشت بەهرەوەرێك کە ئامانجی لە شەقەی باڵدان بێت لە ئاسمانی پان‌و بەرینی هونەردا ٠ توێشەبەرەی رێگای دوری هەموو هونەرمەندێکە ، بریتیشە لەو سەرچاوە روونەی کە کەلە هونەرمەندان لە یەکەم

بڕوانە ل : ٧

پاشماوەی

باسی نرخی شاعیرە ناودارەکانمان کەم نەکەینەوە ...

بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ تەرخان کردبوون ، هانی قوتابیانی ئەدا کە بخوێنن هەروەك ئەڵێت!٠(٥)

ئێمە منالین وەطەن ماڵمانە
مامۆستا باوك ، مەکتەب دایکمانە
قوتابی هەموو وەك براماناە
کوردی خۆشەویست نووری چاومانە
ئەبێ نێکۆشین ئەمرۆ مەردانە
چونکەو وەطەنمان چاوی لێمانە

یان لە شیعرێکی ترا ئەڵێت :ـ

ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە عیلم‌و فنوون
میللەتی بێ عیلم‌و دانش هەر زەلیلەو هەر زەبوون

هەر لە پارچە شیعرێکی ترا ئەڵێت :ـ

ڕێی ئاوەدانی قوتابخانەیە
بۆ بەرزی وەطەن ، ئەو نیشانەیە
بە سەعی‌و عەمەل ، بە عیلم‌و بە فەن
بڵندی بکەن بەیداخی وەطەن

ئەمانەو چەندەها نموونەی تر لە دیوانەکەیا (بە هەردوو بەشەکەیەوە چاپکراوو چاپ نەکراوە ٠ کەیەوە)(٦) بەرچاو ئەکەون کە باسی خوێندەواری ئەکاو دەوری زانست‌و خوێندەواری دەرخستووە کە چۆن ئەبێتە هۆی پێش‌کەوتنی باری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری بەڵام نازانم شارەزا بە چ بەڵگەیەکەوە ئەم بابەتەیشی لە بابەتەکانی تر بێ‌نرخترو لاوازتر کردووە ؟٠٠

وا دیارە کە ئاگاداری ئەو شیعرانە نی‌یە کە لە دیوانە چاپ نەکراوەکەیا هەن ، ئەی بۆ ئەم شیعرەی خوارەوە ئەڵێت چی کە مامۆستا زێوەر فەرموویەتی کە ئەڵێت :ـ

من منداڵی بچووکم ، مەکتەبە ڕۆح‌و سەرم
بە سەعی‌و خۆشی ، دەرسم ئەکەمە بەرم
سەعی گەر ماندووم ئەکا ، شادم دەرسم ڕەوانە
منداڵێ کە تەمەڵ بێ ، خوێری ناو کۆڵانانە
دنیا چاوی ڕۆشن بوو ، بە سایەی عیلم‌و فەن بوو
ئەی ڕەفیقانی مەکتەب ڕۆژی عیلم‌و عیرفانە

مامۆستا زێوەر گەلێ لەوە شایستەترو بەرزترە کەوا بەو شێوەیە باسی بکرێ‌و لەنرخ‌و پایەی کەم‌بکرێتەوە ، چونکە زێوەر ئەستێرەیەکی گەشی ئەدەبی کوردی بوو ، ئەو زێوەرەی کە لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بەو پەڕی شانازی‌یەوە باوەشی بۆ شیعرە بە تام‌و بەسۆزەکانی ، شیعرو تەڕو پاراوەکانی ئەکردەوە ، زێوەرێك کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٦دا لە شاری سولەیمانی بووبێت مامۆستای (اعدادیەی مولکی)و ماوەی سی ساڵی ڕەبەق منداڵانی کوردی فێری خوێندن‌و خوێندەواری کردبێ‌و هەزاران ڕۆڵەی نیشتمانی کردووە بە خوێندەوار ، چۆن ئەم هەڵە گەورەیەی ئەدرێتە پاڵ کە شیعرەکانی لەم ڕووە لاوازو تەنکاوی پێوە دیار بێت ؟!

ئەم قسەیە نەمەنتیق قبوڵی ئەکا نە واقعیش دانی پیا ئەنێ ، کەواتە لەوەندە زیاتر ناڵێم کە با لە خۆوە شت نەڵێین‌و بگەینەقەناعەت‌و ڕاستی ئەوساکە هەڵوێستی خۆمان دەربڕین ٠

شارەزا ئەوەشی‌لەیاد چووە کە زێوەری نەمر تاقەو یەکەم شاعیرە بیری لەوە کردۆتەوە شیعر بۆ منداڵان بڵێت با هەندێکیشیان لە زمانێکی ترەوە کردبنی بە کوردی ، یان بە دەربڕینێکی زانیاریانەتر بڵێین ئەدەبی منداڵان زیاتر لە شیعرە بەتام‌و ڕەنگینەکانی زێوەردا ڕەنگی داوەتەوە و منداڵان‌و قوتابیانی کورد تاکو ئەمڕۆش قاڵ٠بووی ئەو شیعرە بەرزانەن و دیوانەکەی گەلێ نموونەی لەم بابەتەی تێدایە ٠٠

لایەنێکی تر لە پسپۆری شیعری زێوەر « سروودەکانیەتی » ئەو سروودانەی کە تاکو ئەمڕۆ لە گەلێ لە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان‌دا لە کاتی پێز بوونی بەبانیان‌دا ئەوترێ‌و ئەوترێتەوە ٠٠٠ نازانم بۆچ شارەزا ئەم لایەنەی باس نەکردووە ٠ بە یەکێك لە پسپۆری شیعری زێوەری دانەناوە ؟ کەواتە ئێستا ئەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی کە زێوەر پسپۆری شیعری لە غەزەڵ‌و وەسف‌و شیعری کۆمەڵایەتی‌و نیشتیمان‌پەروەری‌و چیرۆك‌و خوێندن‌و خوێندەواری‌و سروودو ئەدەبی منداڵان‌دا بووەو زۆر بە چاکیشی سەرکەوتنی تەواوی بەدەس هێناوەو سوارچاکی لەو مەبدانەدا نواندووە نەك لە « غەزەڵ‌و وەسفدا »وەك ئەو باسی کردووە ٠

ئەمە جگە لەوەی باسی شیعری ئاینیم نەکردووە چونکە مامۆستا زێوەر خۆی پیاوێکی ئایینی بووەو تەنانەت زۆربەی شیعرەکانی بە شەربعەتی ئیسلامەوە بەستۆتەوە ٠

شارەزا لەپاڵ‌ئەو شتانەی زۆر بە کورتی‌و ناتەواوی لێیان دواوە ، گەلێ لایەنی تری فەرامۆش کردووە ، چونکە مامۆستا زێوەر لەپاڵ پسپۆری شیعری (غەزەڵ‌و وەسفە) کەی‌دا ، پسپۆری شیعری نەتەوەییشی بووە ، هەرچەندە ئەو لەم ڕووەوەپارچە شیعرێکی بە نموونە هێناوەتەوەو بە ئیجابی باسی کردووە ، بەڵام نرخی تەواوی نەداوەتێ ٠٠

دوا وشە تەنها ئەوەندە ئەڵێم :ـ

وا دیارە مامۆستا ئاگاداری ئەوە نی‌یە کە دیوانەکەی (٢٦٦) پارچە شیعری تێدایە جگە لە کۆمەڵێ شیعری کە بە زمانی تورکی‌و فارسی بە (موناسەبەتەوە) داینناون (٧) بێ‌گومان زۆربەی ئەم شیعرانە هێشتا چاپ نەکراون ، بۆیە چاك وایە هەر کەسێ ویستی لەسەر شاعیرێ بنووسێ ، بە تایبەتی شاعیرە کلاسیکی‌یەکان ، پێویستە تەواوی بەرهەمەکانی لەبەر دەستا بێت ئەوسا حوکم بدات ، ئەگەر وا نەبوو با بەخۆرایی‌و بێ‌سوو نەنووسێ و لە نرخی شاعیرە ناودارەکانمان کەم نەکەنەوە ٠ مەبەستیشم پاك‌و بێ گەردە ، ڕێزیشم بۆ کاك کەریم ٠٠

سەرچاوەو پەراوێز

١ ـ دیوانی پیرەمێردی نەمر ل ٢٤٦ ٠
٢ ـ گۆڤاری کاروان ل٦٩ ٠
٣ ـ ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٤٦زدا چاپ کراو ٠
٤ ـ دیوانەکەی زێوەر لە ساڵی ١٩٥٧زدا بۆ یەکەم جار لە لایەن نامەخانەی زێوەرەوە لە قەوارەی «١٢٢» لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە ، لە کورتەیەکی ەیانی بەولاوە دیراسەو باسێکی تێدا نی‌یە ، شیعرەکانیشی تەنها بەشی یەکەمیەتی و بەشەکانی‌تر ئامادەی چاپ کراون و بەم زوانە ئەکەوێتە ژێر چاپەوەو نوسەری ئەم وتارە لەمێژەوە ئەم‌کارەی بە ئەنجام هێناوە ٠

وە گەلێ لایەنی شارەوەو گەلێ لەو لایەنانەی بەهەڵە دەربارەی زێوەر باس کراوە ڕوون‌و ساغ کراونەتەوە، هیوادارم لە دەرفەتێکی ترا بە دوورو درێژی هەموو لایەنەکانی ئەم شاعیرە بەوەفاو دڵسۆزەی کورد ڕوون بکەمەوە ٠

شیعرێکی تازەی حەزوڵی خانی

محمود زامدار ـ

لەژمارە (١٢)ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٧ (١٣٣٥) ی رۆمی گۆڤاری (ژین) کە گۆڤارێکی (ئەدەبی ، اجتماعی ، اقتصادی !!) بوو لەساڵی (١٩١٥)وە لەئەستەمووڵ‌و بەدوو زمانی تورکی‌و کوردی دەرئەچوو ، خاوەنی ئیمتیازو لێپرسراویشی (اشرف حمزه) بوو ، لەچاپخانەی (نجم استقبال)یش چاپ ئەکرا ، پارچەشیعرێکی چوارخشتەکی ، شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی‌و لەژێرناوی (حضرت شیخ احمدی خانی) دا بڵاوکراوەتەوە ٠٠ لەبەر بایەخی ئەم مەسەلە کەلەپووری‌و رۆشنبیری‌یەو لەبەردەوری هەرەدیارو ئاشکرای (حەزرەتی خانی) لەسەرجەمی ئەدەبی مەلحەمی‌و کلاسیکی کوردی‌دا ، وا لێرەدا دەقی ئەو شیعرە بڵاوئەکەبنەوە ، کە بێگومان ئەم شیعرەش بەردێکی زێڕینی تری کۆشك‌وتەلاری بەرزی (خانی) نەمرەو (٦٥) ساڵ بەر لەئەمڕۆش بڵاوکراوەتەوەو بەڵگەبەکەو قابیلی مشتومڕ نیە ٠٠!!

زاهیدی خیلوەت نشین ، پابەندی کرداری خویە
تاجیری ریحلەت گوزین ، دڵداری دیداری خویە
عاشقی دڵبەر جەبین ، دلناری دیناری خویە
دابزانی هەرکەسەك ، بێ‌شوبهە غەمخواری خویە

● ● ●

بێ‌عەمەل تو ژکەس مەکە هیڤی عەتاو هیممەتی
بێ‌غەرەز ناکیشتن قەت‌کەس ، ژ بو کەس زەحمەتی
کەس نهەن هەڵگرت باری نەئەوبی ، ئوجرەتی
گەر چ یمسا بت ، ئەوی ڤێکرا کەروباری خویە

● ● ●

هشیاربی دانەکی عومری خۆبی ، حاسل تەلەق
کو نەدایە ، فایدە ، ماڵ ، گەنج‌و ئەولادو خەلەق
ماجەرایی خدری دیوار ، یەتیمی بو سەلەق
ڤی زەمانێ هەرکەسەك میعماری دیواری خویە

● ● ●

«خانیا» زایع مەکە ، وەقتی‌خو ، ئەی‌نادان عەبەس
بێ‌تەڵەب نابی ، ژ عەشقی بەهرەمەند ، ئەی بەلهەوەس
سانعی موتلەق ، گونینە ، ئیحتیاجی وی بەکەس
لوتفو ئیحسان ژوی دەرحەق تەڵەب‌کاری خویە

Institut kurde de Paris

رووداوەکان بەوێنە

هەڵدانی کەشتی ئاسمانی سویوز ژمارە ٧ کە دوو کەشتیەوانی پیاوو یەکێکی نافرەتی تیایە ٠

وێنەی سالیوت ژمارە ٧ کە لە ئاسماندایە ٠

نیشتنەوەی کەشتیەوانەکە بەهوی پەرەشوتەوە ٠

تەواوکردنی پرۆژەی پەرەپێدان لە دهۆك

٦٧ قوتابخانەو ٣٠ تازەدێو هەندێ خانوو

تەواوکردنی کۆمەڵێك پرۆژەی پەرەپێدان لە دهۆك

لەگەڵ باری شەڕی دوژمندا

ئامرازەکانی وەزارەتی حوکمرانی ناوخۆ کۆمەڵێ لە پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەروەردەو پەرەپێدانی تەواوکردوە لەوانەی کە لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی دوژمنانەی ڕژێمی ئێرانەوە دەستی پێکراوە بەرامبەر بە وڵاتە تێکوشەرەکەمان ٠

بەڕێز نامق رقیب احمد پارێزەری دهۆك وتی ئەم پرۆژانە دەکەونە زۆر لای پارێزگاکەوەو بریتین لە ١١ قوتابخانەی سەرەتایی کە لە نێوان ٩ تا ٢٤ پۆلیان تیایەو ٣٤ قوتابخانەی ناوەندی و سانەوی و ٣٩ پرۆژەی پەروەردە و سێ تازەدێ کە تێکڕا ژمارەی خانووەکانیان دەگاتە ١٨٠٠ خانوو لەگەڵ بنکەیەکی تیمارکردن و دەرماندا ٠

هەروەها وتی بێجگە لەمە پرۆژەکان بریتین لە ١٠٧ خانوو بۆ مووچەخۆران و مەڵبەندێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەرژمارەکردنی دهۆك و مەڵبەندێك بۆ نووسینگای پاسپۆرت لە ناحیەی ابراهیم الخلیل‌دا و ١٢ باخچەی منالان و گەنجینەیەکی ساردو دەرەوە کە هەموو ١٢ کیلۆمەتر درێژن و خانوویەك بۆ دادپەروەری گشتی و کارگەیەکی دارتاشی

هەروەها بەڕێز پارێزەر باسی کۆششی ئامرازەکانی حوکمرانی ناوخۆی کرد کە لە پارێزگادا ئەیکەن بۆ بەردەوامبوونی ئیش‌وکار لە هەندێکی تر لە پرۆژەی هاووێنەدا وەك دروستکردنی ١٠٥٠ خانوو کە دەکرێنە تازەدێ و ٢٠٥ خانووی تر بۆ نیشتەجێکردنی مووچەخۆران و چوار بینای حوکمەتی لەقەزای ئامێدی و ناحیەکانی زاوبتەو باتوفەو دیرالوکدا بێجگە لەو مەڵبەندە کە بۆ ئاگرکوژاندنەوە لە زاخۆدا دروستدەکرێ و دوو بنکەی تەندروستی و خێوەتگای کەشافە لە زاویتەو شەش قوتابخانەی سەرەتایی و ١٥ ی ناوەندی و سانەوی و ٨ باخچەی منال و بەشێك بۆ هونەری پیشەسازی لە سەرسنگ و ٥ بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیان ٠

پەرەسەندنی ـ پاشماوە

تەپۆلکەکانی کەنووچەکەندمان کە دەکەونە ناوچەی بانە ـ سەردەشتەوە رووبان‌داوە ٠

رادیۆکە گەزافی ئەوەی‌لێ‌داوە کە هێزەکانی ڕژێم داگیری‌کردووە بەڵام هیچی تری نەووتووە ٠

هەروەها ووتوویەتی ژمارەیەکی زۆری شۆڕشگێڕەکوردەکان لەم پێکداهەڵپڕا ـ نانەدا کوژراون بێ‌ئەوەی‌بڵێت چەند بوون جگە لەوەی‌باسی کوژراوانی پێزی هێزەکانی ڕژێمی نەکردووە٠

سەدەی ـ پاشماوە

٥ ـ لە قۆناغی یەکەمدا پێشەوایانی بووژاندنەوە بایەخێکی زۆریان دا بە بەرهەمە فیکری‌یەکانی پێش دەرەبەگایەتی ، وانە بەرهەمی ئەو چەرخەی تێیدا زانایان تەوقی بەکاتۆلیکی‌کردن نەخرابووە گەردنیان ٠ ئەوانە لە هەموو شت زیاتر گرنگی‌یان بەزیان‌و نادەمیزاد دەدا ـ باوەڕێکی نەگۆڕیان هەبوو بەوەی کە دەتوانن لەپاش دەیان‌و سەدانی ساڵەی زوڵم‌و ستەمی سەدەکانی ناوەڕاست ، بگەڕێنەوە سەر ڕێبازەکەی خۆیان‌و ئاوڕ لەژیانی ڕاستەقینە بدەنەوەو هەوڵی تێ‌گەیشتنی سروشت بدەن‌و تەعبیری لێ بکەن‌و لەڕێگەی ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆنەوە سوود وەربگرن ٠ کەلەپووری کۆندا گەیشتە رادەیەك خەڵکی بەدرێژایی هەوڵدانی ئەمانە لە پێناوی زیندووکردنەوەی سەدەی چوارده و پانزە لایان وابوو دیاردەکانی بووژاندنەوە تەنها بریتی‌یە لە زیندووکردنەوەی ئەو زانستانەی لەسەردەمی گریك‌و ڕۆماندا باو بوون ٠ بەجۆرێکی تر بڵێین : خەڵکی هەستیان بەوە نەدەکرد کە سەرهەڵدانی ئەو دیاردە نوێیانە ئەنجامێکی سروشتی‌و ئەو پێداویستە کۆمەڵایەتی‌یە تازانە بوو چەند قۆناغێك سنووری کۆمەڵی کۆنیان بەجێ هێشتبوو ، ناوەڕۆکیشیان بریتی بوو لەو داهێنان‌و دۆزراوە نوێیانەی لەسەدەکانی پێشوودا نەك هەر بیریان لێ نەدەکرابەوە ، بەڵکو پێویستیشیان پێیان بوو کەواتە هۆیەکانی بووژاندنەوە ، وەك لە پێشترا باسیان لێوەکرا بەجۆرێك لەکۆمەڵدا ڕەگیان داکوتابوو ، لەوە دەرچووبوون بەتەنها بریتی بن لە بووژاندنەوەی کەلەپووری کۆن ، یاخود ئەنجامی هەرەس‌هێنانی «فوستەنتەنی‌یە» و پەڕینەوەی «بیزەنتی‌یەکان»و دەستنووسە گریکی‌یەکان بووبێ بۆ ئیتالیا ، وەك ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان پێی لەسەر دادەگرن ٠ نەخێر ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە : «ئەوروپا بە ئاگا هاتبووەوەو بە پەرۆشەوە هەڵبەی بۆ زانستی نوێ دەکرد » ٠ جا لەبەر ئەوەی بەئاگا هاتبووەو ئارەزووی زانست‌و زانیاری تازە دەکرد ناچار بوو بۆگەیشتن بەم مەبەستە پیرۆزە لە هەموو لایەنێکەوە پەلوپۆ بهاوێژێ ، بۆیە ڕۆڵەکانی کەوتن بەسەر «لێکۆڵینەوەی لایەنە پشت‌گوێ خراوەکانی گەنجینەی کلاسیزم کە تا ئەو کاتە لەبیر کرابوون » ٠ لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بووژاندنەوە «قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ڕەوتی گەشەکردنی بیر »(٢٤) نەك وێنەیەکی کتومتی ڕابوردوو ، وەك لە بابەتەکانی داهاتوودا ڕوون دەبێتەو٠

بەراوێزی پێویست :

٢١ ـ یەکێکە لە ناودارترین هۆمانیستەکانی سەدەی بووژاندنەوە ٠ بۆ زیاتر تێ‌گەیشتن ، بڕوانە ئەو بەشەی بۆ ناودارانی بووژاندنەوە تەرخان کراوە ٠

٢٢ ـ
The Rencissence and the Reformation 1300 - 1600, Edited by. D. Weinstain New York 1955, P. 19.

٢٣ ـ لە زووەوە زانکۆکانی فەرەنسا بایەخێکی گەورەیان بە یاسا داوە ، تەنانەت ژمارەی فاکولتەی یاسا لە ڕێکخستنی کاروباری نێو دەوڵەتاندا جێگایەکی تایبەتی هەیە ٠

A. J. Grant A history, of Europe, Part II London, 1929 PP. 463 - 465.

* ـ ڕێبازی ڕادیکالی «ڕادیکالیزم» بۆ ڕێبازەی دەوونرێ کە دەبەوی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ ٠ ئەم ڕێبازە سیاسی‌یە لەگەڵ نەش‌و نماکردنی پیشەسازییدا هاتە ناوناوانەوەو دەیوبست کۆمەڵ لە کۆت‌و پێوەندی دەرەبەگایەتی ڕزگاربکا ٠

لەم سەردەمەبشدا « ڕادیکالیزم» ئەو ڕێبازە دەگرێتەوە «چەپ بان ڕاست » کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجدا ، زێدەڕۆیی «تطرف» دەکا ٠

ـ وەرگێڕ ـ

* ـ بەبڕوای من ئەم دیاردەیە ئەگەرچی یەکێکە لە خاسی‌یەتەکانی سەدەکانی بووژاندنەوە ، شتێکی سروشتی بووە ، چونکە پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریی لەو کاتەدا نەگەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کار دابەش بکا «تقسیم العمل الرأسمالی»و بەو جۆرە خۆی بسەپێنێ کە لە قۆناغی ئێستای سەرمایەداریدا بەدی دەکرێ٠ یەکێك لە خاسی‌یەتەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی دابەش‌کردنی کارە بەو جۆرەی هەرکەسە لە بواریکی تایبەتیدا هەڵبسووڕێ ٠ ئەمەبش وا لە نادەمیزاد دەکا ، ماوەی داهێنان لە بەردەم نووسەرو هونەچەند وزانایانداا بێنێتەوە یەك ـ وەگێڕ ـ

«گرانت» لە کۆتایی رایەکەی سەرەوەیدا دەڵی:

« بووژاندنەوە قۆناغێك بوو لە قۆناغەکانی ڕەوتی گەشەکردنی بیر لە ئەوروپادا » بەڵام ئێمە ووشەی دوابیمان لەو قسەیەی وەرنەگرت ، چونکە لەتەك ئەو رایەی پێشوومانداا کە لە خاڵی یەکەمی خاسی‌یەتەکانی بووژاندنەوەدا باسمان کردووە ناگونجێ ٠ ئەمەبش سەبارەت بەوەی کە زەمینەی بووژاندنەوە مەوداکەی زۆر لەوە فراوانترە کە بە بووژاندنەوەی ئەوروپا لەقەڵەم بدرێ ٠ بەپێچەوانەوە دیاردەکانی مۆرکی سەرجەم مرۆڤایەتی‌یان پێوە دیارە ٠

دەربارەی ـ پاشماوە

هەنگاویانا لێویان لێی‌تەڕ کردوە ٠

ڕیالیست ڕێگاو قۆناغ‌وشێوەیەکە کە پێویستە گشت هونەرمەندێك شارەزای بێت ـ چونکە شێوازیکی فێرکردنە ـ بێش ئەوەی بەرەو شێوازی تایبەتی خۆی هەنگاو بنێت ٠

زیادبوونی ـ پاشماوە

وەزیری ناوخۆی ئێران لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی‌دا پاش گفت‌و گۆکە ووتوویەتی‌گە داوای لە پاکستان کردووە ئەو هەڵاتووانە بگێڕێتەوە کەهەڵاتوونەتە پاکستان !

ساڵی‌نوێ ـ پاشماوە

ئێران‌و دووژمنەکانی تری گەلانی ناوچەکە کردو بەوپەری توانا‌و لەگەڵ ئیمپریالیزمداو دژی میللەتی عەرەب‌و گەلانی نازادیخوازی ناوچەکە کاردەکەن ٠

بەڵێ وا دەست دەکەینە ملی ساڵێکی نوێ‌و میللەتە بەجەرگەکەمان لەو شەرە ڕەوایەدایە کە ڕژێمی ئێرانی ڕەگەز پەرست بەسەریاندا سەپانیو لەوبەرێ توانا‌و ئەسەڵاتەوە داوای شەروەستانەنمان کە کەچی ڕژێمی خلەفاوی ئێران وەك گەلانی نازادیخوازی ئێرانی دۆزیبێتەوەو بایەخیان پێ‌نەدات لە لایەکەوە بە کۆمەڵ دەیانئێرێتە بەرەکانی جەنگ‌و بەکوشتیان دەدات‌و لە لایەکی ترەوە بەسەدانیان لە سێدارە دەدات‌و دەیانکوژێ ٠

بەڵام گەلانی ئێران چەکیان دژی ئەم ڕژێمە بێ‌مێشکە هەڵگرت‌و هەموو لە پاریس لە بازنەی یەك خەباتی گشتیدا کۆبوونەوەو لەناو شارو دێهاتەکانی ئێراندا دەستیان دایە چەك بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە خوێناوی‌یە ٠

گەلە کوردەکەشمان یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ئێراندا بێ‌بەشی هەموو مافێکی نەتەوەی‌و ڕەوای خۆیەتی وەك هەموو گەلانی ئێران دەستی داوەتە چەك‌و شان‌بەشانی هەموو برایەکی لە ئێراندا دژی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە خەبات دەکات‌و دەستی دلێرانەی لە هەموو لایەکەوە لێ‌دەوەشێنێ ٠

بەم بۆنەیەوە کە بۆنەیەکی پیرۆزوو گەورەیە داوا لە هەموو خویندکارو کرێکار .. لە هەموو کەسێك دەکەین کە چۆن دڵسۆزانە لە دەوری

سەرکردایەتی‌یە بەتواناو بەجەرگەکەیان کە ڕۆژەی گەل صدام حسین ڕابەری‌دەکات گۆبوونەتەوەو بێ دەربەست فوربانی دەدەن‌و کاردەکەن‌و بەرهەمی چاك وەدی دەهێنن هەمیشە ئاگاداری ئەوەبن دەستبڵاو نەبن‌و ئەو پارەیەی کە ئەنجامی ئەو بەرهەمە بەکەڵك‌و بە پیتە دێتە دەستیان وەك جاران بۆ خزمەت‌و پێشکەوتنی خۆیان‌و گەشەسەندنی وڵاتەکەیان چونکە چەند عیراقمان سەربەست‌و پەرەسەندووبێ میللەتەکەشمان ئەوەندە بەختیارو پێشکەوتوو دەبێ‌و لەو باوەڕەشدااین کە میللەکەمان لەو شەرەیدا کە لەگەڵ ڕژێمی پەرپووتی ئێراندا دەیکات دەری خست‌و دەری دەخات کە ئەو توانایەی هەیە بە دەستێك بەرگری لەسەر بەستی‌و کامەرانی وڵاتەکەمان بکات‌و بەدەستەکەی تری بەرهەم وەبەربهێنێ‌و پێشبکەوێت ٠

باری ڕۆشنبیری ـ پاشماوە

سەرەکی دەستەی پارێزەرانی ئەسفەهان‌بوو ٠

٦ ـ ناصر شێرخانی (نووسەر) ٠

٧ ـ دکتۆر عباس امیری (دوکتۆرا لە زانینی سیاسیدا) ٠

٨ ـ غلام حسین باقر زادە (مامۆستای ماتماتیك)٠

٩ ـ م٠ م رزم (نعمت میرزا زادە) (شاعیرو تێکۆشەرێکی ناسراو)

١٠ ـ عبدالله فتح‌الله ئەقدەسی (شاعیرو تێکۆشەرو کوردێکی ناسراوە) ٠

١١ ـ ئەمیر طاهری (ڕۆژنامەنووس) ٠

١٢ ـ سید جبار مهدون (زۆرانباز) ٠

ڕۆژنامەنووسی ـ پاشماوە

٤ ـ دەبێ ڕۆژنامەنووس بەتەواوی ئامادەی تۆمارکردنی قسەکان‌بێ ، ئیتر بە ریکۆردبێ یان نووسین ٠

لە حاڵەتێکدا کە ڕۆژنامە نووس ڕێکۆردی پێ‌بێ ، دەبێ ئاگاداری‌بێ کە : یەکەم باش ئیش دەکات ، دووەم ئەو شتانەی قسەکەر وتوونی سەرە قەڵەمیان بنوسێ ، چونکە گەلێ جار ڕۆژنامە نووسی ریکۆردەکەی لەکیسی دەچێ یان خراپ دەبێ (زۆر جار وا ڕوودەدات کە ریکۆردەکە دەدزرێ یان دەستی بەسەردا دەگیرێ ، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە لە دەرەوەی وڵاتەکەیدابێ یان وڵاتەکەی لە بارێکی ئالۆزدابێ) ٠

جارێکیان خوالێ‌خۆش‌بوو (قەشە مەکاریۆسی ، سەرۆکی قوبروس ، قسەی بۆ ڕۆژنامە نووسێکی (پیرۆ) کردبوو ، ڕۆژنامەنووسەکەش قسەکانی لەسەر شرێتێ تۆمار کردبوو ، بێ‌ئەوەی سەرەقەڵەمی ئەو قسانە لەلای خۆی بنووسێ ٠

کە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی ، دەبینێ قسەکان ون بوون ، دوایی بۆی دەردەکەوێ کە گۆرانی‌یەك کە بەدڵی‌بووە ، لە سەر هەمان شریت تۆماری کردووەو وای زانیوە ئەمە ئەو شریتە کە قسەکانی لەسەر تۆمار کردووە ٠ بەمەش هەڵێکی چاکی لەکیسی خۆی‌و ڕۆژنامەکەی دا ٠

٥ ـ ڕۆژنامە نووس‌هەوڵی گەیاندنی قسەکە بە دەقاو دەقی یان کورتەیەکی بدات ، بەبێ ئەوەی یاری بە ناوەڕۆکی بکات ٠

٦ ـ کات لەسەر ئەو پرسیارانە دەوەستێ کە بەڕۆژنامە نووسەکەیە ، جا ئەگەر لێ‌پرسراوەکە نیو سەعاتی لە کاتی خۆی دابە ڕۆژنامەنووسەکە دەبێ ئەویش پرسیاری گونجاوی وا هەڵبژێرێ کە کاتی وەڵامدانەوەیان لەو کاتە تەرخان‌کراوە تێ‌نەپەڕێ ، ئەگینا چاوپێ‌کەوتنەکە لەدەست دەچێ یا تێك دەچێ ٠

لێپرسراوێتی‌و شێوازی‌مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەندی‌یەکان‌دابوو ٠

ئەم ڕاگەیەنراوە پاش سەرنەکەوتنی ڕژێم بووە کە نەیتوانیوە تاوانەکانی ئەوکەسانە بشارێتەوەو ڕقی جەماوەر دژی بەڵاوبوونەوەی‌خرابەکاری لە دام‌و دەزگاکانی دەستەڵاتداریتی‌دا کەم بکاتەوە ٠

ڕژێمی مەلا ئیلیژکی‌یە درندەکانی ئێران وەك هەموو ڕژێمێکی درندەی‌تر پشت بە توندوتیژی‌و کوشتن‌و برین دەبەستێ‌و (باری کۆماری موسوڵمان) بریتی‌یە لە ڕێکخراوێکی توندوتیژو (ساڤاما)ش ئەو ڕێکخراوە نوێ‌یەیە کە خومەینی‌یەکان لە جێی (ساڤاك) دایانناوەو پاسدارانیشیان هەبە (پارتی خودا)ش هەن کە ئەمانە گشت خاوەنی دەسەڵاتن‌و لەوکەسانە پێکهاتوون کە لە کۆمەڵدا چارە نەویستراون‌و هەرچی‌یەك بکەن دەربەست نین‌و ڕژێمی ئێران یارمەتیان دەدات‌و خزمەتیان دەکات ٠

تەواو

Institut kurde de Paris

ساڵی نوێ

سەرکەوتنی زیاتری گەلان و نوچدانی زیاتری ئیمپریالی

مصلح جەلالی

لەم رۆژانەدا دەستە دەکەینە ملی ساڵیکی نوێ کە ساڵی ١٩٨٣یەو پیرۆزبایی لە هەموو هەستێکی پێشکەوتنخوازوو هەموو ئەو رۆلانەی میللەتەکەمان دەکەین کە لە کارگەو کێڵگەو بەرەکانی جەنگ و بوارەکانی تری کاردا دلسۆزانە بۆ عیراقێکی پێشکەوتووترو میللەتێکی شادوو خۆشگوزەرانتر بێ دەربەست کاردەکاتو بەرگری لە سەربەستی خاکەکەیو لە سەربەرزی رۆلەکانی عیراقمان دەکات .

لە ساڵی رابووردوودا گەلانی پێشکەوتنخواز لە گەلێ رووەوە سەرکەوتنیان بەخۆوە بینیو دەستی توند لە ئیمپریالیزمو زایۆنیو رەگەزپەرستان وەشێنرا .

هەندێ لە گەلانی ئەورووپای رۆژئاواش پێشکەوتنو گۆڕانیان بەخۆیانەوە بینیو لەکەل ئەوەی کە ئەم رژێمانە سەرمایەدارینن بەلام پارتە سۆشیالیستەکان توانیویانە لە خۆبەستنەوە بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو کلکایەتی کردن نەك تەنیا باری ئابووریان دەتوێو دەیێتە هۆی بەرپابوونی بێئیشیو دواکەوتن .. بەم پێیە هەندێك لەم ولاتانە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەورووپا دەبێ سەربەست بێو بنکە سووپایەکانی ئەمریکا لە زیان زیاتر هیچ قازانجێکیان پێ ناگەیەنێو دەبێ بازاڕی هاوکێی ئەورووپا لە دەسەلاتی دۆلار دوور بێو ئەمەش لەو کاتەدا دەرکەوت کە هەندێ لە گەلانی ئەورووپا دژی چەسپاندنی موشەکی ئەتۆمداری ئەمریکا لە ولاتەکانیاندا خۆپیشاندانیان کردوو ناقایلی خۆیان دەربڕیو لەو دەمەشدا باشتر دەرکەوت کە ئەمریکا دەیویست ولاتانی ئەورووپا دژی گازی سوڤیەت بووەستنو نەیکڕنو لەم رووەوە سەرەکی فەرەنسا میتران وتی : ئێمە لەمامەلەکردنماندا لەگەل هەموو ولاتێکدا سەربەستینو هیچ پێویستیەکمان بە ئەمریکا نیە کە مەرجی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێ .

ئەوەیش کە لە هەموورووداوەکانی ساڵی پار زیاتری خایاند مەسەلەی دەستدرێژی رژێمی نالەباری ئێران بوو بۆ سەر عیراقو هێرشی درندانەی زایۆنی بوو بۆ سەر هێزی بەرگری فەلەستینو بۆسەر گەلی تێکۆشەری لوبنان .. ئەم دوو دەستدرێژیە کە دەگرێتەسەر گەلانی دوو ولاتی وەك عیراقو لوبنانو سەر پێشکەوتنو بەختیاری ئەم دوو تەلەو سەرگەلی ئازادیخوازی فەلەستین .. هەندێ بەجنسیە عەرەب هەن لە لایەکەوە دەستیان خستۆتە ناو دەستی ئیمپریالیزمو زایۆنیەوە بۆ لێدانی ئەو فەلەستینیانەی کە لە خوارووی لوبناندانو دەیانەوێ چەکەکانیان پێدانینو لە رێگەیەکی ترەوە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی لوبنانیش چاوشکێن بکەنو مەیدانی رەگەزپەرستیو خوێن مژینو چەوساندنەوەی گەلانی ناوچەکە بۆ ئیمپریالیزمو بۆ زایۆنی خۆش بکەنو بە دەستەکەی تریشیان یارمەتی رژێمی ئێرانی نەفام دەدەنو بە هەموو جۆرێك دژی رژێمی پێشکەوتنخوازی عیراقو گەلی نەبەردی عیراق پشتی دەگرنو لای لێدەکەنەوە .

بەلام ئەوەی کە لەم خۆفرۆشانە نەشاراوەیە ئەوەیە ئەمڕۆ رۆژی سەرکەوتنی گەلانەو میللەتێکی تێکۆشەری وەك فەلەستین کە ئەمڕۆ لە هەموو ساتێکی بەهێزتربێو گەلانی جیهان لایەنی بگرنو شانبەشانی رۆنە نەبەردە ئازادیخوازەکانی لوبنان دژی هەموو جۆرە داگیرکردنو دەستدرێژیەك خەباتی چەکدارانە بکەنو میللەتێکی پتەوی وەك میللەتی عیراق کە سەرکردایەتیەکی بێوێنەی هەیەو بەرگری لە سەربەستی ولاتو پێشکەوتنو بەختیاری خۆی بکات دیارە هەرگیز سەر بۆ نیازو هەرەشەو شەڕی خۆفرۆشو پیاوانی ئیمپریالیزمو زایۆنیو رژێمی پووچەڵی ئێران داناوێنو سەربەرزانە بەرەنگاری دوژمن رادەوستنو دەستی پاڵەوانانەیان لێدەوەشێنو سەرکەوتن گومانی تێدانییە کە بۆ گەلانی عیراقو فەلەستینو لوبنانو گەلانی ئێرانەو کەوتنو تێکشکان هەمیشە چارەنووسی خۆفرۆشو بەگرێگیراوانە .

ئەم خۆفرۆشانە وەك لە کۆنگرەی بالای (فاسدا) هەرچییەك نهێنیو ئاشکرا باسکرابوو .. هاتن وشە بە وشە پێشکەشی رژێمی رەگەزپەرستی

بروانە ل : ٧

ساڵی سەرکەوتن ...

هەموو ساڵو سەرکەوتنی گەورەتر

سبەینی ، ماڵ ئاوایی لەساڵی ١٩٨٢ دەکەینو بەدووسبەی پێشوازی ساڵی نوێ دەکەین ، ساڵی ١٩٨٣ .. کە ساڵی بەرێ دەکەینو ساڵێکی تر پێشوازی دەکەین ... لەم عیراقەخۆشەویستە لەسایەی ڕێبازی شۆڕشی مەزنی ١٧ - ٣٠ تەموزەوە لە لوتکەی سەرکەوتندایە ... هەموو عیراقیەکی شەرەفمەند ، هەست بەشادمانیو سەربەرزی زیاتر دەکات چونکە ، هەموو ساڵێکی تەمەنی زیاتر بەرەو لوتکەدەروات ، بەسەرکەوتنەوەکاروانەکەی دوعا خوازی لە ساڵی رابووردوو دەکاتو بەباوەڕی پتەوتر سبەینێی روونا کتر پێشوازی ساڵی نوێ دەکات ...

ساڵی ١٩٨٢مان ، لەگەل تەمەنی شۆڕشدا ساڵی سەرکەوتنی زیاتر بوو ، هەموو ساڵیش کە دێ سەرکەوتن ، بە سەربەرزیو باوەری زیاترەوە بۆ عیراقو کاروانی عیراقو رابەری عیراق بەدی دێت ..

عیراق سەرکەوت ، وە هەر سەرکەوتو دەبێ، یەکێتی نیشتمانی زیاتر توندو تۆڵو پتەو بوو ... دەستکەوتەی زیاترمان بۆ گەل بەدی هێنا ، کاروان بەردەوام دەروات و راناوەستێ ...

● لە ناوچەی کوردستاندا ، نوتۆنومی ، کە مافی رەوای گەلی کوردمانە ، زیاتر چەسپاو ئەمساڵ هەنگاوی دلسۆزانەو بەپێی راسپاردەی راستەوخۆی رابەری کاروان صدام حسین، هەنگاوی دلسۆزانەی زیاتر نرا بۆ قولکردنەوەی مانای ئەم دەستکەوتە گەورەیە ، بەرامبەر بەوە گەلی کورد ، زیاتر لە دەوری سەرکردایەتی عیراقی بەهێز کۆبووەوە ، زیاتر ئامادەیی قوربانی دانو بەشداری راستەوخۆی بیناکاری عیراقی یەکێتیو برایەتی بوو ..

● شۆڕش ئەمساڵ ، کاروانی بیناکاری دروست کردنی عیراقی نوێی زیاتر لەعیراقی سەربەرزوشۆڕشدا پەرە پێداو سەرەرای باری جەنگ ، هەموو لایەنێکی ژیان هەر لە برەو دایە .

● ساڵی ١٩٨٢ زیاتر ئاڵای سەرکەوتنی عیراق شەکایەوە ، لەو جەنگە نارەوایەی رژێمی نەفامی ئێران بەسەریا سەپاندین بەهێزو باوەری زیاترەوە روو بەرووی بووینو هەموو رۆژی خەونە چەپەڵەکانی رژێمی ئێرانمان لەسەر سنووری سەربەرزی عیراق گۆڕ دەکرد ... لە رۆژهەڵاتی بەسرەو لە رۆژهەڵاتی میسانو لە کەرتی مەندەلیو لە هەموو بەرەکانی جەنگ ، هێزەکانی دوژمن بەدەستی پۆلاینی جەنگاوەرانی عیراق بوونە پەندی زەمانە .

● وە .. وا ساڵ بەرێ دەکەینو پێشوازی ساڵی نوێ دەکەین ، عیراق هەر سەربەزرەو هەر سەربەرز دەمێنێتەوە ، عیراق هەستاوەتەوە تا باڵا بەرزو سەربەرزو سەرکەوتوو بروات ، بەرەو پێشەوەو بەرەو سەرکەوتنی زیاتر ، بۆ بەختەوەری عیراقیەکان بە کوردو عەرەبەوە ، بەرابەری رۆلەی دلسۆزی گەل صدام حسین ..

● ئەمساڵمان .. ساڵی سەرکەوتن بوو هەموو ساڵمان هەر ساڵی سەرکەوتن دەبێت ... عیراقی لونکە زیاتر تیشکی سەرکەوتنی بە دنیا دەگەیەنێ تیشکی حەق خوازان شادمان دەکاتو چاوی دوژمنانی عیراق کوێر دەکات .

ئەوانەی نامرن میزوولەبیرتان ناکات

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر

● خوێنی هاوسەری شەهیدم بوو بە رۆشنایی یەك بۆ گەلە ئازاکەم تاکو هەمیشە چاوچنۆکەکانی تاران بزانن کە ئێمە خاوەنی میژوویو بۆ سەرفرازیو بەختیاری گەل تێدەکۆشین.. ئەمە وتەی شیرینی خوشکە « فاطمە علی اسماعیل » بووکە ئاراستەی هاوسەری خۆی کرد ...

- فاطمەخان تۆ وەك ئافرەتێکی رۆشنبیر چۆن دەروانیە ئەو هەڵوێستە پیرۆزەتان .. ؟

● رژێمی خومەینی کە بیەوێ شەڕ بەردەوام بێتو چەپۆکی درندانە بگرێتە خاکی پیرۆزمان ، ئەی نابێ ئێمە چەك هەڵگرین بۆ پارێزگاری لێکردنی ... کەواتە هاوسەری منو هەموو شەهیدێکی ئەم وولاتە لاپەڕەکانی میژووی ئازایەتی عیراقیان نەخشاند ... سڵاو لەگیانیانو چەپکەگوڵ بۆ مەزارەکانیان ...

نیکول کالفان لە ئەکتەری سینەماییەوە رووی کردۆتە گۆرانی ، ئەم هونەرمەندە فەرەنسایە لەسینەمادا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوەو کە رووبشی کردە گۆرانی وتن لەوە دەچێ هەرسەرکەوتوبێ چونکە ووتویە بەهەمان ئارەزووی خۆش ویستنی هەردوو هونەرەکە دەرۆم .

سینەماو ... گۆرانی

جیهانی رەنگاورەنگ

شاگردەکانی کازۆ

هەموو بەبانیەك کۆمەڵی منالی کوڕو کچ کە تەمەنیان لە نێوان ٨ تا ١٥ ساڵدایە لەماڵی پیاوێکی ژاپۆنیدا کۆدەبنەوە کە ناوی کازۆمیواکیەو خەریکی دروستکردنی ئۆتۆمۆبیلی سێ پێچکەی بچکۆلەن بۆ خۆیان.. منالەکان لەشەکەی دروستدەکەنو کازۆیش مەکینەو بارچە کارەبایی یەکانی دروستدەکا .. خێرایی ئەم ئۆتۆمبیلانە لە (٢٥) کیلۆمەترتێناپەڕێ بەلام بەسوودە بۆ منالەکان .. چونکە لەلایەکەوە خۆیانی بێ خەریك دەکەنو لە شوێنی ئارامو دووردا فێری لێخورین دەبنو لە لایەکی ترشەوە هەر لە هێلکەوە فێری پیشەسازیو ئۆتۆمبیل دروستکردن دەبن .

وەرن سەیری ئەقینەوە کەن

دانیشتوانی شاری کلیفلاندی وڵاتی ئۆهایۆ لە ئەمەریکا تەقینەوەو وێرانکردنی گەورەترین تەلاری شارەکەیان بە چاوی خۆیان بینی . ئەمەیش پاش ئەوە ڕوویدا کەکۆمپانیای نەوتی ئۆهایۆ بڕیاری ڕووخاندنی گەورەترین تەلاری شارەکەی دا کە ناوی کیاهۆجا یەو بە شێوەی دروستکردنەکەی بەناوبانگە لەگەل تەلاری ولیامزدا .

هەرچەندە خەڵکی شارەکەو کۆمەڵی پاراستنی کەلەپووری میژوویی دژی ئەمە وەستان بەلام چەند دەقیقەیە زیاتری پێ نەچووئەو تەلارە لەبەر چاوا نەماو زرمەیەکی وای لێوە هات هەرگیز ئەو خەڵکە لەبیریان نەچێتەوە .

شیعر بۆ منالان :

ڤووتابی .. زیرەك ..

من ڤووتابیم زیرەکم
پێنووسە ئەمڕۆ چەکم
ڤووتابخانە ماڵمە
وانەکەم خەیاڵمە
وانەی ئەمڕۆ ئەخوێنم
پەرتوکەکەم ئەدوێنم
قەت ناکەم هارەهاری
دەرچوونە بۆ من دیاری
کاتێ خوێندنم تەواو
ئەوجا ئەچم بۆ یاری

● وشیار ئەحمەد ●

هاوکاری

ڕۆژگاری رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی » / تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پینج خەت

چاپکراوی نوێ

نووسەری کورد

ژمارە ٩ی خولی دووەمی گۆڤاری نووسەری کورد لەم دواییەدا بڵاوکرابەوە ، لەم ژمارەیەدا گەلێ باسو بابەتی ئەدەبی : شیعر ، چیرۆك لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەتەوە کە کە ژمارەیەکی باشی لەنووسەران بەشداریان تیا کردوە

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد

Institut Kurde de Paris